کاتی ئەوەیە هەرچی توانامان هەیە بەکاری بهێنین بۆ ئەوەی شەڕ کۆتایی بێت

ناوچە کوردنشینەکانی باکووری سووریا تووشی پەلاماردان و دۆخێکی مەترسیدار بوونەتەوە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5847) یەک شەممە 13ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



پەیامێک لە سەرۆک بارزانییەوە بۆ ڕای گشتیی کوردستان:

هۆکارەکان هەرچییەک بووبن کاتی موزایەداتی بێهوودە و بۆچوونی عاتیفی نییە

پێویستە ڕێگە لە گۆڕینی دیموگرافیی ئەو ناوچەیە بگیرێت



دوێنێ شەممە 2019/10/12 سەرۆک بارزانی لەبارەی دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان و هەوڵەکانی کۆتاییهێنان بە شەڕ پەیامێکی بڵاوکردەوە. سەرۆک بارزانی لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد، سەرباری ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا هەوڵی زۆرمان دا کە شەڕ و ناسەقامگیری لە گەلی کورد لە سووریا دوور بکەوێتەوە و چیتر نەهامەتی و کارەسات ڕوو نەدەن، بەڵام لە چەند ڕۆژی ڕابردوو ناوچە کوردنشینەکانی باکووری سووریا تووشی پەلاماردان و دۆخێکی مەترسیدار بوونەتەوە. هەروەها جەختیشی کردەوە کە بەردەوامبوونی شەڕ و ئەو دۆخە مەترسیدارە، هەڕەشەیەکی زۆر جدییە بۆ سەر ژیانی خەڵک و ئاسایش و سەقامگیریی کۆی ناوچەکە دەکاتە ئامانج.

ئەمەش دەقی پەیامەکەی سەرۆک بارزانی-یە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

سەرباری ئەوەی لە ماوەی ڕابردوو هەوڵی زۆرمان دا کە شەڕ و ناسەقامگیری لە گەلی کورد لە سووریا دوور بکەوێتەوە و چیتر نەهامەتی و کارەسات ڕوونەدەن، بەڵام بەداخەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو ناوچە کوردنشینەکانی باکووری سووریا تووشی پەلاماردان و دۆخێکی مەترسیدار بوونەتەوە. بەردەوامبوونی شەڕ و ئەو دۆخە مەترسیدارە، هەڕەشەیەکی زۆر جدییە بۆ سەر ژیانی خەڵک و ئاسایش و سەقامگیریی کۆی ناوچەکە دەکاتە ئامانج.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم بە خەڵکی خۆڕاگری کوردستان و لایەنەکان ڕابگەیێنم کە، هۆکارەکانی ئەو شەڕە هەرچییەک بووبن و هەر لایەنێک کەمتەرخەم بووبێت یان دەستی لەم دۆخە ترسناکە هەبووبێت، ئێستا کات، کاتی موزایەداتی بێهوودە و بۆچوونی عاتیفی و هەڵچوون نییە. کاتی ئەوەیە کە هەموو لایەکمان هەرچی هەوڵ و توانامان هەیە بەکاری بهێنین بۆ ئەوەی کۆتایی بەو شەڕە بێت و چیتر خەڵکی بێ تاوان باجی ئەو دۆخە مەترسیدارە نەدەن و ڕێگەیش لە گۆڕینی دیموگرافیی ئەو ناوچەیە بگیرێت.

مسعود بارزانی

2019/10/12

کۆمکاری عەرەبی ئیدانەی هێرشەکەی تورکیا دەکات

جیهان سەرکۆنەی دەستدرێژییەکەی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاڤا دەکات

ئەڵمانیا و هۆڵەندا و نەرویژ و سوید و فینلاند بڕیاریاندا چەک بە تورکیا نەفرۆشن

دوای ئەوەی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو تورکیا هێرشی کردە سەر ڕۆژئاوای کوردستان و کاردانەوەی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و ناوخۆیی لێکەوتەوە، زۆربەی وڵاتان دژی لەشکرکێشییەکەی تورکیا وەستاونەتەوە. وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکاش هێرشەکەی تورکیا بە هەڕەشە دەزانێت و هەروەها ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەڕەنسا داوای دەستبەجێ ڕاگرتنی جەنگەکە دەکات. لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش لە هەولێر و سلێمانی و زۆربەی شار و شارۆچکەکان خۆپیشاندان و ناڕەزایی لێکەوتووەتەوە.

(ڕاپۆرتێک لە ل4 بخوێنەوە)



هاوڵاتیانی شاری بەرشلۆنەی ئیسپانی دژی هێرشکردنە سەر ڕۆژئاوای کوردستان خۆیان نیشاندا

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی:

لە هەوڵی بەردەوامداین و بۆ هەموو نێوانگیری و هاوکارییەک ئامادەین

لە پەیامێکدا دەربارەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ڕۆژهەڵاتی فورات لە سووریا، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان وێڕای دەربڕینی دڵگرانی و نیگەرانی، داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایش کرد ڕۆڵی خۆیان بۆ ڕاگرتنی شەڕ و گێرانەوەی ئاشتی بگێڕن، هەروەها ڕایگەیاند کە ئامادەی هەموو نێوانگیری و هاوکارییەکە بۆ ڕاگرتنی شەڕ، بۆ ئەم مەبەستەش لە هەوڵی بەردەوام دایە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

دەزگای خێرخوازیی بارزانی:

هەزاران مرۆڤی بێگوناح لە ژن و منداڵ مەترسی لەسەر ژیانییان هەیە

دوێنێ شەممە دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە بانگەوازێکدا ڕایدەگەیەنێ، دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان لە ڕەوشێکی مرۆیی نالەبار و خراپ دایە، هەزاران مرۆڤی بێگوناح لە ژن و منداڵ مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە، هاوکات ئامادەیی تەواوی دەربڕیوە بۆ بەهاناوەچوونی خەڵکی سڤیلی ڕۆژئاوای کوردستان. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

14 لایەنی سیاسیی هەرێم سێ داواکاری ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن

هێرشەکانی تورکیا خزمەت بە تیرۆرستان و تونددڕەوان دەکات

بەیانی دوێنێ شەممە بە بەشداری 14 پارت و لایەنی سیاسیی کوردستان لە شاری هەولێر بەهۆی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان یاداشتێکیان دایە نەتەوە یەکگرتووەکان. لەبەشێکی یاداشتەکەدا هاتووە دیسان لەبەر چاوی وڵاتانی دونیا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کورد دووبارە دەبێتەوە قوربانی لەبێدەنگ بوونی وڵاتان و هاوپەیمانەکانی. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆکی ڕەوتی غەددی سووریا دەکات

دوێنێ شەمە 2019/10/12 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە شێخ ئەحمەد عاسی ئەلجەربا سەرۆکی تەیاری غەددی سووریا و شاندێکی یاوەری کرد. لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسیی سووریا و دواپێشهاتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان تاوتوێ کرا. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی نیگەرانییەکانی خۆی لەمەڕ چارەنووسی گەلی کورد لە سووریا و ئاوارەبوونی خەڵک و کارەسات و نەهامەتیی زیاتر بۆ گەلی کورد لە سووریا بۆ شاندی میوان خستەڕوو.

پرسەنامەی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەوانی ناسراوی عێراقی عەدنان حوسێن



سەرۆک بارزانی، لە پەیامێکدا بەبۆنەی کۆچی دوایی (عەدنان حوسێن) نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ئازادیخواز و ناسراوی عێراقی، پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی خانەوادەکەی و سەرجەم ڕۆژنامەنووسان دەکات. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی خاوەن هەڵوێست و ناسراوی عێراقی، (عەدنان حوسێن)مان پێگەیشت و زۆر خەمباری کردین.

کۆچکردوو دۆستێکی بەوەفای گەلەکەمان بوو و وەک کەسێکی ئازادیخواز و ڕاستگۆ، هەمیشە بەرگری لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد و زوڵمێکراوان دەکرد. لەم بۆنە خەمناکەدا سەرەخۆشی لە بنەماڵەی کۆچکردوو و تەواوی نووسەر و ڕۆژنامەوانان و هاوڕێیانی کۆچکردوو دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم. لە خوای گەورە دەپارێینەوە گیانی عەدنان حوسێن بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و ئارامییش بەهەموولایەک ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

مسعود بارزانی
2019/10/11

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی:

بە نیگەرانییەکی قوواڵەوە لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ڕۆژهەاڵتی فوراتدەڕوانین

داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایش دەکەین چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ ئایندەی سووریا بدۆزنەوە



لە پەیامێکدا دەربارەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ڕۆژهەاڵتی فوراتلە سووریا، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان وێڕای دەربڕینی دڵگرانی و نیگەرانی، داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایش کرد ڕۆڵی خۆیان بۆ ڕاگرتنی شەڕ و گێڕانەوەی ئاشتی بگێڕن، هەروەها ڕایگەیاند کە ئامادەی هەموو نێوانگیری و هاوکارییەکە بۆ ڕاگرتنی شەڕ، بۆ ئەم مەبەستەش لە هەوڵی بەردەوام دایە.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

هەر لە سەرەتاوە بە وردی هەڕەشە و مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆریش جددیتر و گەورەتر دەکات.

ئێمە کە لە هەرێمی کوردستان و عێراق قوربانییەکی زۆرمان بۆ تێکشکاندنی تیرۆر داوە و مەینەتییەکانی شەڕمان بینیوە، زۆر بە نیگەرانی و هەستیارییەوە لە ئاڵۆزبوونی دۆخەکە و تێکچوونی ئاسایش و نەمانی سەقامگیری دەڕوانین کە دەرەنجامی چاوەڕواننەکراو و مەترسیدار بۆ ناوچەکە و جیهان لێ دەکەوێتەوە، بۆیە لەپێناو ڕاگرتنی شەڕ و دڕووستکردنی ئارامیدا، لە هەوڵی بەردەوامدایین و بۆ هەموو نێوانگیری و هاوکارییەک ئامادەین.

شەڕ و پێکدادان تەنیا ئاڵۆزی و پشێوی و مەترسی لە ناوچەکە زیاد دەکات، دەسکەوتەکانی تێکشکاندنی داعش لەناو دەبات و لە بەرژەوەندیی هیچ لایەنێکدا نابێت، بۆیە داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایش دەکەین چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ ئایندەی سووریا بدۆزێتەوە بە جۆرێک مافی هەموو پێکهاتەکانی تیادا پارێزراو بێت و بە جددی ڕۆڵی خۆی بۆ ڕاگرتنی شەڕ و گەڕانەوەی سەقامگیری و پاراستنی ئاشتی و دیالۆگ و ڕێگەچارەی سیاسی بگێڕێت و ڕێگە نەدرێت خەڵکی سڤیل دەربەدەر و ئاوارە بن.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/10/10

مەسرور بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی نووسەری عێراقی عەدنان حوسێن پرسەنامەیەک بڵاودەکاتەوە

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەبۆنەی کۆچی دوایی (عەدنان حوسێن) نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ناسراوی عێراقی، پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی دەکات، کە ڕۆژی 10ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری 2019 بەهۆی نەخۆشییەوە لە لەندەن کۆچی دوایی کرد.

دەقی پرسەنامەکەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ناسراوی عێراقی، (عەدنان حوسێن)مان پێگەیشت، کە بەردەوام هزر و قەڵەمە ئازادەکەی لە پێناو بەرگریکردن لە گەلی کورد و ستەملێکراوان و گەلانی چەوساوە تەرخان کردبوو. سەرەخۆشی لە بنەماڵەی کۆچکردوو و نووسەر و ڕۆژنامەوانان دەکەین و خوای گەورە بە بەهەشتی شاد بکات و ئارامیش بە کەسوکاری ببەخشێت .

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2019/10/10

پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کۆچی دوایی نووسەر و ڕووناکبیر عەدنان حوسێن

بەبۆنەی کۆچی دوایی ڕۆشنبیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و خەباتکاری ناسراوی عێراق عەدنان حوسێن هەوە، پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادەی بەڕێزی خوالێخۆشبوو و کەسوکار و دۆست و هاوڕێیانی و تەواوی گەلانی عێراق دەکەین و هاوخەمیانین.

عەدنان حوسێن دۆستێکی دڵسۆز و ڕاستەقینەی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان و تێکۆشەرێکی بوێر و ماندوونەناسی بزاقی دیموکراتی نیشتمانیی عێراق و قەڵەمێکی بە بڕشت و ناوێکی دیاری ڕووناکبیری و مەدەنیەتخوازی بوو. لەگەڵ باوەڕەکانی خۆی ڕاستگۆ بوو، هەر لەو پێناوەشدا سالانێک لە چیاکانی کوردستان شانبەشانی پێشمەرگە چەکی خەبات و ڕووبەڕووبوونەوەی کردە شان. عەدنان حوسێن بە هەڵوێست و بە قەڵەم و بە بیر و باوەڕی ڕۆشنگەرانەی، هەموو ژیانی خۆی بۆ ئازادی و دیموکراسی و دادوەریی کۆمەڵایەتی و لێبووردەیی و لە دژی شۆڤێنیزم و دیکتاتوری تەرخان کرد، هەر لەو ڕوانگە مرۆییەشەوە بە دڵ پەرۆش و پشتیوانی گەلی کوردستان و مافە ڕەواکانی بوو. یاد و هەڵوێستەکانی، لە ویژدانی گەلی کوردستاندا بۆ هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

گیانی ئەو شاد و سەبووری و دڵنەوایی بۆ هەمووان.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/10/10

14 لایەنی سیاسیی هەرێم سێ داواکاری ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن

هێرشەکانی تورکیا خزمەت بە تیرۆرستان و تونداڕەوان دەکات



بەیانی دوێنێ شەمە بە بەشداری 14 پارت و لایەنی سیاسیی کوردستان لە شاری هەولێر بەهۆی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان یاداشتێکیان دایە نەتەوە یەکگرتووەکان.

لەبەشێکی یاداشتەکەدا هاتووە دیسان لەبەر چاوی وڵاتانی دونیا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کورد دووبارە دەبێتەوە قوربانی لەبێدەنگ بوونی وڵاتان و هاوپەیمانەکانی.

لایەنەکان ڕاشیدەگەیەنن: لەنێستادا دۆخەکە بە ئاڕاستەیەک دەڕوات کە زەرەرمەندی یەکەم و کۆتایی کورد و گەلانی ڕۆژئاوای کوردستانە لەو هێرشە ناڕەوایەی دەکرێتە سەری لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە. دەشڵێن ئەم هێرشە خزمەت بە تیرۆرستان و تونداڕەوان دەکات و مەترسی سەرهەڵدانەوەی گروپی تیرۆرستی داعش دەبێتەوە.

حاجی مەسیفی، نوێنەری یەکێتی لە لیژنەی لایەنە سیاسییەکان لە پڕێس کۆنفرانسێکدا وەک نوێنەری حزبەکان ڕایگەیاند: لەو یاداشتەدا کە داوامانەتە نەتەوە یەکگرتووەکان سێ داواکارمان بە ناوی 14 لایەنی سیاسی دایە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەوانیش بەڵێنیان دا داواکارییەکانیان بگەینە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان.

لەبارەی داواکارییەکانیش گوتی: لە سێ خاڵدا داوامان کردووە نەتەوە یەکگرتووەکان سنووریک بۆ هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دابنێت.

ڕاشیگەیاند: لە بەشێکی دیکەی یاداشتەکەدا داوامان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە پشتگیریی کوردانی چوار پارچەی کوردستان بکەن بۆ هەڵبژاردنی بڕیاری سیاسی و دیموکراسی پاڵپشتیی گەلی کوردستان بکەن.

داواشمان کردووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیریی گەلانی جیهان بکات و بەپێی بەیاننامە نێودەوڵەتییەکان مافەکانی مرۆڤ و ئارامی و ئاسایش بۆ گەلان دابین بکات. ئەو خۆپیشاندانە بە بەشداریی 14 لایەنی سیاسی لە شاری هەولێر ئەنجام درا و پاڵپشتیی خۆیان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاند و داواشیان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد هەوڵی ڕاگرتنی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دابنێت.

پرسەنامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆچی دوایی نووسەر و ڕووناکبیر (عەدنان حوسێن)

بەڕێزان خانەوادەی ڕووناکبیری تێکۆشەری عێراق (عەدنان حوسێن)

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی ڕووناکبیر و تێکۆشەری ناسراوی عێراقی (عەدنان حوسێن)مان بیست، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و هاوخەبات و هاوپیشە و دۆستانی خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمان بە هاوبەش و شەریکی خەمتان دەزانین.

ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیری عێراقی (عەدنان حوسێن) تێکۆشەرێکی دێرین و بەهەڵوێست بوو، بۆ ماوەی پەنجا ساڵ تەمەنی لە هەلومەرجی نالەباری خەباتی شاخ و تاراوگەدا لە خەبات وهەوڵ و کۆشش لەپێناو پرسی ئازادی و دیموکراسی و بەها مرۆییەکان، بەسەربردووە، هەروەها نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی دیار و بەرچاو بووە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا جێدەستی ڕوون و کاریگەر بووە.

خوالێخۆشبوو (عەدنان حوسێن) لە سەرەتای حەفتاکان دەستی بە کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە، ماوەیەک سەرۆکی سەندیکای نیشتیمانی ڕۆژنامەنووسان بووە، دواجار سەرنووسەری ڕۆژنامەی(المدی)بووە و کەسایەتیەکی ناسراو و یەکێک بوو لە داکۆکیکارانی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان، هەروەها نووسەرێکی بوێری بواری میدیا و ڕۆشنبیریی بوو دژ بە ستەم وگەندەڵی و نمونەی کەسایەتیەکەی لەخۆبردو و دڵسۆز بوو بەرامبەر بە کێشە نیشتیمانی و ئینسانیەکان.

دووبارە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و جێگای ئەو ڕووناکیرە کۆچکردووەیش بەهەشتی بەرین بێت.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/10/12

مەسرور بارزانی:

گرنگیی زیاتر بە تۆێژینەوەی زانستی دەدەین و پشتیوانی لە تۆێژەرە سەرکەوتووەکانی زانکۆ دەکەین

لەو پێشهاتانەی لە سووریا رووەدەن نیگەرانین و دژی هەموو توندوتیژییەکین





پشتیوانیی حکوومەتی عادل عەبدولمەهدی دەکەین لە دابینکردنی مافی هاووڵاتیان

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە رێوڕەسمی دەرچوونی سەلاحەددین لە هەولێر پیرۆزبایی لە دەرچووان کرد و رایگەیاند، بە بەشداریکردن لە رێوڕەسمی دەرچوونی 38ەمین خولی زانکۆی سەلاحەددین خۆشحاڵە، کە تێیدا زیاتر لە 5 هەزار قوتابی خوێندنی زانکۆیی لە 15 کۆلێژی زانکۆکەیان تەواو کرد و بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان بەدەستهێناوە.

سەرۆکی حکوومەت سوپاسی سەرۆکایەتیی زانکۆ و مامۆستایان و فەرمانبەرانی کرد کە رۆڵیان لە پێگەیاندنی ئەو قوتابییانە هەبووە. هەروەها سوپاسی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کرد، کە بۆ پاراستنی ئارامیی و سەقامگیریی، گیانی خۆیان بەخت کردووە. رووندکردەوە، لە کارنامەی کابینەی نۆیەمدا، پەروەردە و خوێندنی بااڵ گرنگیی تایبەتیان پێ دراوە، ئەو کەرتانەش زامنی ئابووریەکی بەهێز و کۆمەڵگەیەکی سەقامگیرن.

مەسرور بارزانی دووپاتیشی کردەوە، گرنگیی زیاتر بە توێژینەوەی زانستی دەدەن و پشتیوانی لە توێژەرە سەرکەوتووەکانی زانکۆ دەکەن.

پەیوەست بە پەرەپێدان بەو کەرتە رایگەیاند، زانکۆکان باشتر ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی توێژینەوە زانستییەکانیان ببەسترێنەوە بە چارەسەرکردنی پرسەکانی هەرێمی کوردستان و پەرە بە پرۆگرامەکانی خوێندن بدەن و لە سیستەمە پێشکەوتووەکانی جیهان نزیک بکەونەوە، ئەوەش کاریگەریی لەسەر ئاستی کارامەیی و لێهاتوویی دەرچووان دەبێت.

باسی لەوەش کرد، بۆ یەکەم جار ئەمساڵ توانرا 96٪ دەرچووانی 12ی ئامادەیی لە زانکۆ و پەیمانگا حکوومییەکان وەربگیرێن و کرێی خوێندن لە خوێندنی پارالێل بە 45٪ کەم بکەینەوە.

هاوکات پەیامێکی ئاراستەی دەرچووان کرد و رایگەیاند، پرۆسەی فێربوون لێرەدا کۆتایی نایەت و دەبێت بەردەوام بن لە پەرەپێدانی تواناکانتان و بڕواشتان بە تواناکانتان هەبێت.

رووندیشی کردەوە ئێوە مافی رەوای خۆتانە کە خەونی بەدەستهێنانی هەڵی کار و ئابووریەکی سەقامگیرتان هەبێت، بەاڵم دەبێت ئەو راستییەش لە بەرچاو بگرن، کە حکوومەت ناتوانێت هەڵی کار بۆ هەموو دەرچووانی زانکۆ تەرخان بکات، بەڵکوو دەبێت کەرتی تایبەت و کەرتە پیشەسازییەکان بەشدار و هاوکار بن.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، ئاماژەی بەوە کرد، هەوڵێکی چڕیان داوە لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ، بۆ چارەسەرکردنی پرسە هەڵواسراوەکان و پێشکەوتنی زۆر لەو گفتوگۆیانەدا هاتوونەتە دەست و چاوەڕێن بگەنە ئەنجام و رێککەوتنی کۆتایی لەسەر گرفتەکان.

باسی لەوەش کرد، کە لە چەند رۆژی رابردوودا، هەندێک نائارامیی لە عێراق رووبان دا و گوتی: ئێمە پشتیوانی لە مافە رەواکانی هاووڵاتیان دەکەین، هاوکات پشتیوانیی حکوومەتی عادل عەبدولمەهدی دەکەین لە دابینکردنی مافی هاووڵاتیان.

مەسرور بارزانی، سەبارەت بە دۆخی رۆژئاوای کوردستان رایگەیاند، لە سووریا رووداوی خێرا رووەدەن، لەو پێشهاتانەی لەوێ رووەدەن نیگەرانین و دژی هەموو توندوتیژییەکین، پێمانوایە تەنیا بە گفتوگۆ، ئاشتی و سەقامگیریی دێتەدی. رووندیشی کردەوە، چارەسەری ئاشتییانە و دادپەروەرانە کە مافی هەموو پێکهاتەکان دەستەبەر بکات، تاکە رێگەیە بۆ هێنانەدی سەقامگیریی بەردەوام لە ناوچەکە و هاوخەمیشی بۆ کەسوکاری قوربانییان و هاووڵاتیانی سڤیل دەربڕی و هیوای خواست بە زووترین کات ئەم شەڕە کۆتایی بێت.

لە کۆتاییشدا گوتی: سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاسی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستانی کرد و داوای کرد خەڵک و حکوومەت بە یەکەوە ڕووبەڕووی هەموو ئەگەر و پێشهاتەکان ببنەوە.

ئاماژەی بەوەش کرد، ئەگەر بارودۆخی هەرێم لەگەڵ وڵاتان و ناوچەکانی دەوروبەر بەراورد بکەین، دەبینین کە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی باشتر و ئارامتر و بەرزتر دایە، بۆیە پێویستە بە هەموان بیپارێزێن.

گوتیشی: ئێمە ئەرکی پاراستنی مافەکانی ئێوە و خزمەتکردنی ئێوەمان لەسەر شانە، با بەیەکەوە کوردستانێکی بەهێز بنیات بنێین.

لە کۆتاییشدا گوتی: پیرۆزبایی لە سەرجەم دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکانی دیکەی کوردستان دەکەم و هیوای دوارۆژێکی گەشتان بۆ دەخوازم.. هەمیشە شاد و سەرفراز و سەرکەوتوو بن.. کوردستانیش هەر ئاوەدان و بەهێزتر بێت.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی:

هەزاران مرۆڤی بێگوناح لە ژن و منداڵ مەترسی لەسەر ژیانییان هەیە

ئامادەیی تەواومان هەیە بۆ بە هاناوەچوونی خەڵکی سڤیلی رۆژئاوای کوردستان



دوێنێ شەممە دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە بانگەوازێکدا رایدەگەیەنێ، دۆخی رۆژئاوای کوردستان لە ڕەوشێکی مرۆیی نالەبار و خراپ دایە، هەزاران مرۆڤی بێگوناح لە ژن و منداڵ مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە، بەم هۆیەوە ماڵ و حاڵیان بەجێهێشتووە و ئاوارەبوون. دەزگاکە هیواشی خواستووە هەرچی زووە کۆتایی بە شەڕ و مانۆڤرانی بێت، هاوکات ئامادەیی تەواوی دەربڕیوە بۆ بەهاناوەچوونی خەڵکی سڤیلی رۆژئاوای کوردستان. ئەمەش دەقی بانگەوازەکەیە:

بانگەوازێک لە (دەزگای خێرخوازیی بارزانی)یەوە

بارودۆخی رۆژئاوای کوردستان لە ڕەوشێکی مرۆیی نالەبار و خراپ دایە، هەزاران مرۆڤی بێگوناح لە ژن و منداڵ مەترسی لەسەر ژیانییان هەیە و بەو هۆیەشەوە ماڵ و حاڵیان بەجێهێشتووە و ئاوارەبوون.

لە کاتێکدا هیوادارین هەرچی زووە کۆتایی بەشەڕ و مانۆڤرانی بێت، هاوکات ڕایدەگەینێ ئامادەیی تەواومان هەیە بۆ بە هاناوە چوونی خەڵکی سڤیلی رۆژئاوای کوردستان و داوا لە لەسەرجەم کوردستانییان، رێکخراو و دەزگا مرۆییە جیهانییەکان دەکەین، هەروەک چۆن لە رابردوودا لە رێگەی (دەزگای خێرخوازیی بارزانی)یەوە هاوکاریتان پێشکەشی خەڵکی ئاوارە و پەنابەر کردووە، بە هەمان شێوە پاڵپشتمان بن بۆ ئەوەی بە هانای خەڵکی سڤیلی رۆژئاوای کوردستانەوە بچێن و مەینەتیەکانییان کەمبکەینەوە. لە هەمانکاتدا داوا لە دەسەاڵتی رۆژئاوای کوردستان دەکەین رێخۆشکەرین و ئاسانکاری تەواو بۆ تیمەکانی دەزگا بکەن بۆ گەیاندنی هاوکارییەکان.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی
12ی ئۆکتۆبەری 2019

ڕاگەیەندراوێک لە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانەوە:

داوا دەکەین هەرچی زووە لەشکرکێشیی سوپای تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان بوەستێندرێ

پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بە نیگەرانییەکی قوواڵەوە لە لەشکرکێشیی سوپای تورکیا بۆ چەند ناوچەیەکی جیاجیای رۆژئاوای کوردستان دەڕوانێت و داوا دەکەین هەرچی زووە ئەم ئۆپەراسیۆنانە بوەستێندرێن و لە رێگەی دیالۆگ و چارەسەری ئاشتییانەوە کێشەکان چارەسەر بکرێن، دۆخی ناوچەکە هێشتا لە قۆناغێکی هەستیار و ناجێگیردایەو شەڕی تیرۆر کۆتایی نەهاتووە، گەلانی ناوچەکە لە نەهامەتی و ناسەقامگیریدا دەژین و پێمان وایە ئەم لەشکرکێشیە نەک چارەسەری کێشەکان ناکات بەڵکو ئاستی چارەسەری و ئاشتی دوورتر دەخاتەوە، داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین بەتایبەتی ئەمەریکا و ڕووسیا و بەریتانیا و فەرەنسا هەموو هێزو توانایان بخەنەگەڕ بۆ وەستاندنی ئەم دۆخە نەخوازراوەو ڕێگرتن لە ناسەقامگیریی زیاتر و هەوڵدان بۆ ڕەخساندنی هەلومەرجی نوێ بۆ دانوستاندن، بە تۆندی ئیدانەی هەرجۆرە پەلامارێک دەکەین کە هاووڵاتییانی سیڤیل بە ئامانج بگرێت لەهەر لایەکەوە بێت، پەرلەمانی کوردستان پشتیوانیی تەواو لە بوونی دیالۆگ و گفتوگۆ دەکات لەسەر ئاستی هەرێمایەتی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هەمیشەیی کێشەکانی ناوچەکە، گەلی کوردستان بە شانازییەکی زۆرەوە پێشەنگی خەبات و قوربانی بووە لە شکستپێهێنانی تیرۆریستانی داعش و هێنانەدیی ئاشتی و سەقامگیریی ناوچەیی و جیهانی، بەردەوامیی ئەم دۆخە نەخوازراوە سەربازییەی سەر ڕۆژئاوای کوردستان زەمینەی زیاتر بۆ تیرۆریستان دێنێتە ئاراوە دەستکەوتەکانی شەڕی تیرۆر لەناو دەبات و بەوەش ئاشتیی هەرێمایەتی و جیهانی دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی جددییەوە، پەرلەمانی کوردستان بەردەوام پشتیوانیی چارەسەری ئاشتییانەو دیپلۆماسییانەی دۆزی ڕەوای خەڵکی کوردستانە لەهەر پارچەیەک بێت، داوا لەسەرجەم هێز و لایەنە کوردستانییەکان دەکەین هەموو ناکۆکییەکی سیاسی بخەنە لاوەو لەسەر بنەمای حیکمەت و دووربینیی سیاسی پێکەوە لە خەباتی ئاشتییانەو دیپلۆماسییانەو مەدەنییانە بەردەوام بن بۆ کۆتاییهێنان بەم دۆخە نەخوازراوە، پەرلەمانی کوردستان بەردەوام بە دواداچوون بۆ ئەم دۆخە دەکات و ئامادەکاری بۆ دانیشتنێکی تایبەت لەسەر دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات.

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان
9ی ئۆکتۆبەری 2019

وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com

www.xebat.net

یەک شەممە 2019/10/13 ژمارە (5847)

خەبات

جیهان سەرکۆنەی دەستدرێژییەکەی تورکیا بۆ سەر رۆژئاڤا دەکات

بەپێچەوانەی جیهان بەرەی تورکمانی عێراقی پشتگیریی لەشکرکێشییەکەی تورکیا دەکات

هەسەدە و روانگەی سووری رەتیدەکەنەوە سەرێکانی داگیرکرابێت

ئیمانوێل ماکرۆن:
داوای دەستبەجێ راگرتنی لەشکرکێشییەکەی تورکیا دەکەم

پێنتاگۆن:
هێزە ئەمەریکییەکان لە کۆبانێ نەکشاونەتەوە

مارک ئیسپەر:
هاوئاهەنگی تەواومان لەگەڵ هەسەدە هەیە

سیناتۆرێکی ئەمەریکی
سیاسەتی ترەمپ پەیوەست بە رۆژئاوای کوردستان بە نائەخلاقی دەزانێت



ئا/خەبات: دوای ئەوەی رۆژی چوارشەمەی رابردوو تورکیا هێرشی کردە سەر رۆژئاوای کوردستان و کاردانەوەی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و ناوخۆیی لێکەوتەوە، زۆربەی وڵاتان دژی لەشکرکێشییەکەی تورکیا وەستاونەتەوە. وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکاش هێرشەکەی تورکیا بە هەڕەشە دەزانێت و هەروەها ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا داوای دەستبەجێ راگرتنی جەنگەکە دەکات. لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش لە هەولێر و سلێمانی و زۆربەی شار و شارۆچکەکان خۆپیشاندان و نارەزایی لێکەوتووەتەوە، لە رۆژهەڵاتی کوردستانیشدا لە شارەکانی مەریوان و سنە و چەند شارێکی دیکەش خۆپیشاندان لە دژی هێرشەکەی تورکیا ئەنجامدرا، هەروەها لە رۆژئاوای کوردستانیش وێڕای بەرگریکردن، هاوواڵتیبیان نارەزایی دەردەبڕن، لەسەر ئاستی ئەورووپاش لە زۆربەی وڵاتان رەوەندی کوردی و هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە دژی هێرشەکەن، لە لایەکی دیکەوە لە ئیسپانیا بە هەزاران کەس لە بەرشەلۆنە رژانە سەر شەقامەکان و پاڵپشتی خۆیان بۆ رۆژئاڤا دەربڕی، ئەمەش دوای ئەوەی حکوومەتی پاڵپشتی هێرشەکەی تورکیای کرد. هاوکات ئەڵمانیا و هۆڵەندا و نەرویج و سوید و فینلاند بڕیاریاندا چەک بە تورکیا نەفرۆشن.

مارک ئیسپەر داوای راگرتنی ئۆپەراسیۆنەکە دەکات

وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا رایگەیاندووە هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان زیانی بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و تورکیا، گوتیشی: ئەمەریکا دەستبەردارى کوردەکان نەبووە، مارک ئیسپەر راشیگەیاندووە بەڕێوەبەرایەتی سەربازی ئەمەریکا لەگەڵ هاوتا تورکییەکانیاندا قسەیان کردووە و داوامان لێکردوون ئەم هێرشە ڕابگرن. وەزیری بەرگریی ئەمەریکا راشیگەیاندووە، هاوئاهەنگی تەواومان لەگەڵ هەسەدە هەیە و داوا لە تورکیا دەکەین کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنەکەی بهێنێت.

پێنتاگۆن: هێزەکانمان بۆردوومانکراون

پێنتاگۆن دەڵێت: هێزەکانمان لە رۆژئاوای کوردستان لەلایەن تورکیاوە تۆپبارانکراون، وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا پشتڕاستیکردەوە کە هێزە ئەمەریکییەکان ڕووبەڕووی بۆردوومانی تۆپهاوێژ بوونەتەوە لەلایەن هێزەکانی تورکیاوە، پێنتاگۆن گوتیشی: بۆردوومانەکە لە دووری سەدان مەترەوە لە دەرەوەی ئەو ناوچە ئەمنییە ڕوویداوە و تورکەکانیش دەزانن هێزی ئەمەریکی لەو ناوچەیەدا هەن.

تورکیا تەنیا دوو گوندی داگیرکردووە

سوپاسالاری ئەمەریکا، رایگەیاند: تورکیا بە هەزاران چەکدار و چەکی قورسەوە تەنیا دوو گوندی کۆنترۆڵکردووە، سوپاسالاری هێزەکانی ئەمەریکا راشیگەیاند: هێشتا هەسەدە هاوپەیمانی ئێمەن، کارکردنی ئێمە لەگەڵ هەسەدە بەردەوامە بۆ لەناوبردنی داعش، هێزێکی نابەرابەری هەیە و شەڕ لە ناوچەکە بەرێوەدەچێت و بە هەزاران چەکدار شەڕ دەکەن، بەڵام ژمارەیەکی کەم لە هێزی هەسەدە بەرگری دەکەن، سەرەڕای ئەوەش تورکیا تەنیا دوو گوندیان کۆنترۆڵکردووە و نەیتوانیوە پێشڕەوی بکەن.

ڕوانگەی سووری ئاماری شەهید و قوربانییەکان بڵاودەکاتەوە

ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاوی کردەوە، لە بۆردوومانەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان، 10 هاووڵاتی مەدەنی گیانیانلەدەستداوە، ئاشکرایکردووە، دوێنێ شەمە بەهۆی بۆردوومانەکانی سوپای تورکیا لە سەرێکانی و گرێسپی، 7 هاووڵاتی مەدەنی گیانیانلەدەستداوە. لە لایەکی دیکەوە مانگی سووری کورد، ئاشکرای کردووە، لە ماوەی سێ رۆژدا زیاتر لە 60 کەس بەهۆی هێرشەکانی تورکیا شەهید و بریندارببونە. مانگی سووری کورد ئاماژەی بەوەشداوە لە ماوەی سێ رۆژی هێرشەکانی تورکیا، زیاتر لە 14 هاووڵاتی سڤیل شەهید بوونە و زیاتر لە 46 کەسی دیکەش بریندارن.

ماکرۆن داوای دەستبەجێ راگرتنی ئۆپەراسیۆنەکە دەکات

بەگوێرەی ڕۆژنیوز، سەرۆکی فەرەنسا ئیمانوێل ماکرۆن، بە سەرۆکی ئەمەریکای ڕاگەیاندووە پێویستە بەزووترین کات هێرشی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان بوەستێنێت، جەختیش لە پێویستی پشتیوانیکردنی هێزەکانی سووریای دیموکرات دەکاتەوە. ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا، داوا دەکات بە زووترین کات هێرش بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان و باکووری سووریا ڕابگیرێت.

هۆڵەندا چەک بە تورکیا نافرۆشێت

حکوومەتی هۆڵەندا ئیدانەی هێرشە داگیرکارییەکانی تورکای کرد بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان و هاوکات بڕیاریشی داوە چیتر چەک بە تورکیا نەفرۆشێت. بە گوێرەی ئاژانسی سپۆتنیکی ڕووسیی، حکوومەتی هۆڵەندا ئیدانەی هێرشە داگیرکارییەکانی تورکیای کردووە و چیترین چەک بە تورکیا نافرۆشێت.

بەرشلۆنەییە ریفراندۆمخوازەکان لە دژی مەدرید و هێرشەکەی تورکیا ڕژانە سەر شەقام

هێزەکانی ئەمەریکا دووبارە لە کۆبانێ جێگیربوونەوە

58 ئەندامی کۆنگرێسی ئەمەریکا لە نامەیەکدا ڕەخنە لە ترەمپ دەگرن



ڕووسیا ڕێگری لە پەسەندکردنی بڕیار دەکات

ڕووسیا لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش ڕێگری لە پەسەندکردنی بڕیارێک سەبارەت بە لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان کرد. ئەمەریکا پێشنیازنامەیەکی بە مەبەستی بانگەوازی بۆ ڕاگرتنی لەشکرکێشی تورکیا لە سووریا پێشکەش بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد و داوای کردبوو کە تورکیا نیگەرانییەکانی لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە چارەسەر بکات. بەڵام ڕووسیا ڕێگری کرد لە دەرچوونی ئەو پێشنیازنامەیە وەک بڕیارێک لە ئەنجوومەنی ئاسایش و پێشنیازەکە پەسەند نەکرا.

کۆمکاری عەرەبی دژی لەشکرکێشییەکەیە

کۆبوونەوەی نائاسایی کۆمکاری عەرەبی سەبارەت بە لەشکرکێشییەکەی تورکیا بەسترا و ئەمیندارى گشتیی کۆمکاری عەرەبی ڕایگەیاند: تورکیا دەیەوێت دیمۆگرافیای ناوچەکە بگۆڕێت و داواشی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی کرد یەک هەڵوێستبن لە بەرانبەر ئەو داگیرکارییە. کۆبوونەوەکە دەربارەی هێرشی تورکیا بوو بۆ سەر رۆژئاڤای کوردستان. ئەحمەد ئەبوغەیت، ئەمینداری کۆمکاری عەرەبی لە وتارێکدا هێرشەکەی تورکیای بە پێشێلکردنی سەروەریی سووریا ناوبرد و ئیدانەی کرد.

سەرێکانی لەژێر کۆنترۆڵی شەڕڤانداید

ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕەتیدەکەنەوە سوپای تورکیا سەرێکانیێ گرتبێت و دەڵێت: ئەگەر تورکیا ڕاست دەکات با قیدیۆیەک بڵاو بکاتەوە، ئەمەش لە وەڵامی ئەوەدا هات کە وەزارەتی بەرگریی تورکیا دوێنێ ڕایگەیاندبوو گوایە سەرێکانییان کۆنترۆڵکردووە، لە بەرانبەریشدا هەسەدە و ڕوانگەی سووری ئەو هەواڵ و زانیارییانەی دەوڵەتی تورکیا ڕەتدەکەنەوە. لە لایەکی دیکەوە مەسعود حەسۆ، نوێنەری ڕژئاوای کوردستان لە هەرێم ڕاگەیاند: بەرخۆدانی ڕژئاوای کوردستان لەلایەن هەسەدەوە بەردەوامە و تا ئێستا هیچ کام لەو دوو سەرێکانێ و گرێسپیان پێ داگیر نەکراوە، بەهۆی بەرخۆدانی سەختی هەسەدەوە. دەشڵێت، تورکیا باس لەوە دەکات کە چەند گوندێکیان لە سنووری گرێسپی داگیرکردووە، بەڵام بەپێی زانیارییەکان هێشتا شەڕقانان لەو دوو گوندەش بەرگری دەکەن.

خەڵکێکی زۆر ئاوارەبوون

بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا ڕایگەیاندووە بەهۆی هێرشەکانی سوپای تورکیا و میلیشیا چەکدارەکانی سووریا کە هاوپەیمانی ئەنقەرەن، زیاتر لە 190 هەزار هاووڵاتی سڤیل لە ناوچەی شەڕ و نزیکی ئاوارە بوون. دەشڵێت، بەهۆی شەڕەکەوە خەڵکێکی زۆر مالوحاڵیان جێهێشتووە و ژمارەی ئاوارەکانیش گەیشتووەتە191069 کەس لە نیوەشەوی 2019/10/11وە.

هێزەکانی ئەمەریکا گەڕانەوە کۆبانێ

بەگوێرەی کوردستان 24 هێزەکانی ئەمەریکا بەهۆی تۆپبارانکردنی بنکەیەکی سەربازیان لە مشتەنوور، بارەگاکەیان چۆڵکردبوو، بەڵام جارێکی دیکە هێزەکانی ئەمەریکا گەڕاونەتەوە کۆبانێ، بەگوێرەی زانیارییەکان چوار ئۆتۆمبێلی سەربازی ئەمەریکا چوونەتە نێو کۆبانێ و لە بنکەی سەربازی مشتەنوور جێگیرکراون. هەروەها بەشێک لە ڕاوێژکارانی ئەمەریکی گەڕانەوە بنکە سەربازییەکانیان لە ناوچەکانی سەر سنووری ڕۆژئاوای کوردستان و تورکیا.

بۆ یەکەمجار هەست بە شەرمەزاری دەکەم

فەرماندەیەکی سەربازی ئەمەریکی لە ڕۆژئاوا رایگەیاند: بۆ یەکەمجار لە ژیانماندا هەست بە شەرمەزاری دەکەم، بەگوێرەی ئاوێنە فەرماندەیەکی سەربازی ئەمەریکی کە هەوشانی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە سوریا جەنگاون بە ئاژانسی فۆکس نیوزی ئەمەریکیی ڕاگەیاندووە کە بۆ یەکەمجار لە ژیانی سەربازییاندا هەست بە شەرمەزاری دەکەن.

بەرشەلۆنەییەکان ڕژانە سەر شەقام بۆ

پشتگیریی ڕۆژئاڤا هەزاران کەس لە دانیشتوانی بەرشەلۆنەی سەربەخۆییخواز ڕژانە سەر شەقامەکان و پاڵپشتی خۆیان بۆ ڕۆژئاڤا دەربڕی، ئەمەش چەند کاتژمێرێک دوای ئەوەی حکوومەتی ئیسپانیا پشتگیریی هێرشە داگیرکارییەکەی تورکیای کرد بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان. هاوکات لە ئۆکرانیاش خۆپیشاندان دژی هێرشەکانی تورکیا ئەنجامدرا.

سیناتۆرێکی ئەمەریکی ڕەخنەی توند لە سیاسەتەکانی ترەمپ دەگرێت

بەپێی هەواڵێکی دەنگی ئەمەریکا، ئێد مارکی، سیناتۆری دیموکراتەکانی ئەمەریکا، ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی دۆناڵد ترەمپ گرتووە کە لەکاتێکدا سەربازەکانی لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا دەکشێنێتەوە، گوتوشیەتی: لە تورکیاوە بۆ ئێران و یەمەن، سیاسەتەکانی ترامپ نە ئەخلاقییە و نە ستراتیژییشە، لەکاتێکدا ناپاکیی لەگەڵ هاوبەشە کوردەکانمان دەکات، کە ژیانی خۆیان بەخت کرد لە شەڕیاندا دژی داعش.

بەرەی تورکمانی پشتگیریی لەشکرکێشییەکە دەکات

بەپێچەوانەی زۆربەی وڵاتان و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە مرۆییەکان، بەرەی تورکمانیی عێراقی پشتگیریی هێرشکردنە سەر ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن سوپای تورکیاوە، دەکات، ئەرشەد سالحی، سەرۆکی بەرەی تورکمانی و پەرلەمانتاری عێراقی ڕایگەیاندووە، ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا لە دژی ڕۆژئاوای کوردستان جۆلەیەکی ئەرێنییە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتانی ناوچەکە. پشتگیریی حزبەکەشی بۆ هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاندووە.

سەرۆکی پارتی مستەقبەلی سووریا شەهیدکرا

بەگوێرەی زەمەن پرێس، دوێنێ شەمە 2019/10/12 هەڤرین خەلەف سەرۆکی پارتی مستەقبەلی سووریا لە هێرشێکدا لە ڕێگای نێوان قامیشلۆ و ڕەققە شەهیدکرا، بەگوێرەی هەمان سەرچاوە شەهیدبوونی ناوبراو بۆ هێرش و بۆردوومانەکانی تورکیا دەگەڕێندرێتەوە.

چەند ڕەخنە و کاردانەوەیەکی دیکە

لە پەیوەست بە هێرشەکەی تورکیا، وەزیری دەرەوەی ئوردن ڕایگەیاندووە کە دژی هەر هێرشێکن بۆ سەر سووریا ئەنجامبدرێت و سەرکۆنەی هەر هەڕەشەیەک دەکەن دژی ئاشتی بێت. هاوکات ستیڤن منوچین، وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە دەتوانن لە ڕێگەی سەپاندنی سزا، زیانی گەورە بە ئابووری تورکیا بگەیەنن. ڕاشیگەیاندووە، دۆناڵد ترەمپ، دەسەڵاتی سەپاندنی سزاکانی پێداون. هەروەها وەزیری فەرەنسا بۆ کاروباری ئەورووپا، ئەمیلی دی مۆنچالێ ڕۆژی هەینی ڕایگەیاند، سەپاندنی سزا بەسەر تورکیا لە کۆبوونەوەی ئەم هەفتەیەی لوتکەی ئەورووپا دەخەینە بەر باس. لە لایەکی دیکەوە 58 ئەندامی کۆنگرێسی ئەمەریکا نامەیەک بە واژۆی خۆیانەوە لەبارەی هەسەدە و کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان ئاڕاستەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی وڵاتەکەیان دەکەن و لە نامەکەدا نووسراوە، ئێمە لەو بڕوایەداین کە بڕیارەکەی تۆ بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە گۆڕانکاری بەسەر هاوبەشەییەکەمان لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکرات دەهێنێت. هاوکات 71 پەرلەمانتاری بەریتانیاش لە کۆی650 پەرلەمانتاری ئەو وڵاتە، نامەیەک ئاڕاستەی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەیان دەکەن و داوای وەستاندنی هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن.

لەشاخ پزیشکی شۆڕش بووەو بەردەوام چارەسەری پێشمەرگەی کردووە

دکتۆر جەمال سالّح: هیوادارم بە چاوی خۆم سەربەخۆیی کوردستان ببینم

دواجار کە بارزانیی نەمرم بینی باسی سەربەخۆیی کوردستانی بۆ کردم



ڕاپۆرتی/ سەید فاتیح بەرزنجی

لەسەردەمی شاخ و لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەیان کەڵەپیاوی قارەمان و ئازا لەسەردەستی باوکی ڕۆحی نەتەوەیی کورد بارزانیی نەمر پەروەردەکراون یەکێک لەو کەسانەش دکتۆر جەمال سالّح عەبدولڕەحمان پزیشکی پسپۆڕی دڵ و هەناوەو کۆلیژی پزیشکی زانکۆی مووسڵی تەواو کردووەو پزیشکێکی خاوەن ئەزموونە لەو بوارەداو خاوەنی چەندین بڕوانامەی بەرزەو بڕوانامەی لەنەخۆشی تا وەرگرتووەو زۆر بەکەمی پزیشکان دەچنە ناو ئەو بوارە لە وڵاتی بەریتانیا. دکتۆر جەمال سالّح لە دیانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی خەبات چەندین ڕووداو و بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە.

لەشاخ ژمارەیەک پزیشکی شارەزا خزمەتی پێشمەرگەیان دەکرد

دکتۆر جەمال سالّح لەو دیمانەیەدا باس لەو خزمەتانە دەکات کە لە سەردەمی شار و شاخدا ئەنجامی داون و دەڵێت: ئەو کاتەی کە لە بەریتانیا گەڕامەوە بۆ کوردستان لە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی بە پزیشکی شارەزا لە نەخۆشییەکانی هەناو دامەزرام، دواتر لە کۆلیژی پزیشکی بووم بە وانەبێژکارم کرد تا دوای ڕاپەڕینە مەزنەکە بووم بە ڕاگری کۆلیژی پزیشکی لە زانکۆی سلێمانی بۆ ماوەی پێنج ساڵ و لەساڵی 1995 جارێکی دیکە چوومە وڵاتی ئەمەریکاو ماوەی چوار ساڵ لەوێ خزمەتم کردو دوای نەمانی شەڕی ناوخۆ دووبارە گەڕامەوە کوردستان و لە پسپۆڕیەکە نازناوی پزیشکی پسپۆڕی ڕاوێژکاریان پێ بەخشیم و تا ئێستاش بەردەوامم لە خزمەتکردن.

دواتر دکتۆر جەمال سالّح دەربارەی چوونە ڕیزی شۆڕش ڕوونیکردەوە: لەساڵی 1972 حەزم کرد بچمە ڕیزی شۆڕش لە ناوپردان، هەر کە چوومە ئەوێ دکتۆر مەحمود عوسمانیش لەوێ بوو و لەگەڵ ئەودا کارم کرد، لەهەمووی خۆشتر ئەوەبوو جەنابی بارزانیی نەمر پزیشکەکانی زۆر خۆش دەویست، لەبەر ئەوە بەبێ بەرامبەر خزمەتی شۆڕشمان دەکرد و مانگی جارێک دەچووینە خزمەتی بارزانیی نەمر، لە کاتی شەواندا قسەی بۆ دەکردین و زۆر ڕێزی لێ دەگرتین و لەنزیکەوە ئێمەی دەبینی و شانبەشانی دکتۆر مەحمود عوسمان هەموو کاتێک چارەسەری پێشمەرگەمان دەکردو لەگەڵ ئەودا چارەسەری جەنابی بارزانییی نەمریشمان دەکرد، خودا لێی خۆش بێت، جگەلەوەش مالّباتی بارزانیش هەر حالّەتێکی نەخۆشیان هەبووایە من چارەسەریانم بۆ دەکردن، چەندین شەو لە دیلمان دەمامەوە تا چارەسەریان بۆ بکەم. مایەی شانازی بوو کە بارزانییی نەمر منی لە نزیکەوە دەناسی و مرۆڤێکی خەمخۆر و شارەزا و بە هەیبەت و قسە خۆش بوو، زۆری حەز دەکرد کە ئێمەی پزیشکانی لە نزیکەوە لەدەوروبەردا بین، ماوەی ساڵێک و نیو لە ناوپردان مامەوەو دواتر چوومە وڵاتی بەریتانیا بۆ خوێندنی دکتۆرا و لەدوایین شەویش کە لە دیلمان بووم، بۆ شەو پێیان گووتم جەنابی بارزانییی نەمر حەز دەکات تۆ ببینێت، من لە دڵی خۆما دەمگوت دیارە جەنابی بارزانییی نەمر ئەوەندە من دەناسێت وا حەزی لێیە من بۆ دواجار ببینێ، ئەو شەوە زیاتر لە یەک کاتژمێر لەگەڵ جەنابی بارزانییی نەمر دانیشتم و گفتوگۆ و قسەی خۆشی بۆ کردم. جەنابی بارزانییی نەمر پێی گوتم: تۆ مالّی باوکت لە کوێیە ئێستاو لەچ گەڕەکێکە، منیش گوتم گەڕەکی حەوشی گەورە لە سلێمانی. ئەویش گوتی: کاتی خۆی من کە مەنفی بووم و دەستبەسەربووم لە هەمان گەڕەک بووم. بەجەنابی بارزانییی نەمرم گوت: باوکم و مامەم بۆیان گێڕاومەتەوە کە خۆشیان ویستووی و پەیوەندیتان زۆر بەهێزبووە، تەنانەت ئەو شەوەی کە بڕیارتدا بگەڕێیتەوە بۆ بارزان، خوداحافیزیت لەمالّی ئێمە کردووە... فەرمووی ئێوە مالّباتێکی باش بوون و خزمەتی منتان کردووە، دواتر خوداحافیزی کردووەو بەهیمەتی هەیە؟ منیش گوتم: زۆر حەز دەکەم بەچاوی خۆم ببینم کوردستان ئازاد بێت و دەوڵەتمان هەبێت... لێی پرسیم تۆ حەز دەکەیت کوردستان ببینیت سەربەخۆبێت، منیش گوتم بەڵێ... جەنابی بارزانییی نەمر فەرمووی من خەباتێکی زۆرم کردووە بەڵام من سەربەخۆیی کوردستان نابینم، ئومێدەوارم تۆ سەربەخۆیی کوردستان ببینی، بەڵام یەک ئامۆژگاریم هەیە بۆت کە تۆ پیاوێکی خەمخۆریت ئەزانم دەچیتەوە سەر کوردایەتیش بەتەواوی واز لە خەباتکردن نەهێنی و هەرگیز کۆل نەدەیت... هەروەها لە هیچ بارودۆخێکدا بە خزم و کەسانت و بە دراوسێکانت بگەیەنە کە هەموو دونیا قەرزاری سەربەخۆیی ئێمەیە.

پزیشکی دێرینی دیلمان - ناوپردان نیگەرانە لە فەرامۆشکردنی

دکتۆر جەمال سالّح لە سەردەمی شۆڕش کە پزیشکی دیلمان - ناوپردان بووە، باس لەوە دەکات، کە چەند جارێک جەنابی سەرۆک مسعود بارزانیم لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا بینیوە، بەڵام بوار نەبووە ئەم قسانەی بۆ باس بکەم، بەتایبەتیش لەکاتی ڕیفراندۆمەکە زۆر حەزم دەکرد جەنابی سەرۆک بارزانی ببینم و ئەو قسانەی بۆ باس بکەم کە کاتی خۆی جەنابی بارزانییی نەمر باسی سەربەخۆیی بۆ کردووم، بەڵام ئەو دەرفەتە نەڕەخسا. ئەوکاتەی کە جەنابی بارزانییی نەمر کۆچی دوایی کرد من لە وڵاتی بەریتانیا بووم و بۆ پرسەنامەکەی چووم بۆ وڵاتی ئێران و لە کەرەج بەشدارییم کرد لە پرسەنامەکەی، لەهەمووی خۆشتر و گرنگتر ئەوەیە کە جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی وەک بارزانییی نەمر دەرچووەو خەمخۆری دڵسۆزی کوردو خاکی کوردستانەو هەوڵێکی یەکجار زۆری بۆ کوردو کوردایەتی داوە.

دروستکردنی ڕێکخراوی مانگی سووری کوردستان بەشی ئەورووپا

دکتۆر جەمال سالّح لە درێژەی قسەکانیدا بۆ خەبات گوتی: ئەو پیاوەتیمان لەگەڵ دەکردن و دەمانبردنە لای پزیشکە باشەکان بۆ چارەسەر کردن هەر کە دەگەڕانەوە بۆ کوردستان ڕاپۆرتیان لەسەر ئێمە دەنووسی و مەلەفێکی گەورەیان لەسەر تۆمار کردین کە خۆی لە 500 لاپەڕە دەدا و ناوی ئەو کەسانەشیان پێ دەگوتین کە ڕاپۆرتیان لەسەر ئێمە دەنووسی و ناوی ئەو کەسەیان پێ گوتم بەڵام من ئینکاریم کردو باسەکەم لادووو خستنەوەو لیستێک گیرابوو 5مانگ بەر لە ڕاپەڕینە مەزنەکە ئەو لیستە گیرابوو ناوی منیشی تیابوو، ئەگەرچی من پارەم بە خۆبەخشانە بۆ پێشمەرگە دەنارد و مدیر ئەمن بەدوایدا نارد هەموو پرسیارێکی لێ کردم، بەڵام من هیچم نەدرکاند و پێم گوتن من بۆ خزمەتکردن هاتووم‌تەوەو هیچ کارێکی تر ناکەم. ئەو مودیر ئەمنەی شاری سلێمانی بڕوای پێ کردم و کاغەزەکەی دوورخستەوەو ڕزگارم بوو و وازیان لێ هێنام و زۆر ئامۆژگاریشی کردم و پێی گوتم ئاگات لەخۆت بێت و لەئێستاشدا پزیشکم لە سەنتەری میدیا لەهەولێر و زانستێکی زۆرم کۆکردۆتەوە لەبواری پزیشکی و ئومێدی ئەوە دەکەم کە وەکو جەنابی بارزانییی نەمر فەرموی کورد سەربەخۆ بێت و ئەو قسەیەی جەنابی بارزانیم هەرگیز بیر ناچێتەوە هەموو جیهان قەرزاری کوردە بۆ سەربەخۆیی ئەوەش گەورەترین قسەیە.

پێویستە گۆڕانکاری بەسەر سیستەمی تەندروستی کوردستاندا بێت

دکتۆر جەمال سالّح لەبارەی سیستەمی تەندروستی لە کوردستانیش گوتی:

سیستەمی تەندروستی کوردستانم بەدڵ نییەو پێویستە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، پێویستە ئێمە لەکوردستان تەئمینی تەندروستیمان هەبێ تا دەوڵەت بەرامبەر زەریبەیەکی کەم خزمەتی چینی هەژار و کەمدەرامەت بکات.

بەختەوەربووم کە مەسرور بارزانی بوو بە سەرۆکی حکوومەتی هەرێم ئومێدەوارم ئەمجارە بەجدیتر کاربکات و کار و بەرنامەی تێروتەسەلی هەبێت و گۆڕانکاری تەواو بکات بەتایبەتی لەبواری پەروەردە و گرنگی تەواوی پێ بدرێت و ژمارەی قوتابخانەکانیش زۆر زیاتر بکات تا جەنجالّی لەناو پۆلەکانی قوتابخانەدا دروست نەبێت ئەو کاتە قوتابی زیاتر لە مامۆستاکەی سوود وەردەگرێت.

پیاوەتیمان لەگەڵ دەکردن و دەمانبردنە لای پزیشکە باشەکان بۆ چارەسەر کردن هەر کە دەگەڕانەوە بۆ کوردستان ڕاپۆرتیان لەسەر ئێمە دەنووسی و مەلەفێکی گەورەیان لەسەر تۆمار کردین کە خۆی لە 500 لاپەڕە دەدا و ناوی ئەو کەسانەشیان پێ دەگوتین کە ڕاپۆرتیان لەسەر ئێمە دەنووسی و ناوی ئەو کەسەیان پێ گوتم بەڵام من ئینکاریم کردو باسەکەم لادووو خستنەوەو لیستێک گیرابوو 5مانگ بەر لە ڕاپەڕینە مەزنەکە ئەو لیستە گیرابوو ناوی منیشی تیابوو، ئەگەرچی من پارەم بە خۆبەخشانە بۆ پێشمەرگە دەنارد و مدیر ئەمن بەدوایدا نارد هەموو پرسیارێکی لێ کردم، بەڵام من هیچم نەدرکاند و پێم گوتن من بۆ خزمەتکردن هاتووم‌تەوەو هیچ کارێکی تر ناکەم. ئەو مودیر ئەمنەی شاری سلێمانی بڕوای پێ کردم و کاغەزەکەی دوورخستەوەو ڕزگارم بوو و وازیان لێ هێنام و زۆر ئامۆژگاریشی کردم و پێی گوتم ئاگات لەخۆت بێت و لەئێستاشدا پزیشکم لە سەنتەری میدیا لەهەولێر و زانستێکی زۆرم کۆکردۆتەوە لەبواری پزیشکی و ئومێدی ئەوە دەکەم کە وەکو جەنابی بارزانییی نەمر فەرموی کورد سەربەخۆ بێت و ئەو قسەیەی جەنابی بارزانیم هەرگیز بیر ناچێتەوە هەموو جیهان قەرزاری کوردە بۆ سەربەخۆیی ئەوەش گەورەترین قسەیە.

پێویستە گۆڕانکاری بەسەر سیستەمی تەندروستی کوردستاندا بێت

دکتۆر جەمال سالّح لەبارەی سیستەمی تەندروستی لە کوردستانیش گوتی:

سیستەمی تەندروستی کوردستانم بەدڵ نییەو پێویستە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، پێویستە ئێمە لەکوردستان تەئمینی تەندروستیمان هەبێ تا دەوڵەت بەرامبەر زەریبەیەکی کەم خزمەتی چینی هەژار و کەمدەرامەت بکات.

بەختەوەربووم کە مەسرور بارزانی بوو بە سەرۆکی حکوومەتی هەرێم ئومێدەوارم ئەمجارە بەجدیتر کاربکات و کار و بەرنامەی تێروتەسەلی هەبێت و گۆڕانکاری تەواو بکات بەتایبەتی لەبواری پەروەردە و گرنگی تەواوی پێ بدرێت و ژمارەی قوتابخانەکانیش زۆر زیاتر بکات تا جەنجالّی لەناو پۆلەکانی قوتابخانەدا دروست نەبێت ئەو کاتە قوتابی زیاتر لە مامۆستاکەی سوود وەردەگرێت.

ئاسۆ عەلی فەرەج

بارزانی

پێشمەرگەیەکی بەرژەوەندخوازی نەتەوەیی و نیشتیمانییە

لەبەردەم ڕەوایەتی پرسی نەتەوەیی و نیشتیمانیدا هەرگیز نەبیستراوە و نەبینیراوە بەڕێز سەرۆک مسعود بارزانی ئامانج بخاتە خزمەت ئامرازەوە، بەڵکو هەمیشە ئەوەی هەڵبژاردەوە ئامرازە کەسێتی و حزبی و هێز و ئیرادەی لەپێناو سەرخستنی ئامانجەکەدا بەگەڕخستوە و لە سیاسەتی بارزانیدا ئەمە بە دروستی و ڕوونی ڕەنگیداوەتەوە و زۆرجاریش باجی ئەوەیداوە کە دۆزی میللەتەکەی نەکردوەتە قوربانی بۆ بەرژەوەندییەکی کەسێتی یا حزبی یاخود سازشی لەسەر بکات و بارودۆخێکی سەپێنراوی قبوڵ کردبێ.

ئەگەر ئەو پێناسەیە بڕوای هەموو زاناکان بێت کە دەڵێ*(سەرکردەی کاریزما ڕێبەرایەتیەکەی هێندە بەهێزە دەتوانێت خەڵکێکی زۆر لە پێناو بەدهێنانی ئامانجەکەیدا کۆبکاتەوە) ئەوا بارزانی ئەم خەسڵەتەی لە چەند قۆناغێکی ژیان و خەبات و سیاسەت و پێشمەرگایەتی خۆیدا بە خاوێنی و ڕۆحیەتیەکی ڕاستگۆیانەوە سەلماندوە.

سەنگ و کاریگەری هەڵوێستەکانی سەرۆک بارزانی بێ شک ئەو پێناسەیە بەو پێشمەرگەیە دەبەخشێ کە لە گوتاریدا سەنگین و کاریگەری گەورە دروست دەکات و هەڵوێستەکانی لە کات و شوێنی خۆیدا دەنوێنێ و ناچێتە ژێرباری هیچ فشارێک کە پێچەوانەی ئامانجەکانی بێت.

بەردەوام لە ڕۆژی تەنگانەی نەتەوەیی و نیشتیمانیدا هەمووان پێویستمان دەبێ بەو ڕابەرە کاریزماییەی بتوانێت کەسایەتیە بەهێز و کاریگەرییەکەی بەکاربهێنێت بۆ بەرژەوەندی بالاّی میللەتەکەمان.

سەرنجبدە؛ لە چەند قۆناغێکی سەخت و دژواری تایبەت بە (ڕۆژئاوای کوردستان) سەرۆک بارزانی چۆن هەموو ئەو ڕاستیانەی سەلماند کە ڕێبەرایەتی و نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی گەلەکەی دەکات بەبێ موزایەدە.

یەکەم: ڕۆژی 2013/8/19 لێژنەی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر ڕاسپاردەی(سەرۆک مسعود بارزانی) لە باشوری کوردستانەوە سەردانی چەندین شار و گوندیان کرد بۆ لێکۆڵینەوە لەو گوشتارگەی باس لە ناوبردنی کوردانی ڕۆژئاوای دەکرد. دوای ئەم ڕووداوە سەرۆک بارزانی دەستیکرد بە یارمەتیدان و هاوکاریکردنی هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بەتایبەتی هێزەکانی سەر بە پەیدە و یەپەگە.

دووەم: کاتێک کۆبانێ تەنیا بەشێکی کەم و چەند گەڕەکێکی بەدەست هێزەکانی یەپەگەوە مایەوە و کەوتنە ژێر دەستی داعش، سەرۆک بارزانی لەڕێگەی هەوڵە دیپلۆماسی و پەیوەندییەکانی خۆی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆششێکی زۆری کرد و وێڕای ناردنی چەک و خۆراک و پێداویستی پزیشکی لە مانگی 10ی 2014دا ئەمەریکا و تورکیای ڕازیکرد بە ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ڕزگارکردنی کۆبانێ و نەهێشت کۆبانێ بکەوێتە دەست داعش.

سێیەم: جگە لە چەندینجار بۆ نزیککردنەوە و لێگەیشتن کۆبوونەوەکردن لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری 2014 لە دهۆک بەسەرپەرشتی سەرۆک بارزانی لایەنەکانی ڕۆژئاوا کۆبوونەوە بۆ دانانی بەرنامەیەکی هاوبەشی بەڕێوەبردنی ڕۆژئاوا، بەڵام بەداخەوە ئەو هەوڵە بەهۆی تاکەڕەوانەی پەکەکەوە لەباربرا.

چوارەم: لە 2019/10/8 لە پەیامێکدا سەرۆک بارزانی بەپەیامێک ڕایگەیاند، ئێمە لەو دۆخەی لە ڕۆژئاوای کوردستان هاتۆتە پێش، زۆر نیگەرانین. بەهەموو توانایەک لە هەوڵدایین و لەگەڵ زۆر لایەن لە پەیوەندیدایین بۆ ئەوەی خوشک و براکانمان لە ڕۆژئاوا تووشی کارەساتی تر نەبن.

پێنجەم: لە 2019/10/9 لە وڵامێکدا بۆ بڕچوونێکی سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالّد ترامپ، کە وتی: ئێمە چەک و پارەمان بەکوردەکان داوە، سەرۆک بارزانی پەیامێکی زۆر بەهێز و کاریگەری ئاڕاستەی ترامپ کرد و پێڕاگەیاند: خۆینی کورد زۆر لە چەک و پارە، بەهادارترە.

لێرە مەبەستم نییە، ئەم بیرهێنانەوە بکەین بە منەت، چونکە ئەوە خەسڵەتە کاریزماییەکەی سەرۆک بارزانیە، پێشمەرگانە و بە ڕێبەرایەتی کاریزمایی خۆی بەرگری لە میللەتەکەی دەکات و دەیەوێ داگیرکەران زێدەتر خوێنی کورد نەڕژێن.

* "ستراتیجیەکانی کاریزما" لە نووسینی (دکتۆر فازل جاف)

سەنتەری مرۆیی بۆ گفتوگۆی سویسری و مەکتەبی پەیوەندییەکان پرسگەلێکیان تاوتوێ کرد



سەنتەری مرۆیی بۆ گفتوگۆی سویسری سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانەوە پێشوازی کران. هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشوازی لە پاتریک هەینی و شاندی یاوەری کرد، کە پێکهاتبوو لە ماری کۆراود، لێکۆڵەر و ئەکادیمیست لە زانکۆی سۆربۆنی، ئامانج لە سەردانی سەنتەری ناوبراویش بۆ هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن حکوومەتی سویسراوە ڕاسپێردراون، بۆ نێوەندگیرییە لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان و نزیککردنەوەیان لە یەکدی و دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو و باوە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە گشتی و شنگال و کەرکووک بە تایبەت، کە خاوەنی تایبەتمەندین و بوونەتە سیمبولی ناکۆکیی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ و کاریگەریی ناوچەیی لەسەر ناکۆکییەکان. سەرەتا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی بە وردی باسی لە بارودۆخی ئەو ناوچانە کرد و ڕایگەیاند، حکوومەتی فیدراڵ و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نەیانتوانیوە لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەتییەدا بن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵکوو بوونەتە بەشێک لە نەهامەتییەکان، باشترین نموونەش ئەو هێزانەن کە لەو ناوچانە جێگیر کراون و ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمان پەسەند کراون کە دژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکن و بە تایبەتی ئاوارەکان و هەوڵدان بۆ بەزۆر گەڕاندنەوەیان بۆ جێگای خۆیان، لە کاتێکدا کە هیچ دڵنیاییەکی ئاسایشی و ئارامی نەدراوە. ئێمە داوامان لە حکوومەتی فیدراڵ و دەزگای دەستووریەکانە کە دەستووریانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەن و مافی گەلی کوردستان و هەموو ئەو پێکهاتانە بپارێزێت و بدرێت. بەشێکی دیکەی گفتوگۆکان بریتی بوو لە هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان و ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکان، بەڕێز سیوەیلی ڕایگەیاند: ئێمە زۆر نیگەرانین لە ڕووداوی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، کە دەبێتە هۆکاری نەهامەتیی زیاتر بۆ گەلی کوردستان لەو پارچەیەی کوردستاندا. داواشمان لە حکوومەتی تورکیا ئەوەیە، ئەو هێرشانە ڕابگرێت بۆ ئەوەی جیتر خەڵکی بێتاوان نەبنە قوربانی. بەڕێز هەینی، سوپاسی ئەو دەرفەتەی کرد و ڕایگەیاند، کە ئەوان پێشتر نیگەرانیی خۆیان بە لایەنی پەیوەندیدار گەیاندووە لە مەترسیی ئەم پێشهاتە، بەڵام بەداخەوە ڕێگری نەکرا و ئێستاش کات درەنگ نییە بۆ ڕاگرتنی ئەو هێرشانە و پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا. سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغداش، بەڕێزیان دووپاتی کردەوە، کە تەنها ڕێگا بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی و ئارامی، لێکتێگەشتن و قبوڵکردنی یەکتر و گەڕانەوەیە بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراق لە پێناو پاراستنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکیدا.

لە هەولێر و دهۆک ئامادەکاری بۆ هاتنی ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکرێت



ڤیان ڕەشید، بەرپرسی نووسینگەی قەیرانەکانی دیوانی پاریزگای هەولێر، بە مانگەپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ئیدارەی پاریزگای هەولێر لەبارەی پێشوازیکردن لە ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستانەوە هەموو ڕێوشوێنێک بۆ پێشوازیکردن و حەواندنەوەی ئاوارەکان دەگرینەبەر، چونکە بە ئەرکێکی مرۆیی پیرۆزی دەزانین.

هەروەها گوتی: هەر ئاوارەیەک ڕوو لە سنووری پاریزگا بکات ئەوە بێگومان پێداویستیی فریاکەوتنی بۆ دابین دەکرێت، هەرچەندە کەمپی ئامادەمان نییە، چونکە ئاوارەی تێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەی پێشوازیکردنین.

لای خۆیشییەوە حەمزە ڕەزیکی، گوتەبێژی تەندروستیی پاریزگای دهۆک، بە مانگەپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی دهۆک چوار تیمی فریاکەوتنی لە خاڵی سنووریی پێشابیر جێگیر کردووە، ئەوەش بە مەبەستی پێشوازیکرن لە بریندارانی سڤیلی ڕۆژئاوای کوردستان و پێشتریش تیمی فریاکەوتن ڕەوانەی سەر سنوور کراون. گوتیشی: نەخۆشخانەکانی دهۆک ئامادەکاریی تەواویان کردووە بۆ پێشوازیکردن لە بریندارانی ڕۆژئاوای کوردستان و لە ڕووی دابینکردنی پزیشک و دەرمانی پێویست و کارمەندانی فریاگوزارەوە ڕێوشوێنی پێویستمان گرتووتە بەر.

هەروەسا، فەرهاد ئەمین ئەتروشی پاریزگەرێ دهۆکێ د کونگرەکێ ڕۆژنامەڤانیدا دیارکر، کو دگەل دەزگەهێن خزمەتکاری و ئیمانیێ ل دۆڤ ڕاسپاردین سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ بو و گوت: هەموو لایەن هاتنە ڕاسپاردن کو بەرهەڤیێن باش بهێنە کرن بو هەر حالەتەکێ نەپێشبینکری وئاوارەبونا کوردین ڕۆژئاڤا چونکی ئەرکێ مەیە خزمەتێن پێدڤی بو هەر پەنابەرەکی بکەین. هەروەسا گوت: ئەم دگەل ڕێکخراوێن مروڤایەتی ژی کومبویە بو هەمان مەبەست کو وەکو ئێک تیم کاربکەین ژپێخەمەت پێشکێشکرنا باشترین خزمەتان بو پەنابەران و حکومەتا هەرێما کوردستانێ ژی دێ پشتەڤانیا کارگێریا پاریزگەهێ کەت بو ڤێ مەرەمێ چونکو باری گران دێ ل سەر پاریزگەها دهۆکێ بیت وەکو حکومەت وخەلکێ پاریزگەهێ لەوما فەرە کارەکێ ڕێکخستی بهێتە بکرن. گوت: نوکە مە جهێ حەواندنا نێزیکی سێ هزار خێزانا ل سنورێ پاریزگەهێ هەیە.

وەزیری ئەوقاف لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ڤاتیکان و جێگری وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا کۆبۆوە



لە مەیانی سەردانی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و شاندی یاوەری، دوو دیداری گرنگیان ئەنجامدا لەگەڵ هەریەک لە جێگری وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا ئیمانوێک کلاودیا دێ ڕێ کە دۆستێکی نزیکی کوردە و شارەزایەکی زۆر باشی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، ڕایگەیاند: وەزارەتی دەرەوەی ئیتاڵیا نیو ملیۆن یۆرۆیی بۆ هاوکاری کەمایەتییەکان تەرخانکردووە بە مەبەستی ئەنجامدانی پرۆژەی جۆراوجۆر.

کۆبونەوەی دووەم لەگەڵ پاوڵ ڕیچارد گالەر وەزیری دەرەوەی ڤاتیکان ئەنجامدا دراە لەکۆبونەوەکەدا بە گرنگیەوە باسی پێکەوەژیانی ئایینی و هاتنی ئاوارەکان بۆ کوردستان لەکاتی شەڕی داعش ڕۆڵی گرنگی مامۆستایانی ئایینی بەڕێز بەتایبەتی لە گرنگیدان لە بلاوکردنەوەی بیری میانڕەوی و کارکردن لەسەر گیانی خۆشەویستی نێوان پێکهاتەکان، هەروەها تیشک خرایە سەر هێرشەکانی حکومەتی تورکیاو مەترسیەکانی خرانەروو کە لە ئەگەری بەردەوامبوونی دەبێتە کارەساتێکی مرۆیی لە ڕۆژئاوای کوردستان.

بازاڕی هەمیشەیی بۆ جووتیاران دابینەدەکرێت



ڕۆژی پێنج شەممە 2019/10/10 بێگەرد تاڵەبانی، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو عەلوەی هاوچەرخی هەولێر و بازاڕی سەوزەو میوە بەسەرکردەوەو دەڵێت، بەکردنەوەی عەلوەی هاوچەرخی هەولێر بازاڕی هەمیشەیی بۆ جوتیاران دەکرێتەوە.

وەزیری کشتوکاڵ لەگەڵ بەڕێوەبەرو ئەندازیارانی کۆمپانیای جێبەجێکاری عەلوەی هاوچەرخی هەولێر کۆبوونەوە و ڕایگەیاند: پێویستە لەجێبەجێکردن و کردنەوەی عەلوەی نوێ ڕەچاوی دۆخی جوتیاران و ئەو کەسانە بکرێت کە بژێوی ژیانیان لەسەر ئەم عەلوەیە. بەپێویستیشی زانی، بەکردنەوەی ئەم عەلوەیە بازاری هەمیشەی بۆ بەروبونی جوتیاران دابین بکرێت، ئەمە ببێتە بۆ هەڵگرتنی بەرهەمی جوتیاران بۆ وەرزەکانی تری ساڵ.

عەلوەی هاوچەرخی هەولێر بازاری سەوزەو میوەلەسەر ڕووبەری200 دۆنم زەوی دروست دەکرێت، کەخۆی دەبینێتەوە لە چەندین کۆگاو ساردکەرەوە و شوێنی تایبەتی داگرتنی هەموو جۆرە بەرهەمێک، بەکردنەوەی ئەم بازارە، جموجۆڵی بازرگانی سەوزەو میوە بۆ هەموو کوردستان و خوارو ناوەراستی عێراق جوڵە بەخۆیەوە دەبینێت.

لە بازارەکە نوێترین سیستەم بۆ پاراستنی بەرهەم و کۆکردنەوەی داتای پێویست بەکارهاتووە.

لە سنووری لقی 26ی گوڵان چەند بنەماڵەیەک هاتنە نێو ڕیزی پارتی



لە سنووری لقی 26ی گوڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان چەند ماڵباتێک هاتنە نێو ڕیزی پارتی و بەڵێنیاندا لەمەودوا لەناو ڕیزەکانی پارتی و لەسەر ڕێبازی پیرۆزی بارزانی خزمەت بکەن. حەسەن حەدۆ، بەرپرسی لقی 26ی گوڵانی بە خەباتی ڕاگەیاند: لە چەند ڕۆژی ڕابردوو چەند بنەماڵەیەکی بەرێزی ناوچەی باڵەکایەتی بەهۆی هەڵوێستە نیشتیمانییەکانی پارتیمان و سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ دەڤەری باڵەکایەتی و پێدانی چەندان بەڵێن بۆ زیاتر خزمەتکردنی ناوچەکە، ئەو خانەوادانە لە سنووری لێژنە ناوچەکانی حاجی ئۆمەران و قەسرێ و شارەدێی گەڵاڵە سەردانی بارەگای لقیان کرد و ئێمەش بەگەرمی پێشوازیمان لێکردن. گوتیشی: ئەو ماڵباتانە کەسانی بەرێز و بەهەڵوێستن و کەسایەتی دیارن لە ناوچەکە، لە پێشتریش لە شۆرشی ئەیلوولی مەزن خەباتیان کردووە قوربانیان داوە، بۆیە بە هاتنیان بۆ نێو ڕیزەکانی پارتیمان، هەڵوێستەکانیان بەرز دەنرخێنین و بۆ زیاتر خزمەتکردنی ناوچەکە و خزمەتی هەموو چین و توێژەکانی ئەم دەڤەرە، دڕێخی ناکەین، چونکە باڵەکایەتی وەک جەنابی سەرۆک بارزانیش فەرمووی لە شۆرشەکانی ئەیلوول و گوڵاندا قوربانییەکی زۆری داوە و پێویستە خزمەتی زیاتری بکرێت.

ئێزدییەکان لە کەشێکی ئارامدا لە کوردستان جەژنیان گێڕا



ئێزدییەکان دەڵێن، ئەوان بە دڵێکی خۆش و لەژێر ئاسایشێکی زۆر باشدا لە هەرێمی کوردستان جەژنیان گێڕا. بنەفش عەلۆ، کچێکی ئێزدییە لە پەرستگای لالشەوە دەڵێ: ئەمسااڵیش هاوشێوەی ساڵەکانی تر بە دڵێکی خۆشەوە جەژنمان گێڕا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاسایشەی هەرێم هەیەتی. ئەو، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوت: هەرێمی کوردستان جێگای پێکەوەژیانی هەموو ئۆل و نەتەوەیەکە، بۆیە هەموو پێکهاتەکان ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن و هەموو جەژنەکانیانی بە ئارامی تێدا دەگێڕن.

لەو بارەیەشەوە، جەعفەر سمۆ، بەڕێوبەری کاروباری ئێزدیان لە پارێزگای دهۆک دەڵێت: هەموو ئێزدییانی دنیا ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن و ئێمەش بەپێی توانای خۆمان هەر شتێکی پێمان بکرێت، هاوکارییان دەکەین. ناوبراو بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی گوت: ئێزدییەکان جەژنیان لە کەشێکی ئارامدا گێڕا، بۆیەش ژمارەی ئەم جارەی گەشتیاران لە ساڵانی ڕابردوو زیاتر بوو.

لە لایەکی تریشەوە، لوقمان سلێمان، بەرپرسی نووسینگەی ڕۆژهەڵاتی لالش، لە پەرستگای لالش، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوت: خەڵک لە هەموو دنیاوە سەردانی هەرێمی کوردستان و پەرستگای لالشیان کرد، ژمارەی ئەمساڵی زیارەتکەران زیاتر بوو لە هی ساڵانی پێشوتر، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان و پێکەوەژیانی ئایینیی ناوچەکە.

ماوەی یەک مانگ دەدرێتە وەبەرهێنەران تا پرۆژە ڕاگیراوەکانیان دەستپێبکەنەوە



خەبات- سەید فاتیح

بەرزنجی: سامان عارەب بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی هەولێر ڕوونیکردەوە: لەسەر ڕاسپاردەو بڕیاری ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەی یەک مانگ دەدرێتە وەبەرهێنان تا پرۆژە ڕاگیراوەکانیان دەست پێبکەنەوە، بەپێچەوانەوە مۆڵەتی کارکردنیان هەڵدەوەشێتەوە.

هەرەها ئاماژەی بەوەدا: لەکۆبوونەوەی هەفتەی ڕابردووی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان بەسەرۆکایەتی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان تاوتووی ئەو پرۆژانە کرا کە ڕاگیراون یاخود ئەوانەی کە بەشێک لە کارەکانیان ڕاییکردووە و باڵەخانەکانیان بە تەواوەکراوی جێهێشتووەو ئێمەش ئاگاداری هەموو وەبەرهێنانەرانمان کردۆتەوە تا لەماوەی یەک مانگدا دەست بە پرۆژە وەستاوەکانیان بکەنەوە.

ئەگەرنا مۆڵەتی کارکرنەکەی لێ هەڵدەوەشێرێتەوە. شایانی باسە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لەبەر قەیرانی دارایی ژمارەیک پرۆژە لە زۆربەی سێکتەرەکان وەستابوون بۆیە لەئێستادا بەهۆی باشتربوونی باری دارایی پێویستە پرۆژەکان دەست پێبکەنەوە.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو شێخ ئەکرەم هەنارەیی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری شاری هەولێر و سەرۆک هۆزی هەنارەیی شێخ ئەکرەم هەنارەییمان پێگەیشت. بەم بۆنەوە هاوبەشی خەمان بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئارستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان و خزمانی هەنارەیی دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله و انا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

ڕاگەیاندنی پارتی
سەرەخۆشی لە خانەوادەی نووسەر و ڕووناکبیر زیوەر خەتاب دەکات

بەڕێزان خانەوادەی نووسەر و ڕووناکبیری ناوداری گەلەکەمان زیوەر خەتاب

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر و ڕووناکبیری ناسراوی گەلەکەمان زیوەر خەتاب. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و بنەماڵەکەتان و سەرجەم ڕۆشنبیری و نووسەرانی کوردستان دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

خوالێخۆشبوو زیوەر خەتاب کەسایەتیی ڕۆشنبیر و بەئەزموون، لە ساڵی 1929 لە شاری هەولێر لەدایک بووە، لە نێو خانەوادەیەکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و ئایینپەروەردا پەروەردە بووە و سەرەتا لە حوجرە خوێندوویەتی، پاشان لە ساڵی1937 لە قوتابخانەی ئەلسانیە دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کردووە. لە ساڵی 1948 لە کۆلێژی ماف لە بەغدا وەرگیراوە، لەو ماوەیەدا خەریکی خوێندنەوە و نووسین بووە و لە ڕۆژنامەی سەوت ئەلئەحرار بابەتی بڵاو کردۆتەوە، لە ساڵی 1951 بۆ ماوەی ساڵێک دەستگیر کراوە، ساڵی 1953 گەڕاوەتەوە هەولێر و جارێکی دیکە بە هۆی کاروباری سیاسییەوە بۆ ماوەیەک زیندانی کراوەتەوە، لە ساڵی 1955 خوێندنی کولێژی تەواو کردووە و بووەتە پارێزەر.

لە ساڵی 1970-1971 چەندین وتاری بەپێز لە ڕۆژنامەی التاخی بڵاو دەکاتەوە، لە ساڵی 1981 خانەنشین کراوە. دواتر چەندین وتار لە ڕۆژنامەی ئەلواتن و ئەلئیتیحاد و خەباتی عەرەبی بڵاو دەکاتەوە و چەندین کتێب و نامیلکە وەک یاداشتنامە بەچاپ گەیاندووە، لەوانە: (رحلە فی عالم الفکر)، (مختارات من قراواتی)، (مع الجواهری)، (رحلە ثانیە فی عالم الفکر) دوا کتێبیش بەناوی (دروێنەی ڕۆژەکانی زیوەر خەتاب)ە، کە هەڤپەیڤینە.

کۆچی دوایی ئەو نووسەر و ڕووناکبیرە، زیانێکی دیکەیە بۆ بواری ڕۆشنبیریی کوردی، هیواخوازین هاوخەمیی دۆست و دڵسۆزان و هۆگرانی بەرهەمەکانی ناوبراو ببێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووریتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە.

جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و خوای گەورە گیانی خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا الیه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی

پارتی دیموکراتی کوردستان

لەچاو ساڵی رابردوو

هاوردەی زێڕ بۆ هەرێمی کوردستان لە 20٪ کەمی کردووە

وتەبێژی سەندیکای زێڕینگەرانی هەولێر: لە هاوردە و هەناردەی زێڕدا هەولێر لە پێش سلێمانییەوەیە



زێڕینگەرێک: بەراورد بە مانگی پێشوو نرخی زێڕ دابەزیووە و هاوواڵتیان زیاتر زێڕ دەفرۆشن تا بیکڕن



ڕاپۆرت و فۆتۆ: عەلی بانیشاری

وتەبێژی سەندیکای زێڕینگەرانی هەولێر ڕایدەگەیەنێت هاوردەی زێڕ بەراورد بە ساڵی رابردوو لە 20%کەمیکردووە.

لەبەربوونی چەند کێشەیەک لە نێوان فرۆکەخانەی بەغدا و هەولێر ئاماری هەناردە و هاوردەی زێڕی هەرێمی کوردستان لە میدیا بڵاو ناکرێتەوە. زێرنگەرێکیش ئامادە بۆ ئەوە دەکات نرخی یەک کیلۆگرام زێڕی عەیارە 24 لەچاو مانگی رابردوو 1700 دۆلار کەمیکردووە.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری خشڵ لە وەزارەتی پلاندانانی حکوومەتی هەرێم 120 وەرشەی دروستکردن و چاککردنەوەی زێڕ لە هەرێمی کوردستان هەن و 1400 مولکەتی زێرنگەریش بە هاوڵاتیان دراوە. هەندێک وەرتی، وتەبێژی سەندیکای زێرنگەرانی هەولێر بە (خەبات)ی گوت" هەناردە و هەناردەی زێر لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە زیاترە لە سلێمانی".

گوتیشی" لەبەر چەند هۆکارێک ئاماری هاوردە و هەناردەی زێڕ بڵاو ناکرێتەوە".

هەندێن وەرتی ئاشکرایکرد ئەمساڵ لەچاو ساڵی رابردوو هاوردەی زێڕ بۆ هەرێمی کوردستان لە 20% کەمیکردووە. یەکێک لە هۆکارەکانی کەمبوونەوەی هاوردەی زێڕ بۆ کەمی خواستی هاوڵاتیان لەسەر کڕینی زێڕ دەگەڕێتەوە. وتەبێژی سەندیکای زێرنگەرانی هەولێر دەشڵێت" بازرگانان و کۆمەڵ فرۆشانی زێڕ بە پلەی یەکەم زێر لە دوبەی هاوردە دەکەن و بە پلەی دووەمیش لە تورکیا".

ناوبراو باسی لەوەشکرد بازرگانان زێڕی شکاو بەکارهاتووی خەڵک لە کوردستان دەتوێننەوە و پاشان دەیکەنەوە قاڵب و دوای پشکنین دەیبەنە دوبەی و ئەستەنبوڵ، لەوێ دووبارە زێڕی نوێ و بە دیزاینی نوێوە دەهێننەوە هەرێمی کوردستان.

زێڕ چەند جۆرێکی هەیە لەوانەش:(کوێتی، هیندی، سەنگافورە، دوبەی).

ڕاستی مەهدی مەلا عەلی، خاوەنی زێرنگەری ڕاستی لە بازاڕی شنرویی شاری هەڵەبجە بە (خەبات)ی گوت" یەک کیلۆ زێڕ بەراورد بە مانگی رابردوو 1700دۆلار کەمیکردووە".

گوتیشی" ئەمڕۆ پێنج شەمە 10ی تشرینی یەکەمی 2019 یەک کیلۆگرام زێڕی عەیارە 24 لە بۆرسەی جیهانیدا بە 48300دۆلارە". ناوبراو ئەوەشی گوت" نرخی زێڕ لە چاو چوار مانگی لەمەوبەردا نزیکەی 7%بەرزبووەتەوە". خاوەنی زێرنگەری ڕاستی لە بازاڕی شنرویی شاری هەڵەبجە ئاماژەی بەوەشدا ئاڵوگۆڕییەکانی نێوان ئەمریکا لەگەڵ چین و ئێران نرخی زێڕی بەرزکردووەتەوە.

ڕاستی مەهدی مەلا عەلی، خاوەنی زێرنگەری ڕاستی لە بازاڕی شنرویی شاری هەڵەبجە بە (خەبات)ی گوت" یەک کیلۆ زێڕ بەراورد بە مانگی رابردوو 1700دۆلار کەمیکردووە".

گوتیشی" ئەمڕۆ پێنج شەمە 10ی تشرینی یەکەمی 2019 یەک کیلۆگرام زێڕی عەیارە 24 لە بۆرسەی جیهانیدا بە 48300دۆلارە". ناوبراو ئەوەشی گوت" نرخی زێڕ لە چاو چوار مانگی لەمەوبەردا نزیکەی 7%بەرزبووەتەوە". خاوەنی زێرنگەری ڕاستی لە بازاڕی شنرویی شاری هەڵەبجە ئاماژەی بەوەشدا ئاڵوگۆڕییەکانی نێوان ئەمریکا لەگەڵ چین و ئێران نرخی زێڕی بەرزکردووەتەوە.

ڕاستی مەهدی مەلا عەلی، خاوەنی زێرنگەری ڕاستی لە بازاڕی شنرویی شاری هەڵەبجە بە (خەبات)ی گوت" یەک کیلۆ زێڕ بەراورد بە مانگی رابردوو 1700دۆلار کەمیکردووە".

گوتیشی" ئەمڕۆ پێنج شەمە 10ی تشرینی یەکەمی 2019 یەک کیلۆگرام زێڕی عەیارە 24 لە بۆرسەی جیهانیدا بە 48300دۆلارە". ناوبراو ئەوەشی گوت" نرخی زێڕ لە چاو چوار مانگی لەمەوبەردا نزیکەی 7%بەرزبووەتەوە". خاوەنی زێرنگەری ڕاستی لە بازاڕی شنرویی شاری هەڵەبجە ئاماژەی بەوەشدا ئاڵوگۆڕییەکانی نێوان ئەمریکا لەگەڵ چین و ئێران نرخی زێڕی بەرزکردووەتەوە.

ڕاستی مەهدی مەلا عەلی، خاوەنی زێرنگەری ڕاستی لە بازاڕی شنرویی شاری هەڵەبجە بە (خەبات)ی گوت" یەک کیلۆ زێڕ بەراورد بە مانگی رابردوو 1700دۆلار کەمیکردووە".

گوتیشی" ئەمڕۆ پێنج شەمە 10ی تشرینی یەکەمی 2019 یەک کیلۆگرام زێڕی عەیارە 24 لە بۆرسەی جیهانیدا بە 48300دۆلارە". ناوبراو ئەوەشی گوت" نرخی زێڕ لە چاو چوار مانگی لەمەوبەردا نزیکەی 7%بەرزبووەتەوە". خاوەنی زێرنگەری ڕاستی لە بازاڕی شنرویی شاری هەڵەبجە ئاماژەی بەوەشدا ئاڵوگۆڕییەکانی نێوان ئەمریکا لەگەڵ چین و ئێران نرخی زێڕی بەرزکردووەتەوە.

ڕاستی مەهدی مەلا عەلی، خاوەنی زێرنگەری ڕاستی لە بازاڕی شنرویی شاری هەڵەبجە بە (خەبات)ی گوت" یەک کیلۆ زێڕ بەراورد بە مانگی رابردوو 1700دۆلار کەمیکردووە".

گوتیشی" ئەمڕۆ پێنج شەمە 10ی تشرینی یەکەمی 2019 یەک کیلۆگرام زێڕی عەیارە 24 لە بۆرسەی جیهانیدا بە 48300دۆلارە". ناوبراو ئەوەشی گوت" نرخی زێڕ لە چاو چوار مانگی لەمەوبەردا نزیکەی 7%بەرزبووەتەوە". خاوەنی زێرنگەری ڕاستی لە بازاڕی شنرویی شاری هەڵەبجە ئاماژەی بەوەشدا ئاڵوگۆڕییەکانی نێوان ئەمریکا لەگەڵ چین و ئێران نرخی زێڕی بەرزکردووەتەوە.

ڕاستی مەهدی مەلا عەلی، خاوەنی زێرنگەری ڕاستی لە بازاڕی شنرویی شاری هەڵەبجە بە (خەبات)ی گوت" یەک کیلۆ زێڕ بەراورد بە مانگی رابردوو 1700دۆلار کەمیکردووە".

گوتیشی" ئەمڕۆ پێنج شەمە 10ی تشرینی یەکەمی 2019 یەک کیلۆگرام زێڕی عەیارە 24 لە بۆرسەی جیهانیدا بە 48300دۆلارە". ناوبراو ئەوەشی گوت" نرخی زێڕ لە چاو چوار مانگی لەمەوبەردا نزیکەی 7%بەرزبووەتەوە". خاوەنی زێرنگەری ڕاستی لە بازاڕی شنرویی شاری هەڵەبجە ئاماژەی بەوەشدا ئاڵوگۆڕییەکانی نێوان ئەمریکا لەگەڵ چین و ئێران نرخی زێڕی بەرزکردووەتەوە.

ڕاستی مەهدی مەلا عەلی، خاوەنی زێرنگەری ڕاستی لە بازاڕی شنرویی شاری هەڵەبجە بە (خەبات)ی گوت" یەک کیلۆ زێڕ بەراورد بە مانگی رابردوو 1700دۆلار کەمیکردووە".

گوتیشی" ئەمڕۆ پێنج شەمە 10ی تشرینی یەکەمی 2019 یەک کیلۆگرام زێڕی عەیارە 24 لە بۆرسەی جیهانیدا بە 48300دۆلارە". ناوبراو ئەوەشی گوت" نرخی زێڕ لە چاو چوار مانگی لەمەوبەردا نزیکەی 7%بەرزبووەتەوە". خاوەنی زێرنگەری ڕاستی لە بازاڕی شنرویی شاری هەڵەبجە ئاماژەی بەوەشدا ئاڵوگۆڕییەکانی نێوان ئەمریکا لەگەڵ چین و ئێران نرخی زێڕی بەرزکردووەتەوە.

ڕاستی مەهدی مەلا عەلی، خاوەنی زێرنگەری ڕاستی لە بازاڕی شنرویی شاری هەڵەبجە بە (خەبات)ی گوت" یەک کیلۆ زێڕ بەراورد بە مانگی رابردوو 1700دۆلار کەمیکردووە".

گوتیشی" ئەمڕۆ پێنج شەمە 10ی تشرینی یەکەمی 2019 یەک کیلۆگرام زێڕی عەیارە 24 لە بۆرسەی جیهانیدا بە 48300دۆلارە". ناوبراو ئەوەشی گوت" نرخی زێڕ لە چاو چوار مانگی لەمەوبەردا نزیکەی 7%بەرزبووەتەوە". خاوەنی زێرنگەری ڕاستی لە بازاڕی شنرویی شاری هەڵەبجە ئاماژەی بەوەشدا ئاڵوگۆڕییەکانی نێوان ئەمریکا لەگەڵ چین و ئێران نرخی زێڕی بەرزکردووەتەوە.

ڕاستی مەهدی مەلا عەلی، خاوەنی زێرنگەری ڕاستی لە بازاڕی شنرویی شاری هەڵەبجە بە (خەبات)ی گوت" یەک کیلۆ زێڕ بەراورد بە مانگی رابردوو 1700دۆلار کەمیکردووە".

گوتیشی" ئەمڕۆ پێنج شەمە 10ی تشرینی یەکەمی 2019 یەک کیلۆگرام زێڕی عەیارە 24 لە بۆرسەی جیهانیدا بە 48300دۆلارە". ناوبراو ئەوەشی گوت" نرخی زێڕ لە چاو چوار مانگی لەمەوبەردا نزیکەی 7%بەرزبووەتەوە". خاوەنی زێرنگەری ڕاستی لە بازاڕی شنرویی شاری هەڵەبجە ئاماژەی بەوەشدا ئاڵوگۆڕییەکانی نێوان ئەمریکا لەگەڵ چین و ئێران نرخی زێڕی بەرزکردووەتەوە.



هۆکاری کەمی ئافرەت لە میدیادا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

لە ژمارە 5828ی ڕۆژی 16-9-2019-ەوە لاپەڕەی ڕیپۆرتاژ بەناونیشانی (هۆکاری کەمی ئافرەت لە میدیادا بۆچی دەگەڕێتەوە؟) دابەزیووەو تیایدا وتەکانی خاتوو چنار نامیق لەگەڵ وتەکانی ڕۆژنامەنووس ئاڤان جەمال تێکەڵ بووە، بۆیە بە پێویستمانزانی دەقی وتەکانی خاتوو چنار نامیق وەک خۆی بڵاوبکەینەوە.

لاپەڕەی ڕیپۆرتاژ

چنار نامق مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین- بەشی ڕاگەیاندن گوتی: ئەگەر باس لە ڕۆڵی ئافرەت بکەین ئەوە بێگومان ئافرەت ڕۆڵی خۆی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بەپێی پێویست نەگێڕاوە هەرچەندە کرانەوەیەک هەیە لەو ڕووەوەی ئافرەتان ڕووەکەنە کارکردن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

لەڕوی چۆنییەتییەوە دەرفەتی پۆستە باڵاکان یان بریاردان لە لایەن یەک جۆری کۆمەڵایەتییەوە کۆنترۆڵ کراوە کە پیاوانن. و زۆربەی ئەو ئافرەتانەی لە دەزگاکان کاردەکەن ئاراستە دەکرێن.

تائێستا ئافرەتان بە دەگمەن نەبێت نەیانتوانیوە یان دەرفەتیان بۆ نەڕەخساوە بگەنە پۆستە باڵاکانی نێو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەهەرێمی کوردستان.

لەڕوی چەندایەتییەوە ئەوە ڕێژەی ئافرەتان بەرێژەی پیاوان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەراورد ناکرێت چونکە زۆر کەمترن.

جیاوازییەکی زۆر هەیە لەڕوی ژمارەوە لەنێوان ژمارەی ئافرەتان و پیاوان کە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندندا کار دەکەن.

کەواتە دەکرێت بگوترێت ناهاوسەنگیی هەیە بۆ ئەم مەبەستە ئاماژە بە چەند هۆکارێک دەکەین. کە لەناو دەزگاکانەوە سەرچاوە دەگرن:

- ڕێگری و مۆنۆپۆڵ کردنی دەسەلات لەلایەن پیاوانەوە
- بەرتەسکی زەمینەی ئازادی کارکردنی ئافرەتان بەهۆی ڕێگری بنەماڵە و کۆمەڵگەوە.
- هۆکارێکی تر خودی ئافرەتان خۆیانن کە نەیانتوانیوە گرنگی بە بەهرە و تواناکانیان بدەن لەو بوارەدا.
- باری خێزانی ژنان بەتایبەت کێشەکانی منداڵ کەوادەکات ناوە ناوە لەکار دابەڕێت
- گرنگیدان بە فۆرمی ژنان لە هەڵبژاردنیان بۆ کارکردن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن نەک تواناکانیان. پشتگوێ خستنی توانا جدییەکان لەو بوارەدا.
- پەیرەوکردنی میزاجی کارکردن نەک میتۆدی کاردن: ئەوەی بووە بەدیاردە لە دەزگاکان ئەوەیە بەرپرس و بەڕێوەبەری دەزگاکان ئەوەندەی بە میزاجی خۆیان کاردەکەن نیو ئەوەندە بە میتۆد کار ناکەن ئەمەش بۆخۆی بەربەستێکی گەورەیە لە پێش کارکردنی ئافرەت و پێشکەوتنی لە بواری میدیا کە وادەکات ئافرەت سڵ بکاتەوە لەوەی کار لەگەڵ ئەو جۆرە بەرپرسانە بکات.
- تێڕوانینی نامۆ بۆ کارکردنی ژنان لە ڕاگەیاندندا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە.

تەنانەت کاتێ ڕیکلامی بازرگانی بۆ زۆر کەرەستە دەکرێت تێیدا سوکایەتی بە پێگەی ژن دەکرێت، لەبەرامبەر وەرگرتنی پارەی ڕیکلامدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن چاوپۆشی لەم دیاردەیە دەکەن.

قەزای سۆران.. دەرمانخانەی هاتوچۆ بەسەر قوتابیانی کوڕ و کچی شەهیدان دابەشکرا





ڕەنجبەر بەرزنجی_ن_سۆران

بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سۆران و کەسوکار و بنەماڵەی شەهیدان دەرمانخانەی هاتوچۆ بەسەر نزیکەی (500) قوتابی کوڕ و کچی شەهیدانی هەر سێ قەزای سۆران و ڕواندز و چۆمان هاتە دابەشکردن لای خۆشییەوە بەڕێوەبەری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سۆران ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو دەرمانەیە تایبەتە بەو قوتابیانەی کە لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەخوێنن.

دەرمانخانەی هاتوچۆ بۆ نزیکەی (500) قوتابی لە بەردەوامی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە خزمەتکردنی کەسوکار و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان ,لە مەراسیمێکدا و بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سۆران و کەسوکار و بنەماڵەی شەهیدان ,دەرمانخانەی هاتوچۆ بەسەر قوتابیانی کور و کچی شەهیدانی هەر سێ قەزای سۆران و ڕواندز و چۆمان هاتە دابەشکردن لەمبارەیەوە (عەشقی مەلا) بەڕێوەبەری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سۆران بەمشێوەیە بۆ خەبات هاتە دوان ,ئاشکرایە خەرجی خوێندنی قوتابیانی کور و کچی شەهیدان کە لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەخوێن لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، هەر لەو ڕاستاییەدا ساڵانە دەرمانخانەی هاتوچۆ بەسەر قوتابیانی کوڕ و کچی شەهید دابەش دەکرێت، کە بۆ قوتابیانی دەرەوەی شار (950000) نۆسەد و پەنجا هەزار دینار و بۆ قوتابیانی ناوشار (450000) چوارسەد و پەنجا هەزار دینارە و لەو مەراسیمەشدا ئەو دەرمانەیە بە سەر نزیکەی (500) کور و کچی شەهیدی سنووری هەر سێ قەزای سۆران و ڕواندز و چۆمان هاتە دابەشکردن.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/10/13 ژمارە (5847)
خەبات



بەکر کەریم حەسەن*

رۆڵی کاریگەری مامۆستا

چینییەکان دەڵێن (ئەوەی زمان شیرینی و ڕووخۆشیم لەگەڵ دەکات دووژمنمە، ئەوەی گلەیی و گازاندەم لێ دەکات مامۆستامە).

مامۆستا رۆڵی سەرەکی و گرنگی هەیە لە بنیاتنانی کەسایەتی قوتابی و بنیاتنانی بیروهۆزری قوتابی، کاریگەری مامۆستا هەر بە تەنها پەیوەست نییە بە لایەنی فێرکردن، بەڵکو رۆڵی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەلایەنی پەروەردەکردنی قوتابی، بۆیە مامۆستا کۆمەڵێ ئەرک و بەرپرسیاریەتی گرنگی هەیە بەرامبەر قوتابی و پێویستە پابەند بێت بە سەرجەم ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکانی بەرامبەر قوتابیان تاوەکو لە کۆتایدا بەرهەم و ئەنجامی باش بەدەست بهێنێت، ئەویش بنیاتنانی کەسایەتی قوتابی قوتابییە و بنیاتنان و پەرەپێدانی هزرو بیری قوتابییە، کە قوتابیش تاکێکە لە تاکەکانی کۆمەڵگە، وە بنیاتنانی کۆمەڵگە دەوەستێتە سەر بنیاتنانی تاک کە قوتابییە، بۆیە پێویستە مامۆستا بەوپەڕی دڵسۆزی و لە خۆبووردەییەوە قوتابی پەروەردە بکات کە لە کۆتاییدا کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو سەر هەڵدەدات.

واتە پیشەی مامۆستا هەستیار و کاریگەرو یەکلاکەرەوەیە لە کۆی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، بۆیە دەبێ مامۆستا هەردەم پێشەنگ و نموونەیەکی جوان بێت لە کۆمەڵگە بە تایبەتی لە قوتابخانە و لە ناو پۆل لە پێش قوتابییەکانی هەڵس وکەوت و ڕەفتار و کردار و گوفتاری ئەوپەڕی پەروەردەیی و نەرم و نیان و هەماهەنگ بێت و بەردەوام ئامۆژگاری قوتابییەکانی بکات لە سەر ڕەوشت و هەڵس وکەوتەکانیان بە گشتی و شارەزایی و زانیاری تەواوی هەبێت لە سەر ناوی قوتابییەکانی و توانا و کارامەییەکان و چالاکییەکانیان، هەروەها بزانێ قوتابیان گرنگی و بایەخیان بۆ بابەتەکان چۆنە و لە هەمان کاتیشدا هەوڵ بدات پێداویستی و داواکاری قوتابییەکان جێ بەجێ بکات لە هۆرەکانی فێرکردن و پەروەردەکردندا. ئەوەشمان لە بیر نەچێت نابێت مامۆستا بابەتەکەی فەرامۆش بکات، پێویستە بەردەوام پەرە بە پسپۆڕی خۆی بدات و بابەتەکە ئامادە بکات و کۆنترۆلی پۆل بکات لە ڕووی بابەت و پەروەردەییەوە، گرنگە بەردەوام پەیوەندی باشی لەگەڵ سەرجەم قوتابییەکانی هەبێت، جودا لەوەش گرنگە پەیوەندی بەردەوامی هەبێت لەگەڵ کەس وکاری قوتابی لە پێناو بەرژەوەندی قوتابی تا بەرهەدوولا مامۆستا و خێزان بتوانن کێشەی قوتابی چارەسەر بکەن ئەگەر هاتوکێشەیەک هەبێت، گرنگە مامۆستا گوێ گرێکی باش بێت بۆ قوتابییەکانی و بە سینگی فراوان و پشوو درێژ بێت لەگەڵیان و بەردەوام هانی بەهرەداران بدات و کار بکات لە سەر پەرەپێدانی تواناکانیان، هەمیشە مامۆستا نموونەی هەرە بەرز و پێشەنگە لای قوتابی بە چاوی ڕێز و شانازییەوە تەماشای دەکات، لە هەمان کاتدا پێویستە مامۆستاش ئەو وێڕانە زیندووە بێت پاریزگاری لەو ئەمانەتە بکات کە قوتابییە، ئەمانەتی دایک و باوک و کۆمەڵگەیە لای مامۆستا تا بەباشترین شێوە پەروەردەی بکات و فێری بکات، بە چاوی یەکسانی و دادپەروەری تەماشای سەرجەم قوتابیان بکات، سەرکەوتنی مامۆستا لە پۆل و لە قوتابخانە پەیوەستە بە دادپەروەری مامۆستا، چونکە دادپەروەری بنچینەی سەرکەوتنە.

*** بەڕێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر.**

سیستەمی بریتش کاونسڵ چی لە بارودۆخی خوێندن لەڕووی زانستی و پەروەردەییەوە لە قوتابخانەکاندا دەگۆڕێت؟



ڕۆشنا عەلی

سیستەمی بریتش کاونسڵ ئەو سیستەمەی ماوەی چەند ساڵێکە وەزارەتی پەروەردە پێوەی سەرقاڵە دەیەوێت وەک بنەمایەک بۆ چاودێریکردنی پڕۆسەی خوێندن پشتی پێ ببەستێت ، وەک ئەوەی لە وڵاتانی دنیادا هەیە بە تایبەتی لە بەریتانیاو چەند وڵاتێکی تر سیستەمەکە بریتییە لە خۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و ئامانجیش لێی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پەروەردەیی قوتابخانەکانە بەپێی سیستەمەکەش دەسەڵاتێکی تەواو دەداتە دەست بەڕێوەبەر کە بتوانێت بەو جۆرەی ئاڕاستەی قوتابخانەکە پێویستێتی لەگەڵ سەرپەرشتیارێک وەک هاوڕێی ڕەخنەگرو چەند لیژنەیەک کارەکان بەڕێوەبەرێت ، لێرەوە دەپرسین ئایا ئەم سیستەمە دەتوانێت ئاستی قوتابخانەکان لە هەردوو ڕووی پەروەردەیی و زانستییەوە بەرزبکاتەوە ؟ ئایا کەم و کوڕی و لایەنی نەرێنی ئەم سیستەمە چییە ؟ئایا لە هەموو سنوورەکانی هەرێمی کوردستان دەتوانرێت وەک یەک جێبەجێدەبێت وهەمان ئامانج بپێکێت ؟ ئایا بەپێی قۆناغەکانی خوێندن لەهەرسێ قۆناغی باخچەو بنەڕەتی و ئامادەیی جێبەجێدەکرێت و هەمان ئامانج بەدیدەهێنێت ؟ئەمانەو چەندین پرسیاری دیکەمان ئاڕاستەی چەند سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەرێک کرد وەک بەدواداچوونێک بۆ بابەتەکە:

لە پەروەردەی میرگەسوور

هێمن بورهان حسێن سەرپەرشتیاری کارگێڕی لە پەروەردەی میرگەسوور دەربارەی خاڵی نەرێنی سیستەمی بریتش کاونسڵ بەتایبەتی لەپەروەردەکەی ئەوان و کاریگەرییەکەی ئاماژەی بەوەدا کە خاڵی سلبی ئەم سیستەمە لە پەروەردەکانی دەرەوەی شارەکان و دوورە دەستەکان زۆرترە لە ناوشارەکان ئەو لەمبارەیەوە وتی : ئێمە لە دوو ڕووەوە کێشەمان هەیە یەکەم لە ڕووی یەکەی سەرپەرشتیکردنەوە بۆ نموونە ئەم پەروەردەیەی ئێمە لەگەڵ یەکەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەی سۆران زۆر جیاوازی هەیە کە ڕەنگە ژمارەیەکی زۆر سەرپەرشتیاری هەبێت وهەر سەرپەرشتیارێک پێنج قوتابخانەی بەردەکەوێت وەک هاوڕێی ڕەخنەگر ، کە دەبێتە لیژنەی هەڵسەنگاندنیش واتە دەستەی سەرپەرشتیار دەبێتە پانزە قوتابخانە ، بەڵام لە پەروەردەیەکی وەک پەروەردەی میرگەسوور ئێمە کە شانزە سەرپەرشتیارین هەریەکەمان نۆ قوتابخانەمان بەردەکەوێت واتە کاری دوو سەرپەرشتیار دەکات جگە لەوە ئێمە زۆر جار باسی ئەرک و ماف دەکەین کە زیاتر لایەنی مادی ڕەچاو دەکرێت ئێمە سەرپەرشتیارین نۆ قوتابخانەمان بەردەکەوێت سەرپەرشتیاری پەروەردەیەکی تر پێنج قوتابخانەی بەردەکەوێت هەمان مافیشمان هەیە من ئەگەر نۆ قوتابخانەم هەبێت و هەر قوتابخانەیەک لەماوەی مانگێک دوو سەردان بکەم زۆرە لەبەر هەندێک گرفت کە بۆ نموونە من شوێنی نیشتەجێبوونمان نێرە نییە ئێمە سوود لە هەینی شەمە وەردەگرین ڕۆژێکمان هەیە پابەندین بە دەوامی خۆمان دەبێت لەدەوام بین پێنج ڕۆژ دەمێنێ بەماوەی مانگێک دوانزە سەردانمان هەیە بێتە سیانزە من 25سەردان دەکەم و مافێکی زیاترمان وەرناگرم ئەمەش بمانەوێ یان نا ڕەنگ دەداتەوە لەسەر کارەکانی من ، لەلایەکی تر ئێمە کێشەی میلاکمان هەیە کە ئەمەش ڕێگرە لە جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە تا ئەمەش چارەسەر نەکرێت ئەم پرۆژەیە ناتوانێت وەک ئەوەی هەیە جێبەجێبکرێت و بیگەیەنینە ستاندارد ئێمە 134قوتابخانەی بنەڕەتی و 25ئامادەییمان هەیە یەک ڕێنماییکارمان هەیە کە بە پێی ڕێنماییەکی دەبێت هەتبێت. کێشەیەکی تر ئەنجومەنی دایبابانە و خەڵکی ئەم ناوچەیەش ئەوەندەی خەریکی کارکردن و مەجالی ئەوەی نییە بێت لەگەڵ من بێتە ئەنجومەنی بەڕێوەبردن.

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا بەمجۆرە بێت چۆن ئەتوانین پشت ئەستوور بین بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی پەروەردەیی قوتابخانەکان کە ئەم بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابخانەکەی بێت مامۆستا سەعدی وتی : بەڕێوەبەر ناتوانێت ڕۆڵی تەواو ببینێت و دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشە لە قوتابخانەکاندا کە جۆرە دیکتاتۆرییەتێک دروست دەکات ،چونکە هەموو دەسەڵاتێکی لایە ، هەرچەندە تارادەیەک ئەرکی بەڕێوەبەری سەرکەوتوو قورس دەکات و سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگر دەبێتە پاڵپشتی وەک ڕاوێژکار بۆی نییە بڕیار بدات وە هاوڕێی ڕەخنەگر دەبێتە هاوکارو پاڵپشتی بەهێزکردنی پێگەی بەڕێوەبەرەکە ، من لێرەوە پێشنیار دەکەم هاوڕێی ڕەخنەگر ببێتە (یاریدەدەری گەڕۆک).

لایەنی نەرێنی

مامۆستا سەعدی لەبارەی لایەنی نەرێنی سیستەمەکەوە لەبارەی ئەم سیستەمەوەو کە تاچەند بۆ شێوازی پەروەردەی ئێمە گونجاوە ئامادەی بەوەدا کە ئەم سیستەمە بە هیچ شێوەیەک هاوکار نییە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و بگرە بە پێچەوانەوەیە ئەو لەمبارەیەوە وتی "ئەم سیستەمە هاوکار نییە لەبەرزکردنەوەی ئاستی زانستی ، چونکە ئەرکی سەرپەرشتیاری پسپۆڕی وەلا دەخرێت هیچ ڕۆڵێکی نامێنێ ،چونکە تەنها بەڕێوەبەری قوتابخانە هەڵسەنگاندنی 100%دەکات بۆ(مامۆستاو یاریدەدەر)بۆفوونە ئەگەر بەڕێوەبەر پسپۆڕی عەرەبی بێت چۆن دەتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ بابەتە زانستییەکان بکات ، ئەگەر مامۆستاکە هەڵەش بکات بەڕێوەبەر نازانێت چاکی بکات ، چونکە پسپۆڕی ئەو نییە قوتابییەکە بەهەڵە فێر دەبێت ئەمەش چەند ساڵێکی دیکە هەستی پێ دەکەین کە چەند ئاستی زانستی دادەبەزێت لەبارەی نەبوونی سەرپەرشتیاری پسپۆڕیش ئەو سەرپەرشتیارە وتی : ئەم سیستەمە دەبێتە هاندانی دروستبوونی مامۆستای تایبەت یاخوود مامۆستای بازرگان کە قوتابی هەژار بروتێنێتەوە ، چونکە قوتابی فێر نابێت ناچار دەبێت پەنا ببرێت بۆ(وانەی تایبەت).

گونجاندن و کاریگەری بەپێی قۆناغەکان

دەربارەی ئەوەی کەتاچەند بۆ هەمو قۆناغەکان وەک یەک کاردانەوەی دەبێت لەمبارەیەوە ئەو سەرپەرشتیارە وتی: بە هیچ شێوەیەک گونجاو نییە بۆ قۆناغی (7هەتا 12) چونکە پسپۆڕی دەوری تێدا دەبینێ ، بەڕای من لەوانەیە بگونجێ بۆ قۆناغی 6-1ی سەرەتایی ،چونکە پسپۆڕی ڕۆڵی تێدا نابینێت لای ئێمە پڕۆگرامەکانییان گشتییە.

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا بەڕێوەبەر تاچەند دەتوانێت ڕۆڵی تەواو ببینێت و پێوەرێکی تەندروست بۆ مامۆستاکان پەیڕەو بکات لەسەر بنەمای ستارە وەک لە شەقڵاوە کە کاریگەرییەکەی کەمترە وەک لە هەولێر.

سەربەخۆبوونی قوتابخانەکان

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا ئەم سیستەمە باس لە سەربەخۆبوونی قوتابخانە دەکات بەڵام تەنانەت پارەی حانووت سەربەخۆی نییە ئایا ئەم سیستەمە پێویستی بەلایەنێکی دارایی نییە پاڵپشتی قوتابخانەبکات ؟مامۆستا هێمن لەمبارەیەوە وتی : ڕاستە سەربەخۆبوون ئەوەیە تەنانەت بەڕێوەبەر بتوانێت مامۆستا بۆخۆی دابینبکات و گرێبەست لەگەڵا مامۆستا بکات وەک قوتابخانەی ناحکومی کە مەرجی لەسەر دادەنێت ، چونکە بەڕێوەبەر ئەگەر لە ئاستی یەک هاتەوە لادەبرێت کە خەتای ئەوی تێدا نییە میلاکی سفرە و تەنها وانە بێژی هەیە وانەبێژیش هەر کاتێک بیەوێت ئەڕوات تەنها فۆرمێکی پێ پڕبکرێتەوە هیچ بەڵێن و یاسایەک نایگرێتەوە.

مامۆستا جەهبی بەڕێوەبەری قوتابخانەی میرگەسووری هاوڕێی بنەڕەتی بۆ خەبات لەبارەی قورسی ئەرکی ئەوان وەک بەڕێوەبەرو کاریگەری لەسەر قوتابخانەکەی وتی : کێشەی ئێمە لە میلاکە میلاکمان کەمە و پێشم وایە لە پەروەردەیەکی وەک میرگەسوور ئەو کاریگەرییە بەهێزەی نەبێت هەرچەند بەرنامەی سیستەمەکە بەرنامەیەکی باشە.

ئەرکی سەرپەرشتیاری پسپۆری

مامۆستا سەعدی نەقشبەندی سەرپەرشتیاری پسپۆڕی زیندەوەرزانی لە شاری سلێمانی بایکۆتی ناوەندەکانی خوێندن بڕستی لە پرۆسەکە بڕیبوو لەم کاتەدا پرۆژەکە وەک هەناسەیەکی ژیاندنەوە گیانی کردەوە بەبەریدا ..بەڵێ دەتوانین بڵێین گۆڕانکاری دروست دەکات و ئاستەکە بەرزدەکاتەوە بەڵام بە هەل ومەرجی تایبەتی خۆی وەک ئەوەی کە ئامادەم پێدا.

دەربارەی ئەوەی کە ئایا کاریگەرییەکەی چۆنە لەسەرهەرسێ قۆناغەکانی خوێندن ئەم سەرپەرشتیارە بۆچوونێکی جیاوازی هەبوو کە پێی وایە کاریگەرییەکانی ئیجابین بۆهەر قۆناغێک بەپێی قۆناغەکە مامۆستا سۆران وتی : پرۆژەکە ڕەونەق و جوانییەکی بەخشیوە بە ناوەندەکانی خوێندن بێگومان ئاوا پرۆژەیەک بۆ هەر قۆناغێک بەگوێرەی ئاست و قۆناغی خۆی کاریگەری بەجێدەهێڵێت ، بەشێوەیەکی گشتی هەمو توانا و کارامەییە مرۆییەکانی دامەزراوەی قوتابخانە وەک تیم دەچنە ژێر بەرپرسیاریەتی جێبەجێکردنی ئەرک و بەرەوپێشبردنی.بێگومان ئەم گۆڕانکاریانەش لەکاتێکدا ڕووددەن سەرکردایەتیەکی بەتوانا ڕابەرایەتی کۆی دامەزراوەکە بکات

پسپۆڕی

ئەویش هەمان بۆچوونی هەیە کە پڕۆژەکە ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پسپۆڕی لاوازکردووە ئەو وتی : دیارە لەم پرۆژەیەدا ڕۆڵی سەرپەرشتیکردن لە ڕووی پسپۆڕیەوە لاواز دەکات ، بێگومان ئەمەش کاریگەریەکی نەرێنی دروست دەکات ، بەڵام خاڵە ئەرێنیەکانی پرۆژەکە پەردەی لەسەر ئەم دیاردەیە داوە چاوپۆشی لەم لایەنەکردووە و بە گرتنەبەری چەند هەنگاوێک بۆ پرکردنەوەی ئەم کەلێنە کۆڵی داوە ، وەک ئەوەی بەڕێوەبەر لە لاوازی مامۆستایەکی هاوڕێی ڕەخنەگر ئاگادار بکات و ئەویش بە سەرپەرشتیاری پسپۆڕی ڕابگەیەنێت تاکو ڕێنمایی بکات و سەردانی مامۆستاکە بکات یاخود لە خولی شیاندن و بەهێزکردنی پسپۆڕیدا بەشداری پێ بکات ..لەکاتێکدا ئەم ڕێ و شوێنانە گرەنتی چارەسەری گرفتەکەناکات ، چونکە بەڕێوەبەر مەرج نیە زانیاری لەسەر ئەو پسپۆڕیە هەبێت لەلایەک و پێدەچێت لە ڕوی مامۆستا دامێنێت و شەرم لەگەیاندنی کەموکوڕیەکانی بکات.

ئاستی بەڕێوەبەر

دەربارەی بەرپرسیاریەتییەکانی بەڕێوەبەر کە ئایا بەڕێوەبەر دەتوانێت ئەم بەرپرسیاریەتییە جێبەجێبکات وەک خۆی ئەو سەرپەرشتیارە وتی: بێگومان بەڕێوەبەر ستون و ڕایەڵی سەرەکی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە لەبەر ئەوە پێویستە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکەبیر لە کارامەیی و توانا و بەرپێ بەر بکەینەوە پاشان چاوەڕێی سەرکەوتن لە پرۆژەکە بکەین



سەرپەرشتیارێکی پەروەردەی هەڵەبجە:
بەڕێوبەر ستون و ڕایەڵی سەرەکی پرۆسەی پەروەردەو فیرکردنە لەبەر ئەوە پێویستە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکەبیر لە کارامەیی و توانا و بەرپێ بەر بکەینەوە پاشان چاوەڕێی سەرکەوتن لە پرۆژەکە بکەین



سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی لە پەروەردەی سلێمانی:
پسپۆڕی وەلانراوە، بەڕێوبەری قوتابخانە هەڵسەنگاندنی 100% دەکات بۆ مامۆستاو یاریدەدەر ئەگەر بەڕێوبەر پسپۆڕی عەرەبی بێت چۆن دەتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ بابەتە زانستییەکان بکات،



سەرپەرشتیارێکی پەروەردەی لە میرگەسوور:
ئێمە بە 134 قوتابخانەی بنەڕەتی و 25 ئامادەی یەک ڕێنمایکارمان هەیە ویەکی نۆ قوتابخانەمان بەردەکەوێت وەک هاوڕێی ڕەخنەگر هەمان مافیشمان هەیە



خولی ڕاهێنانی بەڕێوبەرەکان لەسەر سیستەمەکە



نموونەیەک لە دید و پەیامی/ سیستەمی قوتابخانە

لە 74ەمین ساڵیادی چوونی لەشکری بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان







خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

ئەمڕۆ ((74)ساڵ بەسەر چوونی مەلا مستەفا بارزانی بۆ هاوکاریکردنی یەکەمین کۆماری جوانەمەرگی کوردستان تێپەڕ دەبێت، بە مەبەستی هاوکاریکردنی ئەو کۆمارە بارزانی نەمر و پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی لە (11/10/1945)گەیشتنە مەهاباد بۆ بەگری کردن لە کۆماری کوردستان. یادکردنی ئەم ڕۆژە مێژوویی خستنەڕووی هەوڵێستێکی نیشتیمانپەروەرانەی بارزانی و بارزانییەکانە کە هەموو ژیانی خۆیان تەرخانکرد بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانی گەلی کورد. بۆیە ئەمڕۆ هەموو خەڵکی کوردستان متمانەی تەواویان بە بارزانی و کادیرانی ڕێبازی بارزانی هەیە، کە تەنها ئەوان خەباتکارن بۆ بەدیهێنانی مافی ڕەوای خەڵکی کوردستان پارێزەری ڕاستەقینەی خاکی کوردستانن لە هەموو داگیرکارێک.

ئەم ڕاستیەش مێژووی پارتی و بارزانی لە ڕابردوو سەلماندوویەتی، هەروەها ئەمڕۆش قوربانی و فیداکاری لە داستانەکانی شەڕی دژی (داعش) و داستانەکانی پاراستنی کوردستان لە پردێ و سحێلا و مەحمودییە و زومار و تەلسقوف شایەتی ئەوەن کە نەک تەنها لە مێژوودا بەڵکو لە ئێستا و لە داهاتووشدا بارزانی و ڕێبازی بارزانی پارتی دیموکراتی کوردستان تەنها خەباتکاری مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان دەبن و تەنها ئەوان پارێزەری خاکی کوردستانن.

بۆ زیندوو کردنەوەی ئەم یادە مێژوییە، سودمان لە کتێبەکەی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی (بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەرگی یەکەم 1931- 1958)وەرگتووە کە کتێبێکی دانسقەیە لە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی بزاقی ڕزگاریخوازی کوردستان. هەروەها سودمان لە چاوپێکەوتنی هەڤاڵانی بارزانی نەمرە وەرگتووە کە پێشووتر لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاومان کردۆتوە، بەداخەوە ئێستا ئەو بەڕێزانە کۆچی دواییان کردووە.

خوالێخۆشبوو هەڤاڵی بارزانیی نەمر و پێشمەرگەی قارەمان مام(حەسۆ کشکار میترگەسۆری) لە دیدارێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات دەربارەی چوونی بارزانی نەمر و هەڤاڵەکانی، گوتی: لە دوای شەڕێکی نابەرامبەر لە گەڵ ڕژێمی حکوومەتی عێراقی ئەو کات دوژمن لە 3 بەرە هێرشیان هێنایە سەردەڤەری بارزان و ناوچەی میترگەسۆر و بەرە و دەڤەری مەزنێ پەرەیسەند. شەڕ لە مەیدان مۆرێک دەستی پێ کرد، کە تێیدا چەندین دەسکەوت بەدەست هات و چەندین مرۆڤی ئێمە شەهید بوون. لەبەرەی ئاکرێ لەوێش حکوومەتی عێراق حەرەکەتی کرد، لەبەرەی دۆڵی دینارتە بارزانیی نەمر خۆی سەرپەرشتی شەڕێکی قورسی کرد و کاتێ سوپا و جاشەکان وێستیان چیای پیرس هاتە گرتن، لە ئامێدیش شەڕ تا باڵندە پەڕەی سەند و لەلای ڕێکانیان تا وەکو دلۆ و ستونە و ئەرگۆش شەڕ بەردەوام بوو، بە ناچاری عەشیرەتی بارزانیەکان بە مااڵ و خێزان و ئەو ڕێگایەی کە ناخۆشترین و سەختترین ڕێگای پیادەبوو بە تینوویەتی و برسیەتی کەوتینەڕێ لە ڕێگای کێلەشین، مەرگەوەڕ چووینە ڕۆژهەاڵتی کوردستان گەیشتنمان بۆ ڕۆژهەاڵتی کوردستان مانگێکی خایاند.

جەنابی سەرۆک (مسعود بارزانی) لە کتێبی (بارزانی وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد1932-1958) بەرگی یەکەم پێش چوونی لەشکری بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەاڵتی کوردستان نووسیویەتی: شۆڕش لەهەر جێگایەک بێ، پێویستی بەوکەسانە هەیە کە لەواتەی شۆڕش تێ دەگەن، شۆڕش دەستەواژەیەکی بازرگانی نییە و بەڵێنی کار نییە، بگرە کردەیەکی گرانە هەموو کەسێک پێ ناکرێ، دەبێ شۆڕشگێڕ بکاتە مواڵکی میللەتی خۆی و خاوەنی توانین و هەناسەی درێژ، کە ئەم ڕەشتانەش لە سەرۆک هۆزەکاندا نییە، ئەوان خاوەنی ناوەزییەکی کەمن و تەنیا لە بەرژەوەندی بچووکی خۆیان تێ دەگەن. پیاوەکانی ئیمپیریالیزمی ئینگلیز کە خاوەن مەشق بوون، ئەو ڕاستییەیان باش دەزانی کە هەرچەندە شۆڕشگێڕان سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێنابێ بەسەر حکوومەتدا، بەاڵم ئەم سەرکەوتنانە خوێن هاتووەتە دی و زۆری فیداکاری ویستووە. سەرۆک هۆزەکان بەرامبەر حکوومەت خۆیان بەکەم دەزانی و گوێ لە مستی پۆاڵیستێک بوون، کەچی لە گەڵ یەکتر ناوا بەفیز بوون.حکوومەت زۆری تەقەاڵ دا سەرۆک هۆزەکان ڕاکێشێتە لای خۆی و دژی شۆڕش چەکیان پێ هەڵگرێ، دەمێ بە هەڕەشە و دەمێ بە تەما وەبەرنان، لەم تەقەاڵیانەدا ئەفسەرە ئینگلیزەکانیش بەشدار بوون.

لەبارەی پەنابردنی بارزانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەاڵت جەنابی سەرۆک (مسعود بارزانی) لە بیرەوەرییەکان نووسیویەتی: ئامانجی بارزانی بۆ پێکهێنانی ئاواتە ڕەواکانی گەلی کورد بوو. هەموو ڕەنجێکی بەردەوام دەهاتنە سەر گوندەکانی دەڤەری بارزان و مااڵ و منداڵ بۆمبە باران دەکرد. بۆ ڕزگارکردنی گیانی سڤیل و ژن و منداڵ، خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی بارزان و بارزانیی نەمر بە مااڵ و خێزانەوە بارزانییەکان ڕوومان کردە ئێران. دوای شەڕ گەیشتینە نزیک شانەدەر لە گوندی مەزنێ لە ڕۆژهەاڵتی عەشیرەتی دۆلەمەریان، لە جەبهەی ئاکرێش سەری

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٧٣٩٠٢٥ بەروار ٢٠١٥/٥/٢٥ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی بەناز جلال محمد علی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

ناسنامەي خانەنشین پێشمەرگە بەناوی ظاهر رسول محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

مەنەفێست بەناوی: کۆمپانیای صباح نعمان رشید جۆری ئۆتۆمبێل: لکزس LX٥٧٠ / ٨ پستۆن ڕەنگ ڕەش مۆدێل ٢٠١٩ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٢٨٤ کاتی سلیمانی/ ٢٠١٩ ژمارەی شاصی: JTJHY٠٠W٥K٤٢٩٢٧٢٣ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی کۆمپانیای سەرباز یوسف رمضان جۆری ئۆتۆمبێل مارسیدس شاصی تك ویل دبل قەارە ڕەنگی: سپی مۆدێل: ٢٠١٢ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٢٢٤٦٣ کاتی دهۆك ژمارەی لاشە (شاصی) WDB٩٣٠٢٠٣١L٦١٣٩٧٣ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پێناسی باری شارستانی بەناوی(جێگر برهان عمر) ون بووە، هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی لە ئاغجەلەر (٠٧٥٠٨٧٠١٧٤١)

کارتی نیشتمانی نوسینگەی تەق تەق بەناوی(چاوەڕێ قوربانی مصطفی) ون بووە، هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠٦٩٣٥٩٥٨)

مۆلەتی شوفێری /گشتی/ کۆیە بەناوی(هاشم نادر صالح) ون بووە، هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠١٥٦٨٢٤٩)

* * *

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای قارا جۆری ئۆتۆمبێل ساحبە زراعیە نیوهولند مۆدێل ٢٠٠٦ ڕەنگ/ شین+ ڕەش ژمارەی ئۆتۆمبێل ٧٧٤٧ کاتی دهۆك ژمارەی شاصی: ACM٢٦٣٩٢٨ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

مديرية تنفيذ زاخو

العدد/ ٩٤٠/تنفيذ/٢٠١٩

التاريخ/ ٢٠١٩/١٠/١٠

تبليغ بمذكرة الاخبار بالتنفيذ

الى/ المدين:- فرهاد جهال ياسين

العنوان السابق/مجهول محل الاقامة

نظرا لمجهولية محل اقامتك حاليا عليه بموجب المادة (٢٧) من قانون التنفيذ قررنا تبليغك عن طريق النشر في صحفتين محليتين للحضور امام مديريه تنفيذ زاخو أو من ينوب عنك و ذلك عن الدين المتعلق بذمتك في الاضبارة التنفيذية المرقمة ٧١٩/ تنفيذ/٢٠١٩ بمبلغ قدره (٣٨٥٤٣٤٦٩) ثمانة و ثلاثون مليون و خمسمائة و ثلاثة و اربعون الف و اربعمائة و تسعة و ستون دينار عراقي مع رسم التحصيل، و بعكسه سوف تتخذ هذه المديرية الاجراءات القانونية بحقك بعد مرور الفترة القانونية البالغة (١٥) خمسة عشرة يوما من اليوم التالي لنشر هذا التبليغ.

منفذ عدل زاخو/ خضر محمد حسن

* * *

محكمة بداءة /العادية

العدد/٣٠/ب/٢٠١٩

التاريخ/١٠/١٠/٢٠١٩

اعلام

الى المدعى عليه السادس (كيفي عبدالرحمن سليم) مجهول محل الاقامة اقام المدعون (صلاح الدين اسماعيل حسن ولزكين قاسم محمد وشركاءهوالاشخاص الثالثة عماد حسين محمد وعلي حسين محمد وشركاءه) الدعوى البدائية المرقمة (٣٠/ب/٢٠١٩) عليك امام هذه المحكمة ويطلبون فيها ب (اعادة القوة التنفيذية للقرار الصادر من هذه المحكمة بالعدد ١٤٠/ب/٢٠٠٦ في ٢٠٠٦/١٢/٣ والخاص بازالة شيوع حق التصرف في القطعة المرقمة ٥٥٧ بستان روبال العمادية) عليه ولمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار العمادية المرفق بكتاب مركز شرطة العمادية بالعدد (١٨٥١) في ٢٠١٩/٩/٢٤ عليه قررت هذه المحكمة تبليغك عن طريق النشر في صحيفتين محليتين يوميتين للحضور في يوم المرافعة المصادف يوم ٢٠١٩/١٠/٢٩ وعند عدم حضورك او ارسال من ينوب عنك سوف تجرى المرافعة بحقك غيابيا حسب الاصول

القاضي / طارق رمضان صالح

* * *

دادگای باری کەسی لە خەبات

ژمارە: ٣٧٧/ش/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٩

جاردان

بۆ داوالێکراو (صوفيا صباح كريم)

ئاماژە بە داوای ژمارە ٣٧٧/ش/٢٠١٩ کە تایبەتە بە داواکار (امیر ستار ابراهیم) دادگا لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٦ بڕیاری دا بە (تصدیق طلاق خارجی) لەنێوان تۆو هاوسەرەکەت بەناوی (امیر ستار ابراهیم) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی رزگاری/ هەولێر) بڕیار درا بەپێراگەیاندنت بەدوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆیە تۆ مافی پێداچوونەوە و ناڕەزایەت هەیە لە ماوەی ١٠ ڕۆژ لە پێراگەیاندنت بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادەر/ مسعود سعيد صديق

* * *

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ١٠٥

ئاگاداری

لەسەر داوای هاوڵاتی (محسن سعيد جوامير) نەوەی (جوامير دلو قادر) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵدەستێت بە ڕاستکردنەوەی ناو:- لە (جوامير بن دلو بن طه) بۆ (جوامير دلو قادر) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٣٩ ، ٧٤ ، ٨٤ ، ١٣٣) کەرتی ٦٨/زیارت کبير الغربیە, کە لەساڵانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراون, پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢١) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.

كاروان ابراهيم اسماعيل/ سەرۆکی لیژنە ٢٠١٩/١٠/٦

* * *

دادگای تاوانی هەولێر/١

ژمارە: ٣٠٥/ج/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٩

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ حسن عبدالكريم مصطفى

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٤٥١ لەیاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بڕیاردرا پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەمای دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/١٢/١٦ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٦٨٦

ڕێکەوت/٢٠١٩/١٠/١٠

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر موڵکی بەشی قەرزار موڵکی ژمارە ١٩/٢٠١ کە کەوتوەتە ك ٤٦ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار کامل حمید احمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی منصور محمد سلطانی بەبڕی/ ١٣٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئاڕەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١٩/٢٠١ ك ٤٦ وارش

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ لە باڵەخانەیەکی (٣) نهۆم نهۆمی (١) دوکان مخزن و نهۆمی دووەم و سێیەم کۆمپانیای میهران بۆ دەرگاو پەنجەرە تێدایە.

٥ – ڕووبەرەکەی/٢٠٠ م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/

٨ – نرخی قرساو/ ٢١٠,٠٠٠,٠٠٠ دوو سەدو دە ملیۆن دینار.

* * *

دادگای بەرایی سلێمانی/٥

ژمارە: ١٨٢٧/ب/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٤

ئاگاداری

داواکار/ ئاهەنگ صالح احمد

داوالەسەر کراو/ هونەر رضا احمد

بۆ داوالەسەرکراو بەناوی (هونەر داواکار (ئاهەنگ) داوای ژمارە (١٨٢٧/ب/٢٠١٨) لەسەرت تۆمارکردوە لە دادگای بەرایی سلێمانی/٥ کە تیایدا داواەکات بە گەڕانەوەی قەرز بە بڕی (٤٧٥٠٠٠٠) چوار ملیۆن و حەوت سەدو پەنجا هەزار دینار بۆ داواکار و خستنە ئەستۆی تێچووی داواکە بکەوێتە سەر داوالەسەرکراو .وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی واژۆو مۆری موختاری گەرەکی گوندی (زرگوێزی گەورە) بڕیە دادگا بڕیاردا بە ئاگادارکردنەوەت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆ بۆ ئامادەبوونت بەخۆت یاخود لەڕێگەی بڕیکارێکی یاسایی لە دادگا لەڕۆژی دادبینی کە دەکاتە ڕۆژی (٢٠١٩/١١/٣) کاتژمێر (٩:٥٥) سەرلەبەیانی وە بەپێچەوانەوە دادگا بە نائامادەیی بڕیار دەردەکات بەرامبەرت .

دادەر/ د.ماجد رشاد محمد

* * *

دادگای باری کەسێتی سلێمانی /٢

ژمارە: ٣٩٩٦/ش/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١٠/٩

ئاگانامە

داواکار / بەهروز محمد صالح احمد

داوالەسەرکراو/ باخان نجم الدين حمه غريب

داواکار (بەهروز محمد صالح احمد) داوایەکی بە ژمارە (٣٩٩٦/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردوە لەسەرت وە لەم داوایە داوای (گۆڕایەڵبوونی ژن) دەکات وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار .دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە .وە ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠١٩/١٠/٢٢) سەعات (٩) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبن یان بڕیکار نەنێرن ئەوا دادگا بە نائامادەیی (غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.

دادەر/ د.طه عمر رشيد

* * *

دادگای باری کەسێتی/١

ژمارە : ٣٨٩٥/ ش / ٢٠١٩

بەروار: ٩ / ١٠ / ٢٠١٩

ئاگاداری

داواکار: سۆکار علی غفور

: ناونیشان : سلێمانی

داوالەسەرکراو: سیرینپۆڕن جایکۆ مینپك : ناونیشان : نادیارە

داواکار (سۆکار علی غفور) داوایەکی بە ژمارە (٣٨٩٥/ ش / ٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردوە لەسەرت، وەلەم داوایەدا هاتووە بە (پەسەند کردنی طەلاقی دەرەکی)، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە بەمەبەستی ئامادەبونت لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەرواری (٢٠١٩/١١/١٠) سەعات (٩:٣٠) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن خۆتان یان بڕیکارتان نەنێرن ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .

دادەری یەکەم / د. سردار علی عزیز

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە: ٢١٣٩/ب/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٨

جاڕدان

بۆ/ داوالێکراو (هستان عبدالستار جمعه)

داواکار (غازی قادر عبيدالله) داوای ژمارە (٢١٣٩/ب/٢٠١٩)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بەگەڕاندنەوەی بڕی (٦١,٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر/گەڕەکی دریم ستی) لە ٢٠١٩/٩/١٧ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/١١/٤) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادەر/محمد بهاءالدين عبدالله

* * *

دادگای کەتنی تەق تەق

ژمارە/٢٧/ کەتن/ ٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٨

ئاگانامەی ئاگادارکردنەوە

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (سامان نامق شفيق)

لەبەر ئەوەی تۆمەتباری بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ وە سەلماندنی هەڵاتنت و نادیاری شوێنی نیشتەجێت لەکاتی ئێستادا. دادگا بڕیاری دا پاڵپشت بەمادەی (١٤٣) لەیاسای بنەمای سزاییەکان ئاگادارت بکاتەوە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەر دەم دادگای کەتنی تەق تەق لە ڕۆژی (٢٠١٩/١٢/١٦) وەبەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملەو بەپێی یاسا.

دادەر/ محسن صالح محمود

* * *

دادگای کەتنی تەق تەق

ژمارە/٢٥/ کەتن/ ٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٠

ئاگانامەی ئاگادارکردنەوە

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (سامان نامق شفيق)

لەبەر ئەوەی تۆمەتباری بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ وە سەلماندنی هەڵاتنت و نادیاری شوێنی نیشتەجێت لەکاتی ئێستادا. دادگا بڕیاری دا پاڵپشت بەمادەی (١٤٣) لەیاسای بنەمای سزاییەکان ئاگادارت بکاتەوە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەر دەم دادگای کەتنی تەق تەق لە ڕۆژی (٢٠١٩/١٢/٩) وەبەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملەو بەپێی یاسا.

دادەر/ محسن صالح محمود

* * *

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

دعوة عطاء

تأسيس اتفاقية تجهيز و نصب مولدات بمختلف الاحجام

1- المتطلبات: يدعو مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق – بغداد الشركات ذات الكفاءة والمسجلة أصولياً لدى الحكومة العراقية لتقديم عطاءها لتأسيس اتفاقية تجهيز و نصب مولدات بمختلف الاحجام.

رقم العطاء	تفاصيل المادة	يمكن الحصول على أوراق العطاء من خلال الرابط التالي:
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/444	تأسيس اتفاقية نصب و تجهيز مولدات بمختلف الاحجام	https://www.ungm.org/Public/Notice/98267 كذلك يمكنك طلب أوراق العطاء من خلال إرسال إيميل الى IRQBASUP@UNHCR.ORG والرجاء كتابة رقم العطاء أدناه في إيميل الطلب HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/444

2- توقيتات مهمة:

الإجراءات	التاريخ والوقت – بتوقيت العراق
اخر موعد لإستلام الأسئلة / الإستفسارات للعطاء	27 تشرين الاول 2019 الساعة 23:59 توقيت العراق
اخر موعد لإستلام العطاءات / تاريخ غلق العطاء	09 تشرين الثاني 2019 الساعة 23:59 توقيت العراق

ملاحظة : عطاءات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين هي مجانية وليس هناك أي مبالغ تدفع مقابل الحصول على هذه العطاءات .
يمكنكم الحصول على أوراق العطاء من خلال موقع الأمم المتحدة للسوق العالمية ***UNGM*** أو من خلال إرسال طلب عن طريق الأيميل
IRQBASUP@UNHCR.ORG

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

Invitation to Bid (ITB)

Establishment of a Frame Agreement for the supply and installation of generators of Various Capacity

1. Requirement:

The Office of the United Nations High Commissioner for Refugees (UNHCR) in Baghdad invites qualified companies to make a firm proposal for the establishment of a Frame Agreement for the supply and installation of generators of Various Capacity

Tender Reference Number	Tender Item Description	Tender Documents
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/444	Establishment of a Frame Agreement for the supply and installation of generators of Various Capacity	The RFP document available at the link below for downloading: https://www.ungm.org/Public/Notice/98267 The RFP documents can also be requested by sending an email to: IRQBASUP@UNHCR.ORG Please quote reference HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/444 in the subject

2. IMPORTANT DATES FOR THIS RFP:

Calendar of Activities		
The above dates are tentative and may vary from actual dates, UNHCR will provide additional notice if needed		
No	Action description	Dates
1	Tender issuance	10 October 2019
2	Closing date for the clarifications	27 October 2019, 23:59PM
3	Closing date for submission of proposals	09 November 2019, 23:59PM

Note: UNHCR tenders are free of charge, no fees are charged to download the tender documents from the UNGM website

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٠٦٣/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٥
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عباس محمد علی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سیتەك) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / زیاد بشیر محمد
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٦٧٣/ت/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/٩/١١
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عماد سالم خلف
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢/٢١) لەیاسای (چەك ژمارە ١٦ لە ساڵی ١٩٩٦) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (چەمچەماڵ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / احمد حجی داهر
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ١١٨/ت/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/٨/٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: حکمت رضا فرج
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٢) لەیاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / احمد حجی داهر
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ١٢٩٠/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/١٠
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو:
سەفین عزیز حمە خواکرم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٣٠) لەیاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئازادی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر محمد نوری
* * *
دادگای کەتنی لە رانیە
ژمارە: ٢٣٤/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٩/١٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: دانا
عبدالله عبدالرحمن
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی بەشی (١/٢٣) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رانیە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامە ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١١/٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نایف عثمان رمضان
* * *
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ١٠٤٣/ش/٢٠١٩
رێکەفت: ٢٠١٩/١٠/٧
راگەهاندن
بو/ داوالێکری: سعدی خالد سعید
ل دیف داخازیا داواکار (زینب جمیل علی) و کێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا:
(اثبات زواج) کری و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجی بونا تە بو دادگەهێ ل دیف نفیسارا بەربژارێ (دهوك – محلة روناهی) ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادەبی ل روژا (٢٠١٩/١٠/١٦) یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهاتە پاشەملی هێتە کرن.
دادوەر/ مروان عادل اسماعیل
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٣٩٥١
رێکەوت/٢٠١٩/١٠/٩
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی بەشی قەرزار مولکی ژمارە ١٥٩/١٠٠٥ کە کەوتوەتە ك ٤٥ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار قاسم قادر وسو کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی احمد عبدالسلام اسماعیل بەبڕی/ ١٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کرپارە.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ژمارە ١٥٩/١٠٠٥ ك ٤٥ وارش
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لە دوو خانوو پێك دێت هەر خانوێك پێك دێ لە دوو ژوورو مطبخ و حمام و مرافق بلۆك کۆنکریت دروستکراوە.
٥ – رووبەرەکەی/٢٠٠ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ٦٠,٠٠٠,٠٠٠ شەست ملیۆن دینار.
* * *
دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە: ٢٠٨/ب/٢٠١٩
رێکەفت: ٢٠١٩/٨/٢٢
ئاگەهداری
لدویف بریارا مە یا ژمارە (٢٠٨/ب/٢٠١٩) ل ٢٠١٩/٨/٢٦ لدور ژنافبرنا بەهرا (ازالة شیوع) ژ ئاقارێ ژمارە (٢/٧٧ کەرتێ نەصارا) کو سەخلەتین وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ روژا دا دەست پێدکت ژ روژا دی یا بەلافکرنێ د دوو روژنامێن روژانەدا و هەر کەسێ بڤێت پشکداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکت داکو ١٠٪ دابین بکەت ژ کوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی (٧٠٠٠٠٠٠٠٠) دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر روژا لسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لەسەر ئێك زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.
دادوەر/ یوسف الیاس سدن
سەخلەت:-
جۆرێ ئاقاری مولکینی یە و رەگەزێ وێ دوکانن و رووبەرێ وێ ٩١١,٤٩م٢، (٢٠) دوکان لسەر هاتینە ئاڤاکرن ژ بلوکان و بانێ وان چینکویە (٣) دوکان ژ وان د کەڤتە سەر جادا گشتی و (٧) ژوان ڤالانە و بێت دی کرێدار تێڤە هەنە، و خزمەت گوزاری لێ هەنە وەکو ئاڤ و کارەب.
* * *
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ١٣٣٢ /ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ١٠ /٢٠١٩/١٠
راگەهاندن
بو/داوالێکری (ڤیان بیبو قادر) ل دویف داخازیا داواکار (شریف ابراهیم حسن) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی ژ تە کریە وژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجی بونا تە بو دادگەهێ ل دویڤ نڤیسارا بەربژارێ گوندێ مالتا سەری ل رێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٧ ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل روژا ٢٠١٩/١٠/١٧ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهاتە پاشەملی هێتە کرن
دادوەر/ زیرڤان احمد حسین
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٤٩٢ / ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/١٠
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (هیڤی عبدالرحمن ابراهیم)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)ی یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب رێیا دوو روژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ (١٥/پازدە) رۆژا ژ رۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لرێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا رێکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیة) وبەروڤاژی دێ نەچاری رێکێن یاسایی یێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بین
ژڤان عزیز محمد / رێڤەبەر
(جێ بەجێ کاری داد)
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٥٧٤/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٩/٢٩
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (خالد عبدالقادر محمد جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (رشا هیثم عبدالجبار) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ داخازێ تێدا دکەت داینگەها زاروکا (الحضانه) بو زاروکا خو یا کچ (روان ژ دایك بووی ٢٠٠٨/١١/١٥) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەداریا دەستەکا هەلبژیر ل قەزا تلکیفی تاخێ حی القدس بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو روژنامەییەن روژا نەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا روژا ٢٠١٩/١٠/٣٠ ول بەروڤاژی ڤێ جەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ١١٧/ج/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٩
بۆ/ تۆمەتبارانی هەلاتوو (فؤاد نورالدین نجم – هۆگر فؤاد نورالدین- جێگر فؤاد نورالدین – مریوان مولود صالح)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی ئێوە تۆمەتبارن بەپێی ماددە ٤٠٦ لەیاسای سزایی وە سەلماندنی هەلاتنتان و نادیاری جیگاکەتان لەکاتی نێستادا بۆیە بریاردرا و پالپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی راگەیاندنتان لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٨ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
* * *
دادگای لێکۆڵینەوەی دەشتی هەولێر
ژمارە: ٢٣٦١
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٩
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (خبات حسین باپیر حسین)
دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێل لەبەر ئەوەی بریاری دەستگیرکردنت هەیە بەپێی مادەی ٤٠٦ ی.س بەدەلالەتی مادەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) وە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ئەحکامی مادەی (١٢١) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بریاری داوە بە دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێلەکەت بە ژمارە (٩٩٥٠٠/ سلێمانی/ تایبەت) جۆری (شوفرلێت ایپکا) بۆیە پێویستە لەسەرت لەماوەی (٣٠) رۆژ خۆت ڕادەستی دادگا یان نزیکترین بنکەی پۆلیس بکەی بەپێچەوانەوە ئۆتۆمبێلەکەت دەبێتە مولکی دەوڵەت.
دادوەر/ نیگار احمد محمد
* * *
دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە: ٢٢٤/ك/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٥
ئاگاداری
تاوانبار/ حوصت حمدامین موسی
ئەم دادگایە بەپێی داوای ژمارە ٢٢٤/ك/٢٠١٧ لە رۆژی ٢٠١٩/٩/٢ بریاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەپێی ماددەی (١/٤٢٨أ) لەیاسای سزادان بەو پێیەی کە لەرۆژی دادگای کردندا ئامادە نەبوویت هەرچەندە ئاگادارکراویتەوە وە بەهۆی هەڵاتنت و نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بریارمان دا بەئاگادار کردنەوەت بەم بریارە لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆوە کە خۆت بدەیت بەدەست ئەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس وە ئەگەر لەماوەی یاسایدا تانەو پێداچوونەوەی ئەم بریارە نەکەیت ئەوا بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نایف عثمان رمضان
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٠٦٩/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٦
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: تانیا بهاءالدین نصرالدین
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣٠٨) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (دەستەی دەست پاکی) لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٢/٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / زیاد بشیر محمد
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ١٢٢٤/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٥
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: بەرێز بهزاد عزت ناوی دایکی: چیمن کریم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمەر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / کامل تۆفیق سعید
* * *

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

دعوة عطاء

تأهيل محطة ضخ مياه العياضية في قضاء تلعفر في محافظة نينوى في العراق

1- المتطلبات: يدعو مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق – بغداد الشركات ذات الكفاءة والمسجلة أصولياً لدى الحكومة العراقية لتقديم عطاءها لتأهيل محطة ضخ مياه العياضية في قضاء تلعفر في محافظة نينوى في العراق.

رقم العطاء	تفاصيل المادة	يمكن الحصول على أوراق العطاء من خلال الرابط التالي:
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/447	تأهيل محطة ضخ مياه العياضية في قضاء تلعفر في محافظة نينوى في العراق	https://www.ungm.org/Public/Notice/98263 كذلك يمكنك طلب أوراق العطاء من خلال إرسال إيميل الى IRQBASUP@UNHCR.ORG والرجاء كتابة رقم العطاء أدناه في إيميل الطلب HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/447

2- توقيتات مهمة:

الإجراءات	التاريخ والوقت – بتوقيت العراق
اخر موعد لإستلام الأسئلة / الإستفسارات للعطاء	28 تشرين الاول 2019 الساعة 23:59 توقيت العراق
اخر موعد لإستلام العطاءات / تاريخ غلق العطاء	09 تشرين الثاني 2019 الساعة 23:59 توقيت العراق

ملاحظة : عطاءات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين هي مجانية وليس هناك أي مبالغ تدفع مقابل الحصول على هذه العطاءات .
يمكنكم الحصول على أوراق العطاء من خلال موقع الأمم المتحدة للسوق العالمية ***UNGM*** أو من خلال إرسال طلب عن طريق الأيميل
IRQBASUP@UNHCR.ORG

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

REQUEST FOR PROPOSAL (RFP)

Rehabilitation of Al-Ayadhiya booster/pumping station in Tal Afar district, Ninawa Governorate

1. Requirement:

The Office of the United Nations High Commissioner for Refugees (UNHCR) in Baghdad invites qualified companies to make a firm proposal for the rehabilitation of Al-Ayadhiya booster/pumping station in Tal Afar district, Ninawa Governorate.

Tender Reference Number	Tender Item Description	Tender Documents
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/447	Rehabilitation of Al-Ayadhiya booster/pumping station in Tal Afar district, Ninawa Governorate	**The RFP document available at the link below for downloading:** https://www.ungm.org/Public/Notice/98263 **The RFP documents can also be requested by sending an email to:** IRQBASUP@UNHCR.ORG **Please quote reference HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/447 in the subject**

2. IMPORTANT DATES FOR THIS RFP:

Calendar of Activities		
The above dates are tentative and may vary from actual dates, UNHCR will provide additional notice if needed		
No	Action description	Dates
1	Tender issuance	10 October 2019
2	Closing date for the clarifications	28 October 2019, 23:59PM
3	Closing date for submission of proposals	09 November 2019, 23:59PM

Note: UNHCR tenders are free of charge, no fees are charged to download the tender documents from the UNGM website

Crescent Petroleum

Vacancy Announcement

Position Title	**Civil Engineer**
Direct Supervisor	Construction Manager - Civil
Department	Projects
Job Location	Khormor – Qader Karam
Job Reference: CE/P/Oct/19	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
Takes the lead for construction activities as directed by Civil Construction Manager. Plan for civil activity right from start to completion with HSE, Quality and Schedule as the major deliverables. Report/ Highlight if there is any compromise with HSE, Quality and Schedule. Initiates corrective activities on site to meet yardstick pertaining to Quality and Schedule. Record work executed and potential change in scope of work.
Reports to Construction Manager – Civil.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENCIAL FUNCTIONS

Work Responsibilities

1. Ensure that the Permit to Work (PTW) system is followed for every civil construction activity on site.
2. Monitor all civil construction activities at Khormor KM500 project site.
3. Supervise and lead Contractor/ Sub Contractors team of Engineers, skilled, semi-skilled supervisors and their workforce.
4. Supervise and ensure that the bulk earthworks and other civil construction works are in line with good engineering practise and in line with HSE, QA/QC and Engineering Specifications mentioned in the Scope of Works.
4. Keep a daily record book of works executed, quantum of works to be executed, equipment and personnel on site.
5. Keep line manager updated on any possible variations to the Scope of Works.
6. Ensure that equipment operators follow operating guidelines (fitness certification, no overloading, requirement of banksman) etc. during operation.
7. Ensure that QA/QC procedures including tests and test results are inline with requirements prior to proceeding with the next sequential activity. Ability to understand and implement Inspection and Test Plans.
8. Ensure that procedures for the safe execution of tasks are in place and adhered to (including Method Statements, Permits-to Work, Risk Assessments, Toolbox Talks and Mass Toolbox Talks).
9. Ensure that all activities are accurately recorded in the daily report in-order to help with planning and mitigation.
10. Implements all HSE guidelines and regulations and ensures compliance with acceptable norms and standards.
11. Ensure that the latest IFC drawings are being referred during the execution of works.

Problem Solving
12. Report potential and identified problems and suggest cost effective solutions and implement when approved, monitors results after solutions are implemented.
Reporting and Communication
13. Reports to the Civil Construction Manager on work responsibilities mentioned above.
14. Exhibits and maintains excellent working relationships with other Company staff (Operations, Asset Protection, Engineering, Camp etc.) and other Contractors / Sub-Contractors.

Continuous Improvement of Position
15. Identify activities that could be improved. Recommends improvement actions and practices to line manager.

Decision–making Authority

Working and Other Reporting Relationships

Construction Manager - Civil	Frequent/daily

Supervisory Responsibility

Supervises Contractor/ Sub-Contractors team of Supervisors, Skilled and semi-skilled personnel.

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Bachelor of Civil Engineering

Minimum Professional Experience Required

5 years of related experience, preferably in Oil & Gas industry

Special Requirements and Conditions

Must be physically fit, able to work under severe weather conditions, rough/ ungraded ground and able to climb ladders and stair cases to elevated work platforms to monitor/repair process equipment

Crescent Petroleum

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Excellent organizational and planning skills • Excellent communication skills in English (spoken & written) • Commitment to continuous learning • Knowledge sharing • Time management • Ability to work under stress • Trouble shooting and problem-solving skills required	• Very good supervisory skills • Able to take swift and sound decisions in case of emergencies in order to assure that the safety of personnel is not jeopardized • Well-developed interpersonal skills • Multi-tasking skills • Cultural awareness	• Experienced in working with safety management systems. • Conversant in developing basic work scopes for contractors • Awareness of tracking quantities • Experienced in working with safety management systems and a basic understanding of local safety management legislation • Sound computer skills in Microsoft Office • Exposure to working to ISO9001 Quality Management System • Experience in onsite field supervision of Heavy Earth Moving and Bulk Earth Works experience

Please submit your application or CV to our office addresses as below, no later than 22 October 2019:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th .

OR

Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Civil Engineer, Ref: CE/P/Oct/19)

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	MovCon Controller
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:

• Responsible for the co-ordination of DNO staff members and their respective travel arrangements throughout the business unit.
•Allocate DNO assets to Journey Management tasks and plan for up to two weeks in advance for all expats travel movements to airheads.
•Through close liaison with Tawke MOVCON office, the MovCon Controller will devise a suitable plan to use assets resourcefully
•Responsible for the daily communications and briefings for the Unarmed Driver Service in Erbil
•Responsible for the transfer of equipment to the DNO field locations
• Monitor the IVMS vehicle tracking system
• Prepare department POB's and submit to the Senior MovCon Controller
• Handle all Movement requests forms and ensure they are submitted to MovCon Supervisor at Tawke
• Prepare MPCE team and DNO driver task sheets
• Constant communications with MovCon Tawke to ensure all employer movement between the relevant business unity is controlled and monitored

Required Qualifications & Experience:
• Minimum 2 years credible prior experience in an office-based role
• Minimum 1 years in oil and gas related security role in challenging security environments.
• Minimum 2 years in a leadership security-based role

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/10/13 ژمارە (5847)

تەرەمپ..
ئەو هاوپەیمانەی متمانەی پێ ناکرێ





سابیر حوسێن

ئایا تەرەمپ دیاریەکی ژەهراوی پێشکەشی ئەردۆگان دەکات ؟
بە گوێرەی پلانی لەشکرکێشییەکەی تورکیا بۆ باکووری رۆژهەلاتی سووریا ، سوپاکەی تورکیا 30کیلۆمەتر دەچێتە ناو قولایی خاکی سووریا و 500کیلۆمەتریش بە پانی هێزەکانی بلاوە پێ دەکات و نزیکەی دوو ملیۆن عەرەبی ئاوارەی تێدا نیشتەجێ دەکات. بەم جۆرەش تورکیا دەگات بەو پیلانەی کە دیۆگرافیای ئەتنی ناوچەکە بگۆڕێ .کورد لەو قەناعەتەدان، کە ئەمەریکا لەپشتەوە چەقوی لێبیان وەشاندووە، تەرەمپ بەم بڕیارە چاوەڕواننەکراوەی لە کشانەوەی لە باکووری رۆژهەلاتی سووریا دیاریەکی ژەهراوی و مینرێژکراوی پێشکەشی سەرۆکی تورکیا کردووە، ئەگەری هەیە سوپای تورکیا لەوێ گیربخوات و نەتوانێ دەربازی بێت.

براوە و دۆڕاوەکان لە بڕیارەکەی ترامپ

لە ئەنجامی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەلاتی سووریا پەرچەکردای زۆر هاتوونەتە ئاراوە. بێگومان ئەوەش بەو مانایە دێ کە تورکیا دەست بە کردەی سەربازی خۆی بەتەواوی کردووە لەو ناوچانەی لەژێر فەرمانڕەوایی کوردەکاندایە. زۆربەی رۆژنامە جیهانیەکانیش پشت تێکردنی ئەمەریکا لە کوردەکانی رۆژئاوا و هاوپەیمانی رووسیا لەگەڵ تورکیادا بە میهرەجانی خیانەتکردن وەسف دەکەن، تاکە دۆڕاویش لەم هاوکێشە کورد دەبێت، چونکە ئەمەریکا دوای ئەوەی شەڕی تیرۆرستانی داعشی بە کوردەکان کرد، ئێستا دوور لە هەمو مۆرالێکی سیاسی پشتی تێکردوون.

جەنگی تورکیا لە سووریا

تورکیا مەبەستیەتی نەخشەی ناوچەیەکی ئارام بۆ ئاوارە عەرەبەکان لە رۆژهەلاتی فورات جێبەجێ بکات. ئەم هەنگاوەی تورکیاش چەندین مەبەستی لە پشتەوەیە. یەکەمیان ئەوەیە کە سنوورەکە بۆ تورکیا ئارام بێت و کۆتایی بە مەسەلەی پەناهەندەکانی ئەو سنوورە بێت. واتە پەناهەندەکان دەبنە سنووربەندێک بۆ ڕەواندنەوەی مەترسی کوردەکانی رۆژئاوای سووریا ، واتە زیاتر لە دوو ملیۆن عەرەبی سووریا لەو ناوچانە نیشتەجی بکات کە بە ڕەسەن زێدی کوردەکانی سوریایە بەمەش گۆڕانکاریەک لە ناوچە دیۆگرافیەکان دروست بکات. جگە لەمەش ئێرانیش لە ڕووی مەزهەبگەراییەوە قازانج دەکات، بۆ ئەم پرۆسەیەی تورکیا کە لەسەر حیسابی کوردەکان کۆتایی دێ، بە هەماهەنگی ڕوسیا و ئێران بووە. ئەمەریکا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە سوریا نارۆێتەوە دەریای بەرژەوەندییەکانی سوریا لە ناوچەکەدا.

دیاری نوێی ئەردۆگان بۆ بەشار و داعش

حەقیقەتێکی تاڵ هەیە، کە ئەمڕۆ گۆڕەپانی خاکی سوریا وەک یاریگایەکی فراوانی لێهاتووە بۆ هەموو ئەو یاریزانانەی دەیانەوێ گۆڵی خۆیان تۆمار بکەن. هەر ئەم یاریگایەیە کە ئەمڕۆ تورکیا مەبەستیەتی لە غیابی دەسەلاتی مەرکەزی لە سوریا گۆڵی خۆی تێدا تۆمار بکات و ئەو خەونە لەمێژینەی بەدی بهێنێ کە بە قولایی 30 کیلۆمەتر لەناو خاکی سوریا ناوچەی پاریزراو بۆخۆی دروست بکات، بەڵام تەنها ئەردۆگان یاریزان نییە لە گۆڕەپانە کراوەکەی سوریادا، هەر ئەویش نییە کە دەیەوێ گۆڵ بکات، بەڵکو ئێرانیش بەهەمان شێوە گەمەی خۆی دەکات و هەژمونی ئێرانی لە ناوچەکەدا بلاوکردۆتەوە، هەروەها ڕوسیاش خۆی بە یاریزانێکی لێهاتوو نیشان داوە و هەرسێ وڵات کەوتونەتە سەر کەلاکی وڵاتێک کە ناوی سوریایە.

ترامپ هاوپەیمانێکە متمانەی پێ ناکرێ

ئەو دەنگدانەوە گەورەیەی لە ئەنجامی هێرشی تورکیا بۆ سەر باکووری رۆژهەلاتی سوریا کەوتۆتەوە لێکدانەوەی زۆری بەدوای خۆی هێناوە. لەم بارەوە رۆژنامەی تایمزی بەریتانی دەربارەی هەڵوێستی ترەمپ جەخت دەکاتەوە کە ترەمپ بەردەوام تویتی ئەوەی کردووە کە هێزەکانیان لە رۆژهەلاتی ناوین دووچاری زیانی مادی و گیانی زۆر بوونەتەوە، بۆیە ناچارە کە بڕیارێکی لەو شێوەیە وەربگرێ. لەکاتێکدا باراک ئۆباما سەرباری ناڕەزایەتی زۆری تورکیای هاوپەیمان، بەڵام بەهەموو شێوەیەک هەماهەنگی و یارمەتی هێزە کوردیەکانی لە سوریا دا. کەچی ئێستا دۆنالد ترەمپ کۆتایی بەهەموو ئەو کارانە هێنا و گلۆپی سەوزی بۆ سوپای تورکیا پێکرد تاوەکو لەشکرکێشی خۆیان دەست پێ بکەن.

ئەردۆگان لەبەردەم بژاردەی گران دایە

هەروەها لە ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی ئاماژە بەوە کراوە کە ئەردۆگان توانیویەتی قەناعەت بە دۆنالد ترەمپ بهێنێ، تاوەکو شەرعیەت بدات بە لەشکرکێشی تورکیا بۆسەر ڕۆژهەلاتی باکووری سوریا . ئێستاش کە پرۆسەکە دەستی پێکرد، ئەردۆگان کەوتۆتە بەردەم بژاردەی زەحمەتەوە. بەر لە هەموویان ئەو تێچووەیە کە جەنگی گرانبەهای ئەم پرۆسەیە لەخۆی دەگرێ و تاکەی بەردەوام دەبێ و کەی کۆتایی پێ دێ ؟ سەرچاوەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەم لەشکرکێشیە بەشێکە لە کەلتوری ئەو گیانبازیەی، کە ئەردۆگان پێی ناسراوە و لێ ناترسێ، چونکە بە دریژایی حوکمڕانیەتی خۆی بەردەوام لە بۆنەکاندا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە تورکیا لەبەردەم هەڕەشەی کوردەکاندایە و ماوەی 40ساڵە لەگەڵ ئەو گرووپە کوردیانە لە جەنگدایە.

سیاسەتی ترەمپ لە سوریا، ڕەنگە ڕێکخراوی داعش زیندوو بکاتەوە

هاوکات لە ڕۆژنامەی ئەندیپێندنتی بەریتانی ڕاپۆرتێکی شیکاری بڵاوکراوەتەوە، تێیدا ئاماژە بە سیاسەتی پەیڕەوکراوی ترەمپ دراوە، کە ڕەنگە پیادەکردنی ئەو جۆرە هەڵوێستانە جارێکی تر ڕێکخراوی داعش بگێڕێتەوە گۆڕەپانەکە.لەو ڕاپۆرتەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ هەمیشە سەرنەکەوتن و نوشست خواردن بووە بەرامبەر هاوپەیمانەکانی واشنتۆن.نزیکترین نمونەش کوردەکانی ڕۆژئاوای هاوپەیمانی ئەمەریکا بوون، کە ترەمپ لە نیوەی ڕێگا بەجێی هێشتن و مەیدانەکەی بۆ تورکیا چۆڵکرد تاوەکو بە ئارەزووی خۆی هێرشیان بکاتە سەر.

گەمەی دۆڕاوەکان لە سوریا

لەشکرکێشی تورکیا بۆ داگیر کردنی سوریا وچۆڵکردنی باکووری رۆژهەلاتی سوریا لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە، بەواتای ئەوە دێ کە واشنتۆن ڕێگەی داوە تورکیا دژ بە کوردەکان جەنگی خۆی بەرپا بکات. ئەو کوردانەی ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لە شکست پێهێنانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە ناوچەکەدا. ئەمەریکا بەو کارەی کوردەکانی وەک بارمتە ڕادەستی تورکەکان کردووە کە بەهەموو شێوەیەک لە ڕووی بەراوردکردنی چەکەوە لەگەڵ کوردەکان هاوتا نین. لەلایەکی تر ئەردۆگان بە ئاشکرا بانگەشە بۆ سڕینەوەی ئەتنی گەلی کورد دەکات لە ڕۆژئاوای سوریا ، بە بیانوی ئەوەی ئەوان بەشێکن لە پارتی کرێکارانی کوردستان و دژ بە تورکیان. لە ناوەڕۆکی ئەو بابەتەدا ئاماژە بە بەڵێنەکانی ترەمپ دەکات لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا کە بەڵێنی داببو کۆتایی بەو شەڕانەی ئەمەریکا بهێنێ کە کۆتاییان نەهاتووە. بە گشتی بڕیارەکەی ترەمپ شەرمەزاری بوو، چونکە ئەو پشتی لەو کوردانە کرد کە خۆیان بە هاوپەیمانی دەزانی. تەنانەت هەر کوردەکان بوون تا کۆتایی لەگەڵ ئەمەریکا هاوپەیمانێکی ڕاستگۆ بوون. بۆیە پرسیاری جیددی ئەوەیە کە ئەمەریکا بۆچی پشتی لە کوردەکان کرد و ئەم هەنگاوەشی چۆن یەک دەگرێتەوە لەگەڵ مەسەلەی لاوازکردنی ئێران؟ ئەی لەحاڵەتی داگیرکردنی تورکیا بۆ ناوچە کوردیەکان چارەنووسی دەیان هەزار داعش و خێزانەکانیان چی بەسەر دێ و چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ و چ کارەساتێک ڕووەدات ئەگەر هاتوو ئەو تیرۆرستانە دزیان کردەوە ناو شانەکانیان و دەستیان بە کردەی تیرۆرستی کردەوە؟ ئەمانە هەموویان پرسیاری جیددین و ئایندە وەڵامیان دەداتەوە.



مانشێت



سکای نیوز:
کیڤن ماکالینانی وەزیری ئاسایشی ناوخۆی ئەمەریکا (بە وەکالەت) دەستی لەکار کێشایەوە .



ڕۆژنامەی ئەڵشەرقولئەوسەت:
لە مۆڵێکی شاری مانچستەری بەریتانیا کەسێک بە چەقۆ هێرشی کردە سەر ژمارەیەک خەڵک و پێنج کەسی بریندار کرد ، پۆلیسیش کەسێکی دەستگیر کرد .



ئەی ئێف پی:
27وڵاتی ئەوروپیو دەسەلاتیان بە میشێل بارنێ دا بۆ ئەوەی سەبارەت بە بڕیکزت لەگەڵ بەریتانیا بکەوێتە دانوستان .



ئیلاف:
بەهۆی سەرهەڵدانی تەنگژەیەکی دارایی تووندەوە نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەیەک ڕێوشوێنی گرتە بەر .



دۆیچە ڤیلە :
پۆلیسی ئەڵمانیا کەسێکی عێراقی دەستگیر کرد کە پێشتر ئەندامی داعش بووە و بۆتە هۆی مردنی منداڵێکی کوردی یەزیدی .



کەنالی ئار تی :
ئەمینداری گشتی ناتۆ ڕایگەیاند کە ڕێکخراوی باکووری ئەتڵەسی لە ماوەی ساڵانی ڕابردووودا 5ملیار دۆلاری لە ژێرخانی سەربازی تورکیا خەرج کردووە .

گرفتەکەی فەیسبووک لە قازانجی تیلیگرام کەوتەوە

"پاڤل دوروڤ"ی دامەزرێنەری تیلیگرام رایگەیاند لەماوەی تەنیا 24 کاژێردا، بەکارهێنەرانی ئەپلێکەیشنەکەی ٣ملیۆن کەسی زیاد کرد. لەمبارەیەوە وێبسایتی Phonearenaی هیندی بڵاویکردەوە کە ئەم ژمارە زۆرەی بەکارهێنەران پەیوەندیدارە بەو گرفتە جیهانییەی فەیسبوک و ئینستاگرام و مێسنجەر و وەتسئەپی گرتەوە و کە لەماوەی ڕابردوودا بەهۆی گرفتەکانی نەیانتوانی داخڵی ئەکاونتەکانیان بن. هەرچەندە راوەستانی فەیسبوک لەکارکردن بووە هۆی زیادبونی بەکارهێنەران بۆ تویتەر بەڵام وادیارە تلیگرام ڕێژەیەکی زۆری بەکارهێنەری نوێی بۆ زیاد بووە. جێی باسە تیلیگرام یەکێکە لەو ئەپلێکەیشنە بەناوبانگانەی پەیوەندیی لەجیهاندا کەلەروسیا و چین و چەند وڵاتێکی تر قەدەغە کراوە و بەکارنایەت.



ئەلیسا

سەرسامی هەیفا وەهبیە!

زۆر جار هونەرمەندان لە داخی یەکتری لێدوانی سەرنج راکێش دژ بە یەکتری دەدەن، لە دواین لێدوانیش گۆڤانیبێژی شۆخی لوبنانی ئەلیسا رایگەیاند کەوا زۆر بە دەرکەوتنی هەیفا وەهبی سەرسام بووە کاتێک بە ستایلی نوێ دەرکەوت و شۆرتێکی سەرنج راکێشی لەبەر کردبوو، لەکاتێکدا هەمان ئەو وێنەیەی هەیفا وەهبی لە نێوەندی هونەری ڕەخنەی زۆری لێگیرابوو، لە تۆزە کۆمەلایەتییەکانیش توانجی زۆریان لێدابوو.

کلتووری وڵات پاراستن



ناشتی گەرمیانی .. هۆڵەندا

هەموومان دەڵێین وە زۆرجار با کلتووری وولات بپارێزین .. تاکە سەروەتی پاراستن و میژوو و دەستکەوتنەکانی مرۆڤ ئەو کەلتوور پاراستنەیە کە خەوی پیوە دەبینین ، بەهۆی کارەسات و وێرانکاری و ڕووداوەکانی کوردستانەوە کەم جار توانیومانە پارێزگاری لەو دەستکەوتە میژوویی یە بکەین ، ئەوەی کە خەمی خۆمان بووە بۆ پاراستنی ڕووحی خۆمان لە ئاگرو ئاسن ، بەڵام ئەوەی کە ماوەتەوە هەوڵی تاکە کەسی بووە کە میژووەیەک نوسراوەتەوە یان ماوەتەوە ، بۆیە کەلتوور پایەیەکی گرنگی مرۆڤ و مرۆڤایەتی یە لەهەموو جیهاندا ، و پایەیەکە بۆ بە شارستانیەت کردنی وولات و شارو شارۆچکەو مانەوەی مرۆڤ لە سەر پێ ی زەوی دا ، ئەوەتا هەموو جیهان شانازی بەکەلتووری دەیان و سەدەکانی خۆیانەوە دەکەن بە هەڵگرتن و بەرەو پێش بردنی و پاراستیان لە ڕووخان و وێران کاری ، هەندێک جار یونسکۆ ئەو پارێزگارییەی کردوە بۆ نەفاوتاندن و لەناو چوونی میژووی وولاتەکە لە کلتوورو ئاسەواری کۆن ، بەڵام ئەوانی تر پارێزگاکان و حکومەت و دەوڵەت ئاوڕی لێ دەداتەوە، هەندێک جاریش خەڵکی ڕۆشنبیرو ڕێکخراوە مرۆییەکان ، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە کەلتووری وولاتی خۆمان لە ڕێگای خزمەتگوزاری و رازاندنەوەو جوانی و گرنگی دان بە بەرنامەو چارەسەر لە ووشکی وولات یان بوژاندنەوەی بۆ داهاتوویەکی جوان و گەش لە وولاتێک کە خاوەن چەندین سەدەی کەلتوورو ڕۆشنبیری و کەرەستە دێرینەکانن ، زۆر وولات شانازی بەو ئامێرانەوە دەکات کە بەکاری هێناون وە بەکاری دەهێنن ، دەیانهلێتەوە یان مرۆڤەکان دەیانپارێزن و لەداهاتوودا لە جێگاو ڕێگاو موزەخانەو نێو شارەکاندا نمایشی دەکەن و سەدان لاوی نوێ چاوی لی دەگرن و بەدوایدا دەچن ، ئەوەی جێگای سەرنجە وە پێویستە کە بکرێت ئەو کەلتوورە دەوڵەمەندەیە کە کوردستان هەیەتی و بتوانێت لە ڕێگای ڕێکخراوو پارێزگاو دەستەکانەوە هەوڵ و کۆمەکی هەرەوەزی بۆ بکرێت و خزمەتێکی بجووک بە کەلتوورەکەمان بکەین .

بەڕێوەبەری فەرهانگەی شۆێنەواری مێرگەسوور:

کار لەسەر ئەوە دەکەین کۆنفرانسی زانستی شۆێنەواری شانەدەر بە هاوکاری زانکۆی کامبریجی بەریتانی و ژمارەیەک لە پسپۆڕانی زانکۆکانی جیهانی و کوردستان ئەنجام بدەین



سۆران ئەمیر

دیمانە : موسلیم دۆڵەمەڕی : بارزان

دەقەری بارزان کە خاوەنی دەیان شوێنەواری میژوویی گرنگە نمونە ئەشکەوتی شانەدەر کە شوێنەوارێکی جیهانی و لانکی مرۆڤایەتییە ،بەڵام تاکو ئێستا نەتوانراوە وەکو پێویست خزمەت بەم شوێنەوارانە بکرێت و بکرێن بە شوێنی گەشتیاری و میژوویی

بۆ ئەم مەبەستەش سۆران ئەمیر عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری فەرمانگەی شوێنەواری میرگەسوور بەمشێوەیە بۆ (خەبات) دووا گوتی: فەرمانگەی شوێنەواری میرگەسوور لە ساڵی 2016فەرمانی کردنەوەی ئەم فەرمانگەیە دەرچوو، وەکو زدروورە تێک بۆ ناوچەو قەزای میرگەسوور لە ڕووی شوێنەوارەوە دەوڵەمەندەو خاوەنی چەندین شوێنەوارو یەکەم شوناس و دەستپێکی مرۆڤایەتییە ، لە ماوەی دەستبەکاربوونمان وەکو فەرمانگەی شوێنەواری میرگەسوور توانیمان زیاتر پەرە بە شوێنە شوێنەوارییەکان بدەین، بتوانین چەندین شوێنی شوێنەواری لەم دەڤەرەدا تۆمار بکەین . بەهۆی ئەوەی لە کاتی قەیرانی دارایی دامەزراین کێشەی کەمی میلاک و شوێنەوارناسمان هەیە، بەهۆی بەرفراوانی سنووری قەزای میرگەسوور خاوەنی یەکەم شوێنەواری گەشتیارین لە هەرێمی کوردستان کە بتوانین لە ئایندە دا بکرێینە بەڕێوەبەرایەتی.

سەبارەت بە جۆراوجۆری شوێنەوارەکان گوتی: شوێنەوارەکانی ئەم دەڤەرە جۆراو جۆرن، ئەمەش بەڵگەو دیکۆمێنتی ئەوەمان دەخاتە بەردەست ئێرە لانکەی شارستانیەت و پێکەوە ژیان و دەستپێکی ژیانی مرۆڤایەتی بووە، نزیکەی 200مەوقع شوێنی شوێنەواریی لە قەزای میرگەسوور تۆمار کراون ، نمونە گەلەک هەن وەکو ئەشکەوتی شانەدەر وەکو یەکەم شوێنی دەستپێکی ژیانی مرۆڤایەتی و زاوەی چەمی وەکو کۆنترین گوندی کشتوکاڵی و زریۆک و قشڵی هۆستان و قشڵی مەزنی و مزگەوت و کەنیسەو کەنیشک لە بارزان و کانی خوی پیران چەندین ئەشکەوت و ناوچەی تر شوێنەواری لەم دەڤەرەدا هەنە . ئەم کۆمەڵە شوێنەوارانە میژووشناسی مرۆڤایەتی لەم دەڤەرە نیشاندەدات لە سەردەمی مرۆڤی نیاندەرتاڵ و پاشان ئەو پێکەوە ژیانەی کە لە بارزان هەبووە، بە درێژایی شارستانیەتی مرۆڤایەتی و ژیان لێرەوە درێژەی هەبووە تاکو ئێستا.

سەبارەت بە کار کردن لەسەر شوێنەوارەکان و ناساندنیان گوتی: ئەوەی کاری لە سەر کراوەو بەڕەسمی کاری تێدا ئەنجامدراوە ئەشکەوتی شانەدەرە وەکو یەکەم شوێنەواری میژوویی گەشتیاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسێندراوە، کە کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد بەریتانیا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریان لە سەرکردووە، دەتوانین بڵێین : ئەشکەوتی شانەدەر لە سەر ئاستی کوردستان هەموو ئەو شوێنەوارانەی کە لە کوردستاندا هەن یەکەم شوێنی شوێنەواریە کە زۆرترین گەشتیار و سەردانکەران ڕووی تێدەکەن ، هەروەها لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار کار لە سەر ئەوە دەکەین ئەشکەوتی شانەدەر داخلی لیستی شوێنەوارە میژوویەکانی جهانی یۆنسکۆ بکەین، پێشتریش زالف سولکی کە کاری لە ئەشکەوتی شانەدەر کرد بوو کاری لە زاوی چەمی کرد بوو وە چەندین شوێن تۆمار کراون سەردانیان کردووە بەڵام ماوە کاریان لەسەر بکەن و بتوانین ئەم شوێنانە لە کاتی قۆناغەدا لەگەڵ تیمی زانکۆی کامبریجی بەریتانی بتوانین لەم قۆناغەی یەکەمدا کار لەسەر دیزاینی موزەخانەی شانەدەر بکەین بۆ ئەشکەوتی شانەدەر وەکو دیزاینێکی مۆدێرن و سەردەمیانەی جیهانی سوود وەرگرتن لە شارەزایانی بواری دیزاین و موزەخانە لەگەڵ تیمی زانکۆی کامبریج لە جیهاندا . شانەدەر پێویستی بە دروستکردنی موزەخانەیەکی مۆدێرن هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو شارستانیەت و میژوو و کەلوپەلی شوێنەواری لەم موزەخانە بپارێزین و میژووی پێکەوە ژیانی ئەم دەڤەرە پیشانی هەموو هاوڵاتیانی گەلان بدەین کە ئێرە لانکەی شارستانیەت و پێکەوە ژیانەو ببێتە سەرچاوەیەک داهات بۆ زیاتر خزمەتکردنی ئەم ناوچەیەو هەروەها کار لەسەر ئەوە دەکەین کۆنفرانسی زانستی شوێنەواری شانەدەر ئەنجامبدەین بەپشتبەستن بە زانکۆی کامبریجی بەریتانی لەگەڵ پسپۆڕانی زانکۆیەکانی جیهانی و زانکۆیەکانی هەرێمی کوردستان لە شانەدەر.

لە کۆتاییدا گوتی:داوا لە هاوڵاتیان و گەشتیاران دەکەین هاوکارمان بن لە پاراستنی شوێنە شوێنەوارییەکان لە کاتی سەردانکردنیان دەستدرێژی نەکەنە سەر ئەم شوێنانە بە تایبەتی نووسینی ناو هەندێ هێما بە ناوی یادگاری لەسەر دیواری ئەم شوێنانە چونکە ئەم شوێنانە سامانی نیشتمانین ، پێویستە بیانپارێزین.

چەند ئامۆژگارییەک بۆ ئەوەی لە کارکردن لەبواری تەکنەلۆژیادا سەرکەوتوو بێت



ئەندازیار/ کێوان حسن

لە ئێستادا بواری تەکنەلۆژیا و کۆمپیوتەر بووەتە فراوانترین بوار لە جیهان بەتایبەتی لە بازاڕی کارکردن، چونکە لەم بازارە مەرج نییە خاوەن بڕوانامە بیت بۆ ئەوەی لەم بوارە کار بکەیت و خەڵکێکی زۆریش دەیانەوێت لەم بوارە سەرکەوتوو بن، لێرەشدا چەند ئامۆژگارییەک دەخەینە ڕوو بۆ ئەوەی لە بواری تەکەنەلۆژیا سەرکەوتوو بیت :

ئامانجەکەت دیاری بکە:

واتا بۆ چی دەتەوێت فێر ببی ؟ ئایا دەتەوێت دیزاینی وێنەکان بکەیت یا دەتەوێت ببیت بە پڕۆگرامساز یاخود گەشە پێدەری پێگەکان یان گەشەپێدەری پڕۆگرامەکان، دیاری کردنی ئامانج و پسپۆڕی وات لێدەکات داهێنان لە بوارەکەت بکەیت، بەڵام ئەمە نابێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی شارەزاییت لە پسپۆڕییەکانی دیکە هەبێت ئەگەر ئەو زانیاریانەی هەت بێت بچووکیش بێت چونکە دواتر سوودی بۆت دەبێت لە بوارەکانی دیزاین و پڕۆگرامسازی .

پسپۆڕی لە بوارێک :

ئەمە گرنگترین هەنگاوە بۆ دوارۆژت و ئەوەی فێری دەبیت و ئەو کارەی دەیکەیت و ئەو توانایەی سەرفی دەکەیت لەسەر ئەوە م وەستاوە ئایا دەتەوێت ببی بە (دیزاینەر یا پڕۆگرامساز)، بۆ ئەوەی ئەم خاڵە دیار بکەیت پێویستە لەسەرت هەردوو بوار تاقی بکەیتەوە، مەڵێ ئەمە کات بەفیڕۆدانە، چونکە بە فیڕۆدانی کات لەم بوارە باشترە لە بەفیڕۆدانی کات لە شتی دیکە، چونکە دەرفەتت پێدەدات لەوە تێبگەیت و بۆت ڕون دەبیتەوە کە ناتوانیت لەو بوارەدا داهێنان بکەیت، بەڵام بەلایەنی کەم کاتت دەبێت سەیری هەندێک ڤیدیۆ بکەیت و بەراورد بکەیت و بوارێک بۆ خۆت دیاری بکەی .

پلان دانان :

دوای دیاری کردنی بوارەکە، پێویستە لەسەرت پلان دابڕێژی بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیە و ئامانجیشت چییە لە دیاری کردنی ئەم بوارە، بەڵام پێویستە پلانەکەت پوختە بێت بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت و خەونەکەت بهێنیتە دی.

شارەزای بوارەکەی خۆت بە:

دوای پلان دانان بۆ پڕۆژەکەت، پێویستە لەسەرت شارەزایی لە بوارەکەی خۆت پەیدا بکە و بگەڕێیت بە دوای وانە و فێرکاری و زۆر بخوێنیتەوە و ئەوەی پەیوەندی داوە بەم بابەتە و هەرچەندە شارەزاییت زیاتر بێت ئەوا سەرکەوتوتر دەبی لە بوارەکەی خۆت.

دست بەکارکردن بکە:

دوای ئەوەی فێربووی، پێویستە دست بەجێبەجێکردن بکەیت، بەڵام ئامۆژگاریت دەکەین پڕۆژەکانت لەسەر کاغەز دابڕێژیت جا چ دیزاینێکی گرافیک بێت یا دیزاینی پێگەیەک بێت، ئەم هەنگاوە یارمەتیت دەدات بۆ داهێنان و زیارت سەرنج بخەیتە سەر بابەتەکە .

فێربوون لە هەڵەکان :

بەدڵنیاییەوە ڕووبەڕووی چەندین گرفت دەبیتەوە، بەڵام لەراستیدا هەڵەکان سوودی هەیە بۆ فێربوون، چونکە کاتێک هەڵەیەک دەکەیت و بەدوای چارەسەر دەگەڕێیت چەندین زانیاری دیکەت دست دەکەوێت کە پێشتر نەتدەزانی بەڵام سوودی بۆت دەبێت، هەروەها پێویستە سەرنج بخەیتە سەر فێربوون لە هەڵەی کەسانی دیکە .

پێکهێنانی تیم :

پێویستە لەسەرت ئەو بیرۆکانەی هەتە لەگەڵ هاوڕێیەکانت بەشداری پێبکەی،





پارێزگاری هەولێر پاڵەوانێتیی پێش کۆتایی شەترەنجی عێراق لە شاری هەولێر دەکاتەوە

فرسەت سۆفی: خۆشحاڵین یانەیەکی شاری هەولێر میوانداری پاڵەوانێتییەکی سەرتاسەری عێراق دەکات

خەبات: هاوار مورتکەیی

رۆژی پێنجشەممە 10تشرینی یەکەم پاڵەوانێتی کۆتایی بۆ دەستنیشانکردنی هەڵبژاردەی ئافرەتانی عێراق 2019و پێش کۆتایی عێراق پاڵەوانیتی کوران بۆ شەترەنج لەهۆڵی یانەی خانزاد لە شاری هەولێر کرایەوە.

لە کردنەوەی ئەو پاڵەوانێتییەدا کە هەریەک لە بەڕێزان فرسەت سۆفی پاریزگاری هەولێر و د. شاکر سمۆ بەڕێوەبەری گشتی وەرزش و لاوان و زافر عەبدولئەمیر سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی عێراق و د. دلزار حەمەسالح سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد و ئازاد سابیر سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی کوردستان و پشتیوان ئەحمەد سەرۆکی فەخری و جوتیار علی ئەندامی فەخری یانەی خانزاد و تاهیر سابیر بەڕێوەبەری وەرزشی هەولێر ئامادەبوون.

لەدەستپێکدا سەرۆکی انەی خانزاد وتەیەکی پێشکیش کردو تیایدا وێرای بەخێرهاتنی بەڕێزان پاریزگاری هەولێر و بەڕێوەبەری گشتی و سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی عێراق و میوانان کردو بەناوی ئەندامان و یاریزانانی یانەی شەترەنجی خانزاد خۆشحالی خۆی نیشاندا کە جاریکی تر یانەی خانزاد بووە سەکۆی گردبوونەوەی تەواوی شەترەنجزانانی عێراق و هیوای کاتێکی خۆشی بۆ میوانان خواست لە شاری هەولێر.



دواتر سەرۆکی یەکێتی شەترەجی عێراق وتەیەکی پێشکەشکردو سوپاسی هەموو ئەوانەی کرد کە ئاسانکاریان ڕەخساند بۆ میواندارى کردنی ئەم پاڵەوانێتییە و ڕایگەیاند کە خێزانی شەترەنجی عێراق و کوردستان بەختیان هەبوو کە پاڵەوانێتییەکە هاوکاتە لەگەڵ دەستبەکاربوونی پاریزگاری نوێی هەولێر.

لەوتەیەکیشدا فرسەت سۆفی پاریزگاری هەولێر ئاماژەی بە ڕولی دیاری یانەی خانزاد کرد کە وەک یانەیەکی تایبەتمەند بەشەترەنج لەشاری هەولێر نەوەک هەرخزمەتی بەتەنهای ئەو شارەی کردووە بەڵکو یانەیەک بووە خزمەتی بە تەواوی شەترەنجزانانی کوردستان کردووە، دەبینین ئەمڕۆش ئەو یانەیە خزمەتەکانی فراوانتر دەبێ و پاڵەوانێتییەکی سەرتاسەری عێراق لە ئامێز دەگرێت و ئەم هەنگاوەش ئێمە خۆشحاڵ دەکات، هەروەها گوتی: هەولێر هەمیشە دەرگای والآیە بۆ هەموان، هیوادارم هەمووان بەیەکەوە هاوکار بن لەسەر خستنی پاڵەوانێتییەکە.

دواتر لەلایەن ئامادەبووانەوە پیرۆزبایی لە هەردوو شەترەنجزان (ئاکار و کارین) کرا بەبۆنەی پێکهێنانی هاوسەرگیریی، ئینجا لەلایەن پاریزگاری هەولێرەوە یەکەم بەردی شەترنجی پاڵەوانێتییەکە جولێنرا.

راز زاهیر کچە یاریزانی تۆپی باڵەی پێشمەرکەی سلێمانی:

خوازیارم فێرگەیەکی تۆپی باڵە دابمەزرێت تا لەرێگەیەوە یاریزانی باش و لێهاتوو پێبگەیەندرێت

دیمانە: سەرهەنگ نەجمەدین

زۆر یاریزان هەرن لەهەردوو ڕەگەزی کوڕان وکچان دوورن لەچاوی میدیاکانی وەرزشی کوردستان، بەڵکو زۆربەیان لەلایەن خوێنەرانی وەرزشی کوردستان هەر نەناسراون ، بەتایبەتی زۆر لەکچە یاریزانەکانی کوردستان هەن خاوەن بەهرەیەکی یەکجار بەرز و بەتوانان لە یاریکردندا، بەڵام بەداخەوە ئەوان وەک یاریزانانی تۆپی پێ بەدەزگا ڕاگەیاندنەکان نەناسراون و هەمیشە لەزۆر ڕووەوە فەرامۆش کراون.

جابۆ ئەم مەبەستە لەنزیکەوە بەباشمانزانی کچە یاریزانی پێشمەرکەی سلێمانی بدوێنین و ئەو لەبارەی چۆنییەتی هاتنی بۆ نێو دونیای وەرزش بەمشێوەیە گوتی: بێگومان هەر لەمنداڵییەوە خولیایەکی زۆرم بۆ وەرزش کردن هەبوو بەتایبەتی لەقوتابخانەکان بەشداری زۆرترین چالاکی وەرزشیم دەکرد، بەتایبەتی لەرێگەی چەند هاورێیەکی نزیک لەخۆم ئەوان بوونە ڕێگەخۆشکەر کەڕوو لەدونیای وەرزش بکەم.

سەبارەت بەبەشداریکردنیان لەخولەکانی عێراق وکوردستاندا خاتوو راز بۆ ئەم مەبەستە گوتی: بێگومان بەشداریمان لەچەندین پاڵەوانیەتی عێراق وکوردستان کردووە و لەهەر هەمووان توانیوومانە ئەنجامی بەرز بەدەست بهێنن کەشایستەی ئاستی تیپەکەمان بێت، بەڵام ئەوەی نیگەرانی کردووین ماوەی ڕابردوو لەخولی تۆپی باڵەی عێراق کە یانەکەمان بەشداری تێدا کردبوو ، سیستەمی بەڕێوەچوونی خولەکە زۆر ناخۆش بوو، هەموو رۆژێک یاریبەکمان ئەنجام دەدا، ئەوەیان بۆ سەرجەم تیپەکەمان کارێکی قورس بوو، چونکە لەنێوان رۆژەکاندا هیچ پشووەک نەدرا بە یاریزان.

گوتیشی: وەرزش کردن زۆر شتی پێ بەخشیووم، لەوانە ناسینی چەندین هاورێی ئازیز لە نێو یانەکەمان بەگشتی و ڕاهێنەری تیپەکەمان بەتایبەتی کەئەو منی گەیاندە ئاستێک کەبتوانم درێژە بەیاری تۆپی باڵەی بدەم و هیچ کات دەستبەرداری ئەو یاریبە نەبم.

هەر لەبارەی پێشخستنی ئاستی یاری تۆپی باڵەی کچان خاتوو راز بەپەرۆشەوە دەڵێت: خوازیارم فێرگەیەکی تۆپی باڵەی لەسەر ئاستی بەچکەشێران ولاوان دابمەزرێت تا لەرێکەی ئەو فێرگەیەوە یاریزانی باش ولێهاتوو پێبگەیەندرێت و لەدوا ڕۆژدا ببنە بناغەیەکی پتەو بەهێز بۆ یانەکانی کوردستان.

دوا جار ئەو کچە وەرشوانە سەبارەت بەو کەسانەی کەبوونەتە هۆکاری سەرکەوتنی لەنێو بواری وەرزشدا ئەو بۆ ئەم پرسە گوتی: بێگومان سوپاسی هەموو هاوڕێیە ئازیزەکان و بەتایبەتی ڕاهێنەر کاک کارزان دەکەم کە ئەو منی گەیاندە ئاستێکی بەرز کەبتوانم لەنێو گۆڕەپانی یاریکردندا خۆم بدۆزمەوە، هەمیشە شانازی بەیاریزانی خۆم دەکەم و هەوڵیش دەدەم لەرێگەی مەشق وڕاهێنانەوە پەرە زیاتر بەئاست و توانای خۆم بدەم.

گۆڵی داهاتوو، ڕۆنالدۆ دەکاتە خاوەن 700گۆڵ



کریستیانۆ ڕۆنالدۆی پورتوگالی ڕابەرایەتی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی کرد لە بردنەوەیان بەسەر هەڵبژاردەی لۆکسمبۆرگ و ئەو ئەستێرەیەش یەکێک لە جوانترین گۆڵی تۆمار کرد.

کریستیانۆ لەم وەرزەدا هەم لەگەل هەڵبژاردەی پورتوگال و هەم لە یانەی یۆڤینتۆس 11 یاری کردووە و 10گۆڵی تۆمار کردووە، تەنها گۆڵێکی ماوە بۆ ئەوەی بگاتە 700مین گۆڵی لە ژیانی پیشەگەری خۆی، هەروەها 58گۆڵی ماوە تۆمار بکات بۆ ئەوەی ریکۆردی پیلێ بشکێنی و ببێتە گۆڵکارێکی میتۆوویی.

ڕۆنالدۆ بە قاچی ڕاستی 441 گۆڵی کردووە و بە قاچی چەپەشی 129گۆڵ و 127 گۆڵیش بە سەر تۆماری کردووە، لەگەڵ هەڵبژاردەی پورتوگالیش تا ئێستا 160یاری ئەنجامداوە و 94گۆڵی تۆمار کردووە

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 13. Oct. 2019 No: (5847)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر













ساسان عەونی، نووسەر و وەرگێڕ چوار کتێبی بڵاوکردەوە



شاهەوان برایم عەبدوڵڵا

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا و لە مەراسیمێکی تایبەت و لە پارکی شانەدەری شاری هەولێر، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ڕۆشنبیران و نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ساسان عەونی، نووسەر و وەرگێڕ، چوار کتێبی نووسین و وەرگێڕانی لەژێر ناوەکانی: چەند ڕەهەندێکی ڕێکخراوەیی، ناوەڕاستی ڕۆژهەڵات، مللانێ و هەژموون، ڕوانین، ئامانجەکانی مۆسکۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بڵاوکردنەوە. وێڕای پەخشکردنی دیکۆمێنتاریەک لەسەر ژیان و کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر، هاوکات لە مەراسیمەکەدا نووسەر و وەرگێڕ، ساسان عەونی ناساندنێکی خێرای بۆ کتێبەکانی کرد. دواتر هەر یەکە لە نووسەران و ڕۆشنبیران، مەهاباد قەرەداغی، دکتۆر سالار عوسمان، دکتۆر ئازار حەسۆ میرخان، لە گۆشەنیگای جیاوازەوە خوێندنەوەیان بۆ کتێبەکان کرد.

چەند ڕەهەندێکی ڕێکخراوەیی، سەرنج و ڕوانین

چەند ڕەهەندێکی ڕێکخراوەیی، سەرنج و ڕوانین، یەکێکە لە کتێبە تازە چاپکراوەکان، نووسەر لەم کتێبەیدا بە وردی تیشک دەخاتە سەر کاری حزبی و ڕێکخراوەیی، هەروەها بەڕێوەبردنی نوێبوونەوە و گۆڕانکاری میکانیزمەکانی بەردەوپێشچوونی ڕێکخراوەیی مۆدێرن، هەر لە دووتوێی کتێبەکەدا باس لە وەبەرهێنان لە گەنج دەکات و ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە گەشەسەندنی کۆمەڵگە، فەرامۆش نەکردووە، هاوکات باس لە سیستەمەکانی حزبایەتی، چەمکی هێزی نەرم، کە ئێستا ئەو چەمکی هێزی نەرمە، لە ئاستی جیهاندا بایەخی زۆری هەیە، بەجۆرێک ئەوەی لە شەڕدا بەدەستنایەت، دەکرێ لە ڕێگەی هێزی نەرمەوە واتە لەسەر مێزی گفتوگۆ و دیپلۆماسییەتەوە بەدەست بێنت.سوودەکانی کاری ڕێکخراوەیی بۆ لاوان، کارکردن بە تیم، گەشەپێدانی هەمیشەیی، پەیوەندییە گشتییەکان، خواستسازی کاری ڕێکخراوەیی، ئافرەت و پرسی یەکسانی و بەربەستەکانی، جەنگی دەروونی، ئەمانەش چند تەوەرێکی تری کتێبەکەن، کە بە وردی شیکردنەوەیان بۆ کراوە و کاریگەری و گرنگیان بۆ خوێنەر خراونەتەڕوو.

ناوەڕاستی ڕۆژهەڵات، ململانێ و هەژموون

ناوەڕاستی ڕۆژهەڵات، ململانێ و هەژموون، ساسان عەونی، لەم کتێبەیدا بە سەلیقەیەکی ورد و بابەتییانە قسە لەسەر کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژەی سیاسی دەکات، کە تایبەتن بە ململانێی هێزە گەورەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەم ناوچەیەدا کە زلهێزەکان و هێزە ئیقلیمییەکان، دەوڵەتە گەورەکان بەدوای بەرژەوەندی و هەژموون و شوێنپێی زیاتردا دەگەڕێن، ئەمەش بووەتە هۆی ناسەقامگیری ناوچەکە. نووسەر لە باسکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تیشک دەخاتە سەر ئابووری، ستراتیژی و هەڵوێستەی جیۆپۆلەتیکییەکان، هەروەها هێڵە ئاوییە گرنگەکان و سامانی سروشتی، بازرگانی، هەموو ئەوانەش لە ئەنجامدا خەڵکەکەی بەهۆیانەوە بوونەتە سووتەمەنی جەنگی بەرژەوەندیی زلهێزەکان و دەوڵەتەکان. هەر لەم کتێبەدا تیشک دەخاتە سەر ئایینەدی ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وبستی سەربەخۆیی ناگەڕێتەوە چوارگۆشەی یەکەم، داڕمانی چوارچێوەی جیۆسیاسیی ڕۆژهەڵاتیی ناوەڕاست، هەروەها باس لە براوە و دۆڕاوە نوێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕووبەڕووبونەوەی پشتیوی و مۆدێلی سیاسەتکردنی دۆنالد ترەمپ دەکات. هەر لەم کتێبەدا بە وردی قسە لەسەر کەسایەتیی سەرۆک بارزانی کراوە، وەک سەرۆکێک و یاریگەرێکی بەهێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە هەوڵەکانی بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیەکی دێرین و ڕەسەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ سەربەخۆیی دەنگدانەوەی جیهانی هەبووە.

ڕوانین

ڕوانین، ئەم کتێبەش، نووسەر تەرخانی کردووە بۆ هەڵبژاردەیەک لەو وتار و چاوپێکەوتنانەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە بۆنە و کۆنفرانس و کۆنگرەکان پێشکەشی کردوون، هەروەها لەگەڵ چەند ڕۆژنامەیەکیش ئەنجامدراون، بۆ قسەکردن لەسەر کاری ڕێکخراوەیی و پرسە سیاسییەکان. نووسەر لە پێشەکی (ڕوانین)دا ئاماژەی بەوە کردووە، بەهۆی پێگەی کارکردنی لە دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشی زۆری بابەتەکانی تایبەت کردووە بۆ کاری ڕێکخراوەیی و هەندێ پرس و پێشهاتی سیاسی ئەوکات، کە لە چاوپێکەوتنەکانیدا بۆچوونی خۆی لەبارەیانەوە خستووەتەڕوو، وەکخۆی دەڵێ: بڕوام وایە بەشێکی ڕاوبۆچوونەکان بە تێپەڕینی ڕۆژگار جێبەجێبوونە یان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و پرسی نوێتر باون، بەڵام بەشێکیش لە بۆچوونەکان بۆ ئێستاش نوێن یان هەر بە نوێیی دەمێننەوە. نووسەر لە بەشێکی ئەم کتێبەیدا لەبارەی ڕێکخراو یان کاری ڕێکخراوەیی دەڵێت: ڕێکخراوی وریا دەزانێت کە ژیان تەنیا لەناو سەروەرییەکانی مێژوو، دابڕان لەگەڵ ئێستا دروست دەکات، ڕێکخراوی زیندووش هەردەم مێژووەکەی دەکاتە کەرەستەی بەرهەمێنانەوەی ئێستای بە مینۆد و شێوازی سەردەمیانە.

ئامانجەکانی مۆسکۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

ئامانجەکانی مۆسکۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە نووسینی (دمیتری ترینین)ە، دمیتری لە ساڵی 1955لە مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا لەدایکبووە و سەرۆکی ناوەندی کارنیگی بۆ لێکۆڵینەوەیە و خاوەنی چەندان لێکۆڵینەوە و کتێبی چاپکراویشە، بۆچوونەکانی کاریگەریان هەیە و لە ناوەندە سیاسییەکاندا بایەخ بە قسەکانی دەدرێت. ساسان عەونی، بە زمانێکی کوردەواریانەی پاراو و بێ گرێ، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کتێبەکە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە لەژێر تایتڵەکانی (مێژوو، جەنگ، دیپلۆماسییەت، بازرگانی)، نووسەری کتێبەکە بە وریاییەکی زۆرەوە قسە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی ئامانجە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی مۆسکۆ لەو ناوچە گەرمەی شەڕ و ئاڵۆزییەکان دەکات. وەرگێڕانی ئەم کتێبەش لەکاتێکدایە لە دوای ئاڵۆزییەکانی سووریا و سەرهەڵدانی داعش، مۆسکۆ وەک یاریکەرێکی بەهێز هاتووەتەوە ناوچەکە، واتە بەهێزتر خۆی ئەبدێتکردووەتەوە، بە جۆرێک چاوی بڕیوەتە ناوچەکە کە لەگەڵ ئەمەریکادا ڕووبەڕووی پێکدادانی سیاسیی کردووەتەوە.